# کچ، خەمە گەورەکەی خێزان

پێشەوا شێخ ڕەئوف

کۆمەڵە وتار

٢٠١٢

ناوی کتێب: کچ، خەمە گەورەکەی خێزان
بابەت: کۆمەڵە وتار
نووسەر: پێشەوا شێخ ڕەئوف
دیزاینی ناوەوە: ئارام شوانی
دیزاینی بەرگ: شێرکۆ خانزادی
ساڵی چاپ: ٢٠١٢
چاپ: چاپی یەکەم، چاپخانەی (   )
تیراژ:  ٥٠٠

"هەمیشە(مێ) بوون یان کچ بوون نیشانەی پرسیاری لەبەرامبەردا دانراوەو بەردەوام بەوریاییەوە تەماشاکراوە وەك ئەوەی "کچبوون"یاخود ئەو مرۆڤانەی کە کچن خاوەن‌و هەڵگری ئەمانەتێکی زۆر گەورەی خێزان‌و بنەماڵەبن‌و هەمیشە ترسێك لەبەرامبەریاندا هەیە لەهەمبەر ئەوەی نەبادا ئەو کچە نەتوانێت پارێزەرو هەڵگری راستەقینەی ئەو ئەمانەتە پیرۆز و گەورەیە بێت"

"نوسەر"

## ژن

چیت مەرام بێ، دەچێتە سەر:
تۆ دەتوانیت، بەنیگایەك،
سەوزەلآنێك بەرووتەن كەی.
لەدەستت دێ، بەهێمایەك،
بەردەلآنێك بە چیمەن كەی.

***

لەبیابانا، هاژەی چەم و
لەنەهاتا، هەڵمی نان و
لەغوربەتا داڵدەو پەنای
كلیلداری بەهەشتی تۆ.
تۆ نەك نیوە، هەموو دنیای!

– ئەم دوو كۆپلە شیعرە لە شیعری (ژن)ی شاعیری گەورە "عەبدوڵا پەشێو" وەرگیراوە.

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

- دایکم .
- شادیە، خوشکی تاقانەم.
- جوان، هاوسەری ژیانم.
- سەرجەم کچان و ژنانی ستەمدیدەی کۆمەڵگەی کوردی.

# وتەیەك

پرسی ژن و قسەکردن و نوسین لەبواری پرسەکانی ژنانداو خستنەرووی داخوازی و مافەکانیانو دروستبوونی چەندین ڕێکخراوو ناوەندو سەنتەری تایبەت بەژنان و داکۆکیکردن لێیان، ڕەنگە لەئاستی دونیادا مێژوویەکی دوورو درێژی هەبێت و خۆی بدات لەچەند سەد ساڵێك. بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا قسەکردن لەبارەی پرسی ژنانەوە بەدەر لەچەند هەوڵێکی کەمی تاکە کەسی پێشتر، مێژوویەکی هێندە دووری نیەو ڕەنگە لەچەند دەیەیەك تێنەپەڕێت.

لەئێستاداو لەم ساڵانەی دواییدا قسەگەلێکی زۆر لەبارەی ژنان و مافەکانیانەوە دەکرێت، چ لەئاستی تاك، چ لەئاستی گروپ و کاری پێکەوەیی هەوڵێکی ڕاستەقینەو دڵسۆزانە هەیە بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی جیاوازییە ڕەگەزییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەم ژمارە وتارەی بەندەش کە مێژووی نوسینیان دەگەڕێتەوە بۆماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١١ کە لەلاپەڕەی "ژنان"ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێو ڕۆژنامەی بەدرخان و ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ناوبەناو بڵاوکراونەتەوە. ڕەنگە بچنە خانەی ئەو هەوڵانەوە بۆ دەستنیشانکردن و پەنجەخستنە سەر برینەکان و خستنەرووی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزانی کۆمەڵگەی کوردی. لەراستیشدا هەر لەسەرەتاوە ئامانج لەنوسین و بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەدا تەنها ئەو ئامانجە ڕاست و دروست و



خەمخۆرانەیە بووە. بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی بۆچون و سەرنج و ئاراستەی وتارەکان، بیروراو بابەتگەلێکن دەکرێت ئێستاو لەداهاتووشدا بوروژێنرێن و قسەیان لەبارەوە بکرێت. ئەویش وەك پێشتر ئاماژەمپێکرد ئامانج لێی تەنهاو تەنها کەمکردنەوەی ئەو ئازارو خەم و مەینەتییانەیە کە لەدەرئەنجامی جیاوازیکردنی ڕەگەزی لەکۆمەڵگەدا دروستبوون.

هەر لێرەدا بەپێویستی دەزانم باس لەوەشبکەم، لەکاتی ئامادەکاری بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبەی بەردیدەتان، وام بەباشزانی پێشەکی کتێبەکە کەسێك بینوسێت کەجێدەستێکی دیارو بەرچاوی لەخەباتی بزوتنەوەی فیمینیزمیدا هەیەو هەمیشە بەکارو بیروراکانی لەهەوڵدابووە بۆ بەدیهێنانی مافەرەواکانی ژنان و مێیینەکانی کۆمەڵگەی کوردی و فراوانکردنی پانتایی ئازادی و مافی وەك یەکی. ئەو خانمەش خاتوو "کنێر عەبدوڵا" یە. لەراستیدا کاتێك پێشنیازی نوسینی پێشەکی کتێبەکەم خستەبەردەستی، جگە لەتێبینی و سەرنجی سوودمەندانە، بەروحێکی فراوان و لەخۆبردووییەوە ڕەزامەندی و ئامادەیی خۆیانی پیشاندا. هەڵبەت دەمەوێت ئەوە ڕونبکەمەوە، نوسینی پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن، خاتوو کنێر عەبدوڵا-وە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، بەڕێزی یەکێکە لە ژنە ماندووەکانی بوارەکەو ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی ژنان تەرخانکردووە، هەروەها خاوەنی قەڵەمێکی ژنانەی بەبرشت و ڕاستگۆو بەتوانایە لەمەیدانی داکۆکیکردن لەماف و خواستەکانی ژنان. بۆیە ئەرك و ماندوبون و بەخشینی کاتی خۆی و تەماشاکردنی کتێبەکە، مایەی سوپاس و پێزانینەو جێگەی ستایشکردنە.

هـەروەها دەمـەوێت سوپاسـی هەریـەك لـە خـاتوو "مـونیرە مـەخمووری" لەرۆژنامەی كوردستانی نوێ بكەم كەهەمیشـە هاوكـارو پاڵپشـت بـووە بـۆ ئەوەی بتوانم وتارەكانم لـەو رۆژنامەیـەدا بـلاو بكەمـەوەو بیروبۆچـونەكانم بەخوێنەری كوردی بگەیـەنم. هـەروەك سوپاسـی زۆرم بـۆ خـاتوو "كـەژاڵ هــەورامی" كــە لەبەچــاپگەیاندنی كتێبەكــەدا رۆڵــی ســەرەكی هــەبوو و ماندوونەناسانە هاوكارێكی باش و سودمەندبوو بۆمن.

بەهیوای ئەوەی بتوانین بەهەموو لایەك خزمەتێكی بچـوك بـەژنان و مێینـە ستەملێكراوەكانی كۆمەڵگەكەمان بكەینو مەودای جیاوازییە رەگەزییـەكان كەمو كەمتر بكەینەوە.

پێشەوا شێخ رەئووف

٢٠١٢/٦/٢١

چەمچەماڵ

## پێشەکی

مێژووی مرۆڤایەتی لەسەرتاسەری جیهاندا ئەوەی سەلماندووە کە لاسەنگی هێز بەلای هەر مرۆڤێك لەمرۆڤەکاندا هاتبێت، دەسەلاّت لای هەر یەکێك لەمرۆڤەکاندا بووبێت، دەرئەنجام جیاوازی وجیاکاری لێکەوتۆتەوە بەوەش شێوازە جۆربەجۆرەکانی توندوتیژی بە هەمووجۆرەکانییەوە بەرامبەر ئەویدی سەریهەڵداوە. زۆرجار ووتراوە ئەوە تەنها ژنان نییە روبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵکوخودی پیاوانیش توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت. ئەوە راستە، بەلاّم باسکردن و وروژاندنی جیاکارییەکانی ژنان جودا لە لەرەگەزەکەی دی پەیوەندیدارە بەوەی ژنان بەهۆی ژنبونیانەوە هەمیشە وەك رەگەزی دوو یان پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە نەك وەك مرۆڤێك سەیرکرا بن، بۆیە ئەوە بەومانایە نایەت کە پیاوانیش وەك مرۆڤ دووچاری توندوتیژی نەبوبێتنەوە یان جێی باسکردن نەبێت. بێگومان بوونی ئەوجیاوازی وجیاکارییانە لەکۆمەڵێکەوە بۆئەویدی جیاوازی بەخۆوەبینیوە. لەکۆمەڵێکدا کە دامودەزگاکان بە دامەزراوەیی نەکرا بن، یاساکان سەروەر نەبن، دەسەلاّتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن ودەسەلاّتدانان سەربەخۆیانە کاری خۆیان نەکەن، نەوەکان بە کلتوری دادپەروەرانە، بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی پەروەردە نەکرا بن و دەسەلاّتی حوکمڕانی بە ئەقڵیەتی دیموکراسییانە سەرکردایەتی نەکەن. دەرئەنجام نەك تەنها خودی ژنان بەدەست ناهەقی وجیاوازییەکانەوە دەناڵێنن ونەك تەنها پیاوانیش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشکی زۆری نامافییەکانیان بەردەکەوێت، بەڵکو کۆی چەمکی هاولاّتیبوون و مرۆڤبوون و دیموکراسییەت دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە تەنها لەژێر سایەی سستمێکی حوکمڕانی دیموکراسیدا دەتوانرێت ئەو واقعە بەرجەستە بێت، بەوەش مرۆڤەکان وەك یەك تەماشا دەکرێن و هەروەها پێوەرە تەندروست و بنەما مرۆییەکان دەبێتە سەنگی مەحەکی پالاّوتن و هاتنە مەیدانی کارکردنەوە. ئیدی توانا، لێهاتوویی، شارەزایی، زانین و پسپۆرێتی دەچێتە ململانێوە بۆ کاندیدکردن و هاتنە پێشەوەی مرۆڤەکان، ئیدی مرۆڤێك ناچەوسێنرێتەوە لەبەر ئەوەی رەگەزی ژنە یان پیاو. بەبڕوای من مرۆڤ رەگەزی ژن بێت یان پیاو وا پێویست دەکات هەریەکەیان شانازی بە رەگەزی خۆیانەوە بکەن، بەلاّم بەر لەوە راستتر وایە شانازی بە مرۆڤبوونی خۆیانەوە بکەن و لایان ئاشکرا بێت کە هەر مرۆڤێك گەر لەسەر بنەمای مرۆڤبوون مامەڵە لەگەڵ ئەویدیدا بکات و رێز لەجیاوازییەکانی یەکتری بگرن، بەدوور لەوەی رەش پێستە یان سپی پێست، ئیماندارە یان بێ ئیمان ، کوردە یان عەرەب یاخود هەر نەتەوەیەکی دی ........ هتد ئەوکات پەیوەندییە مرۆییەکان و کۆمەڵگە

ئاڕاستەیەکی دی بەخۆوە دەبینێ، دەروازەیەك نامێنێتەوە بۆچەپاندن و ئیدی جوانی و بوونی هەموو مرۆڤەکان پێکەوە دەبنە تەواوکەری یەکتر بۆ هێنانەکایەوەی ئەنجامی کاریگەرتر و کاری باشتر و بەرهەمی فراوانتر و گشتگیرتر. بەوشێوەیەش خۆشەویستی دەبێتە پایەیەکی تۆکمەی پەیوەندییەکان و دەتوانرێت بە رێژە و ئەندازەیەکی زیاتر دادپەروەری لەنێومرۆڤ و کۆمەڵدا بەرجەستە بکرێت. بۆیە ئومێدەوارم هەموو پێکەوە هەوڵ و کۆششمان یەکبخەین لەپێناو هاتنەکایەوەی ئەو واقع و زەمینەیەی کەتیایدا رەگەزەکان وەك مرۆڤ تەماشای یەکتری بکەن و وەك مرۆڤیش مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن و چیتر دەروازەیەك نەمێنێتەوە بۆ پارچە پارچە بوونی دووجیهانی جیاواز چونکە، دەرئەنجام هەردوو جیهانەکە پێکەوە دەتوانن دونیایەکی جوانترو تایبەتمەندتر و خۆشتر دروست بکەن و پێکەوە دەبنە تەواوکەر بۆ هێنانەدی ژینگەیەکی مرۆڤدۆست و پڕبەهای مرۆڤایەتی.

ماوەتەوە دەستخۆشی و هیوای پڕۆژە و خەونی جیاوازتر و باشتر بۆ بەرێز ( پێشەوا شێخ رەئوف ) بخوازم .

کنێر عەبدولا

٢٠١٢/٧/١

# ژن و وەفا، دووانەیەكی لەیەك دانەبڕاو

وەفا یەكێكە لەو سیفەتە باش و بەنرخانەی كە بەبوونی مرۆڤ دەبێتە خاوەنی یەكێك لە سیفەتە جوانەكان و گەورەیی و شكۆمەندیش دەبەخشێتە خاوەنەكەی، لە كوردەواریشدا زۆر پەندو وتە وتراوە لەسەر وەفاو ئەو كەسەی خاوەنی وەفا بووبێت هەمیشە بەچاوی رێزەوە سەیركراوە.

دیارە (وەفا)ش بەشێوەیەكی گشتی لە هەردوو ڕەگەزەكەی مرۆڤدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە بوونی وەفایە لەو ڕەگەزەی كە پشكی شێری بەركەوتووە لە بوونی ئەم سیفەتە جوانەدا ئەویش ڕەگەزی مێینەیە.

لەڕاستیدا ژنان خاوەنی وەفایەكی بێ ئەندازەو زۆرن لە چاو ڕەگەزی بەرامبەریاندا و هەمیشە بەكارو ژیانیانەوە دیارەو لە پلەی پێشەوەی ئەم سیفەتە جوانەدان، بەمەش هێندەی تر دنیا جوان و قەشەنگەكەی خۆیان پێ ڕازاندۆتەوە.

ئەگەر بەوردی تێبینی ئەوە بكەین كە ئایا ژنان بەوەفاترن لەپیاوان یان بەپێچەوانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەشمان كاتێك دەستدەكەوێت ئەگەر بێین بەوردی سەرنجی ژیانی ئەم دوو بونەوەرە (ژن ، پیاو) بدەین و بەژیرانە و دوور لە هەستی غروری پیاوێتی و دەسەڵات و خۆبەگەورەزانی و خود پەسەندی باری ژیانی ژنان هەڵبسەنگێنن بەو مەبەستەی بگەینە



ئەنجامێكی ڕاست و دروست، ئەگەر وامان كرد، ئەوا بێگومان دەگەینە ئەو ئەنجام و بڕوایەی لە بوونی سیفەتی (وەفا) دا ژنان هەمیشە لەپێشەوەن. بێگومان ئەگەر ڕاستی وەلاوە نەنێین و گوێیەكانمان كورد وەتەنی نەبێتە (كەڕەی شەربەت)و چاوەكانمان ڕاست بین بن و زمانیشمان لە ئاست ئەم ڕاستیەدا نەبێتە (تەڵەی تەقیو) لە كاتی دەركەوتنی ڕاستیەكاندا بوێرانەو ڕاستگۆیانە دانی پێدابنێین، ئەوا لە ئەنجامی تێبینی كردن لەسەر ژیانی ئاسایی ژنان دەیەها نمونەمان بەرچاو دەكەوێت و زۆر جار لێرەو لەوێ لەزاری ئەم و ئەوەوە دەیبیستین كە باسی چەندەها چیرۆك و بەسەرهات دەكرێت كەژنان تێیدا پاڵەوان بوونەو ئەویش بەهۆی بوونی سیفەتی (وەفا)وە بووە، ڕەنگە زۆرێكمان ئەو چیرۆكە ڕاستقینەیەمان بیستبێت كەچۆن چۆنی كچان خۆیان كردوە بەقوربانیی خۆشەویستەكانیان و سەرئەنجام لە پێناویانداو ئەو بەڵێنەی كە پێیان داون سەری خۆیان بەخت كردووە و بۆ چركەیەكیش ئامادەنەبوونە لە بەڵێنەكانیان پەشیماببنەوە، نمونەی لەو شێوەیەمان یەكجار زۆرن، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەیی كەپشكی شێر لە(بەوەفایی) بەر ژنان كەوتووەو مافی خۆشیانە شانازی بەوەها سیفەتێكی جوان و بەرزەوە بكەن.

من پێموایە ژنان خاوەنی وەفای ڕاستقینەن، كام پیاومان بینیوە لەكاتی مەرگی هاوسەرەكەیدا كۆتایی بەژیانی خۆی هێنابێت؟ (هەرچەندە من لەگەڵ خۆكوشتنی هیچ كەسێكدا نیم جا بەهەر بیانویەك بێت) بەڵام زۆرمان بینیوەو بیستوە لەكاتی مردنی ژنێكدا هەر لە پرسەكەیدا مێردەكەی چاوی گێراوە تاوەكو ژنێكی تر بدۆزێتەوەو بیخوازێت یان

خەڵکی ڕاسپاردووە ژنێکی بۆ پەیدا بکەن، بەڵام هەموومان ئاگادارین و ئەو ڕاستیەش دەزانین کە چەندین تازە بووك و کچی دەزگیراندار هەبوون کاتێك مێرد و دەزگیرانەکانیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن یاخود شەهیدبوون، ئەوا زۆرێك لەو تازە بووك و دەزگیراندارانە ئامادەنەبوون لەدوای مەرگی خۆشەویستەکانیان مێردێکی تر و ژیانێکی تر هەڵبژێرن، تاهەنووکەش بەتەنیایی و لەگەڵ یادەوەریەکانی خۆشەویستەکانیاندا دەژین، بەڵام زۆر پیاومان بینی لە دوای ئەنفالکردنی ژن و منداڵەکانیان دووبارە دەستیان کردەوە بەدروستکردنی ژیانێکی نوێ و لەگەڵ ژنێکی تردا، مەگەر لەساڵیادو هەندێ بۆنەی تایبەتدا یادگاریەکانی ژن و منداڵی پێشوویان بێتەوە یاد، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەواهی ئەو ڕاسیەن کە ژنان و ڕەگەزی مێ خاوەنی وەفای زیاترن و هیچ کەسیش ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات. لەکۆتاییشدا دەڵێم (وەفا) لەلای ژنان یەکێکە لەسیفەتە هەرە بەرزو پیرۆزەکان و ئامادەن لەپێناوی نەشکاندن و بەرزڕاگرتنیاندا گیانی خۆیان بکەنە قوربانی، ژنان هەقی خۆیانە شانازی بەو سیفەتە جوانەوە بکەن.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٣٨٦)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٣٠ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبووەتەوە.**



# ئەو ژنانەی پشت و پەنامان بوون

لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆربەمان قسە دەکەین و دەنووسین لەسەر بابەتێکی تایبەت، بەڵام کەسمان لەگەڵ ناوەڕۆك و ماهیەتی قسەو نووسینەکانماندا یەکناگرینەوە تەنها بۆ ئەوە قسە دەکەین و دەنووسین کەناسراو بین و خەڵکی بەکەسێکی لیبراڵ و خاوەن بیرو بۆچونێکی مۆدیرن و کراوە لە قڵەممان بدەن یان لەڕێگەی نووسینەکانمانەوە وادەربکەوین و خۆمان بەخەڵکی بناسێنین کە نووسەرێکی مۆدێرنخوازین و دژی هەموو داب و نەریتێکی کۆن و ناعەدالەتی و هەموو جۆرە توندوتیژییەکین ، زۆرێکیش لەو کەسانەی لەوەها بوارێکدا گەمەی خۆیان دەکەن و خوێنەران و گوێگرانیان چەواشەدەکەن ئەو کەسانەن کە خاوەنی لێپرسراوێتییەکی بەرزن و ڕۆژێك لە ڕۆژان لە پێناوی ڕزگاری و ئازادیدا خەباتیان کردووە، یاخود کەسانێکی نووسەرو ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامیەکی بەرزن لە بوارێك لە بوارەکانی ڕۆشنبیریدا ئەسپی خۆیان تاو دەدەن، بەڵام هەموو وتەو دەربڕینەکانیان تەنیا قسەی سەر زار و مەرەکەبی سەر کاغەزە، چونکە کاتێك دێینە سەر بواری پراکتیکی و ئەرزی واقیع نەك کەسانێکی مۆدێرن و ئازادیخواز نین، بەڵکو بەهەمان شێوەی باوك و باپرانمان بیر دەکەینەوەو زۆرجاریش دەبینە دڕندەو غەزەبێکی خوایی بۆ گیانی کەسە نزیکەکانمان، بەبێ ئەوەی ئەو پیاوانە بیر لەوە بکەنەوە کەڕۆژێ لە ڕۆژان تەنیا هاوسەرەکانیان هاوژیان و هاوخەم و هاودەرد و ئێش و ئازاریان

بوونە و بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆیان بەخشیوە پێیان لە پێناوی ئەوەی سەرکەوتوو سەر فرازبن لەکارەکانیاندا، هەر ئەو ژنانەش بوون تەمەنی گەنجی و خۆشی و تەندروستی و وزەو توانای خۆیان بەخشیە مێردەکانیان و مانگی هەنگوینیان لەپێناو مێردەکانیاندا لە شاخ و داخە سڕەکاندا بەسەر برد و لە پێناوی خەبات و شۆرش و بیرو باوەڕی مێردەکانیان خۆیان کرد بەقوربانی و لەهەموو مافێکی خۆیان خۆش بوون و پێشکەشی مێردەکانیان کردن بەو هیوایەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەن بە ژیانێکی کامەران و دوور لە دەربەدەری و ترس و ئێش و ئازار، بەڵام ئەفسوس ئەمڕۆکە ئەوەی بۆچونی وەرنەگرێت و لە زیهن و بیری ئەو پیاوانەدا نەبێت ئەو هاوسەرە بە ئەمەك و گیان فیدایانەن ئەم ڕۆژەی ئەوان خەونی باق و بریقیان پێوە دەبینی و چاوەڕێیبوون پاداشتی پێ وەربگرنەوە و ڕەورەوەی ژیانی کامەرانی و شادیان لێرەوە دەست پێ بکات و پێکەوە لەگەڵ هاوسەرە ئازار چەشتوەکانیان ژیان بەڕێبکەن، بەڵام ئەو ڕۆژەی چاوەڕوانی بوون هات و بووە ڕۆژانی پێشێلکردنی مافەکانیان و چەشتنی ئازاری دەروونی و دەردو نەهامەتی، ئەو ڕۆژانەبوون کە تێیدا مێردەکانیان بێ وەفا و بێ بەڵێن دەرچوون، لەبری پاداشت بۆ ئەو ڕۆژانە بەکولەمەرگی ژیاون لەگەڵیاندا، کەچی بوون بەبێوەژن و ژنە گەورە و کۆنەی مێردەکانیان و بەری ڕەنج و خەبات و ماندوبوونیشیان ئێستا هی ژنێکی گەنجە کە پێی دەڵێن ژنی تازە یان ژنە بچووکەکەی مێرد و لە کۆشکێکی بەنرخ و بەهادا ژیانێکی کامەران و ئاسوودەی تێدا بەسەر دەبەن و سەیران و خۆشگوزەرانی و ڕێز ئێستا بۆ



ئەو ژنە گەنج و منداڵکارانەیە کە چرکە ساتێك دەربەدەری و نەهامەتیان نەبینیوە، کەچی ئێستا ئەوان دەم راستن و خاوەنی ماڵن، ئاخر ئەمەیە وەفا و بەڵێن و پاداشتی ئەو جۆرە پیاوانە ڕەنگە ئێستا پێیان شوورەی و شەرمەزاری بێت بە ژنی پێشویان بڵێن هاوسەر بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژگارێکی سەختی ژیانیان لەگەڵ ئەو شێرە ژنانەدا بە سەر بردووەو پلەو پایە و بڕوانامەی سەروەری و مێژووە پڕ لە شکۆکانیان بەشێکی زۆری بەری ئەو ژنانە دەکەوێت، چونکە لەو ڕۆژانەی جگە لە شاخ و داخە چڕ و ساردەکان بوو تەنیا هاوسەرەکانیان پشت و پەنایان بوون و هانیان دەدان لەسەر خەبات و بیرو باوەڕو کارەکانیاندا، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی خەباتی هاوسەرەکانیانەوە چەندین جار دووچاری گرتن و ئێش و ئازار و ئەشکەنجەدان بوونەتەوە، چونکە لە پێش مێردەکانیانەوە قوربانی یەکەم بوون، بۆیە هەق وایە ئەو شێرە ژنانە پەیکەری زێڕیان بۆ دروست بکرێت و میدالی زیویی بەبەرۆکیاندا بکرێت و پێڵاویان بخەینە سەر چاوانمان و لە سەرووی خۆمانەوە دایانبنێین و جێگای ڕێزو سوپاسمان بن و وتەو ئامۆژگاری و بۆ چونەکانیان بەهەند وەربگرین و هەمیشە ڕێنمایکارو ڕاوێژکارمان بن، ئەمەش تەنیا وەکو پاداشتێکی بچوك بۆ ئەو قوربانیەی لە پێناوی ئێمەدا داویانە.

**. ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٤٢١)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٣ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# لێم ببورە خوشکە تاقانەکەم

زۆر دەمێکە ئەوە بەبیرمدا هاتووە و شەن و کەوی ئەوە دەکەم چ هەستێکە یان پاڵنەر و هۆکارێکە ئەو ڕۆژانەی خوشکەکانمان شوو دەکەن و دەگوازرێنەوە بۆ ماڵی مێردەکانیان ئێمەی پیاوان دەبێت لەماڵ نەبین و ماڵ چۆڵ بکەین؟

ئەو ڕۆژانە زۆر بێباکانە و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك ئەوەمان ئاڕاستە بکات دەبێت ئێمەی پیاوان ماڵ چۆڵ بکەین و تەنیا دایکمان لەگەڵ خزم و کەسوکارو چەند پیرێژنێکدا بەجێبهێڵین. سەیر لە وەدایە نەك تەنیا من و براکانم و خزم و هاوڕێکانم لەو ڕۆژەدا ماڵ چۆڵ دەکەین، بەڵکو ئەوەندەی من سەرنجم دابێت و تێبینیم کردبێت هەموو یاخود باشتروایە بڵێم زۆربەی هەرە زۆری پیاوان و نێرینەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە ئەم خووەی هەیەو پێیان شوورەیی و نەنگیە لەو ڕۆژەی خوشکەکانیان شوو دەکەن لە ماڵ بن و خوا حافیزیان لێبکەن یان بەشداربن لە ئاهەنگی گواستنەوەیاندا، خۆی لە خۆیدا ئەم کلتوورە نامۆیە بەکەم تەماشاکردن و بچووککردنەوەی ڕەگەزی مێینەیە لە بەرامبەر گەورەکردن و قودسیەتدان و پیرۆز تەماشاکردنی ڕەگەزی نێردا، نازانم بۆ لەکاتی گواستنەوەی خوشك و کچەکانماندا دەبێت ئەندامانی نێرینەی ئەم ماڵە دەربچن و بەمانەوەیان لەماڵ توشی عەیبە و نەنگی و سەرزەنشت دەبن، وەکو ئەوەی خوشك یان ئەندامێك نەبووبێت لەو خێزانە وەکو (باوك و برا)کان



لەو ماڵەدا نەژیابێت و ڕۆژگارێکیان لە گەڵیاندا بەسەر نەبردبێت، ئایا هەر ئەو کچ و خوشکانەمان نەبوون ڕۆژ تا ئێوارە خزمەتیان دەکردین ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو لە بەڕێوەبردن و خزمەتی ماڵدا، یان مەگەر زۆرێکمان لەو بڕوایەدا نین کە ژن و پیاو یەکسانن لەمافدا، ترسناکیەکە لەوە دایە ئەو نێرینانەی (باوك و برا) خاوەنی بڕوانامەی بەرزن و ئاستێکی باشیان بڕیوە و ڕەنگە کەسانێکی بەرچاو و دیاری بواری ڕۆشنبیری و زانستیش بن، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە خۆیان دەرباز بکەن لەو کۆت و پێوەند و زنجیرەی لەلایەن کۆمەڵگەوە کراوەتە دەست و پێمان و بەهەڵەیەکی گەورەیدا بردوین.

ئێمە وا ڕاهاتووین بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی براکانمان بەوپەڕی گڕو تین و وزەوە کاری بۆ دەکەین و دەکەوینە (هەلەکە سەما)و تەنانەت ئەگەر توانامان هەبێت ڕەنگە بەپارەو زۆر شتی تریش هاوکارییان بکەین و (تاخوا حەز کات) لە ئاهەنگەکەیدا هەڵپەڕین و لەبەر خاتری براکەمان سارد و گەرم جیانەکەینەوە و چی پێویست بوو بە هەموومان بۆی ئەنجام بدەین، بەڵام کاتێك خوشکێکمان شوو دەکات زۆرمان پێ عەیب و شوورەییە هاوکاری بکەین و تەنانەت پێمانوایە ئابڕومان دەچێت ئەگەر لای خەڵکی بڵێین ئەمڕۆ خوشکەکەمان شوو دەکات، دڵنیاشم لەوەی هیچ عەیبەو نەنگیەك لەشووکردندا نیەو هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەتەواوی کلتورە جیاوازەکانەوە لەسەر جۆرێك پرۆسەی هاوسەرگیری کۆکن و ڕێگایەکی شەرعی و ئسوڵییە و لای هەمووان پەسەندە، باشە بۆچی

بەشداریکردنمان لەئاهەنگی شووکردنی خوشکەکانمان پێ شوورەیی و عەیبە بێت؟

ئاخۆ ئەم کلتوورە سەیر و شەرمنانەیە کلتوورێکی ڕەسەنی کوردەوارییە یان وەرگیراو و هێنراوە بەزۆر دراوە بە سەرماندا؟ ئایا ئەم کاتوورە لە خزمەتی مرۆڤایەتی و مێینەدا بووەو تا چەند ڕۆڵی هەبووە لە جیاوازیکردن لە نێوان (نێر و مێ) داو بیرۆکەی (مێینە وەکو دروستکراوی پاشکۆی نێرەو لە پەراسوی نێر دروستکراوە) ی چەسپاندووە لەبیر و هزرماندا؟ بە هەر حاڵ دەتوانرێت زۆر پرسیاری تر لە خۆ بگرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بگەینە قەناعەت و بڕوایەکی ڕاست و دروست و چیتر لەسەر هەڵە و بێئاگایی و کلتوورە نامۆو زیانبەخشەکان بەردەوام نەبین، لە ڕاستیدا هۆکارێکی دیارو ڕوون و ئاشکرا نیە بۆ بەشداری نەکردنی (باوك و برا) لە ئاهەنگی (کچ یان خوشك)ەکانیاندا، ئەوەندەی پرسیارم ڕووبەرووی هەرکەسێکیش کردبێتەوە وەڵامێکی ئەوتۆیان پێ نەبووە کە ببێتە جێی بڕواو قەناعەت پێکردنم، جگە لەوەی پێیان وابووە ئەم دابونەریت و کلتوورە هەر وابووەو لە کۆنەوە لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، بۆیە لێرەدا وەکو پیاوێکی ئەم کۆمەڵگەیە لەبری باوك و براکانم داوای لێبووردن لە خوشکە تاقانەکەم دەکەم کەچەند ساڵێ[1] بەر لە ئێستا بەهۆی ئەو کلتوورە بۆ گەنەوە نەمتوانی بە شداربم لە ئاهەنگی هاوسەرێتیەکەیدا،

[1] مەبەست لەساڵی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەیە لە رۆژنامەدا.



خۆزگە چەند خوشکێکی ترم هەبوایە تاوەکو بمتوانیایە لە ئاهەنگی گواستنەوە و هاوسەرێتیاندا بەشداربم و کار ئاسانی هاوکاریم بکردنایە.

**- ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٤٣١ )ی رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٥ ی رۆژنامەی کوردستانی نویٚ دا بڵاوبوەتەوە.**

# ژن و ژیانی گوندنشین

ئەگەر سەرنجی ژیان و گوزەرانی گوندنشینان بدەین لە ئێستاو ڕابردوودا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ژنان و کچانی گوندنشینەکانی کوردستان چ ڕۆڵێکی سەرەکیان بینیوە لە دەستەبەر کردنی ئەو بەرهەمەی جوتیارو گوندنشینەکان بەرهەمیدەهێنن، ژنی کورد لە گوندەکاندا هیچ ئیش و کارێکی کەمتریان نیە لە پیاوان، ئەویش بەوەی شان بەشانی پیاوان کاردەکەن لە سپێدەیەکی زۆر زووەوە پێش ئەوەی پیاوەکانیان لە ماڵدەربچن بۆسەر کارەکانیان، ئەوا قۆڵی مەردایەتی لێهەڵدەماڵن شەروالێکی پیاوانە لەبەر دەکەن و گورج و گۆڵ و ماندوونەناس  هەموو ئیشوکارەکانی ناوماڵ رادەپەڕێنن وەکو پەچە ماڵین و پاککردنەوەو دەردانی گەورو ئاوهێنان و چەندین هەوراز و نشێویانە دێتە ڕێگایان، تا دەگاتە ئامادەکردنی کەلوپەلی ئیشی پیاوان و نان پێدانی خێزان و ئامادەکردنی خواردن و چەندین ئیشو کاری تر، دوابەدوای ئیش و کاری ناوماڵیش وە نەبێت ئیدی کاتی پشویان بێت، بەڵکو ڕوودەکەنە نێو کێڵگەکان بۆ ئاودان و بژار و داربڕین و کوڵکێشان و ئیشکردن لەناو باخ و بێستان و دەشت و پەرێز تاوەکو ئێوارە بەمشێوەیە ڕۆژ بەڕێدەکەن، ئەمە سەرەڕای بەخێوکردنی قەل و قاز و مریشك و مراوی، بەپێی کاتی وەرزەکانیش دروێنەو دەسکەنە و بژارو شەتڵ و نەمام چاندن و پاچە کۆڵەو دارهێنان بە کۆڵ لە دەشت و دەر، ئەوەشمان لەبیر نەچێت لە نیوەڕوانیشدا هەر ژنانن پشوو نادەن و لەسەروو



ماندوێتیەوە خواردنی نیوەڕۆ ئامادە دەکەن، جگە لە چاودێریکردن و پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵیش لەو لاوە بوەستێ کەیەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکان.

ئیدی ژنان بەورەیەکی بەرزو بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەك ببینن لەگەڵ پیاواندا تا ئێوارەیەکی درەنگ لەناو کێڵگەدا دەجەنگن، ئێوارانیش ئاوهێنان بەبەرمیلی سەرشان و بان سەریان لەکانی و جۆگەلە و چەمەکان و لە مەغریبێکی نیمچە تاریکیشدا کاتێك مەڕ و بزن و کار و بەرخ بەبارەو باعە و دەنگی زەنگوڵەکانیان خۆیان دەکەنەوە بە ماڵەکانیاندا، ئەوان بە مەنجەڵێکی فافۆنەوە شۆخ و شەنگ لە ئامادەباشیدان بۆ دۆشینی ڕانەکە، لە دوای نانخواردنی ئێوارەش، سەر گەرمی ئەوەن ئەو شیرەی دۆشیویانە لەناو مەنجەڵێکی ڕەشدا دەیخەنە سەر کۆنە ئاگردانێك و جار جاریش بەفوی زاریان ئاگرەکە خۆش دەکەن و ماستی لێ دروست دەکەن، ئەمە ساتێکی کەمە لە ژیانی ڕۆژانەی ژنانی گوندنشین کە ڕەنگە کاری زۆر قورستر بکەن، لێرەوە دوای گوزەرێك بە ژیان و گوزەرانی ژنی کوردا تێدەگەین چ ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەئاوەدانی و بەرهەمهێنانی بەرو بومی خۆماڵیدا، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ژنانی کورد خاوەنی چ تواناو بازوویەکی بەهێزن چەند خۆڕاگرو پشوو درێژن و نمونەی ژنانی هەرە ئازاو جەسوورن، هەرگیز ماندوبوون و هەوراز و نشێو، هەڵکشان و دابەزین بەلا پاڵ و کێو، کۆڵیان پێنادات و هەمشە خۆڕاگرو ڕووخۆش و دەم بەخەندەو دەست و دڵساف و بە خولق و بەخشندەن، ئەمەیە سروشتی ڕاستەقینەی

ژنی كورد، منیش لێرەوە پێیاندەڵێم: دەست و بازووتان خۆش و ژیانتان بەختەوەرو هەردەم نیشتمانتان ئاوەدان بێت.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٥٦٢)ی رۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ ی رۆژنامەی (كوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# جارێكی تر فرەژنیی

چەند ڕۆژێك[٢] لەمەو بەر لەگەڵ مامۆستایەكی ئاینی دۆستمدا یەكترمان بینی و بەیەكەوە دانیشتین، دوای چەند قسەیەك مامۆستا پێی وتم دەیەوێت ژنی دووەم بهێنێت، هەرچەندە خاوەنی ژنەو سێ منداڵی ژیكەڵەشیان هەیە، لەسەرەتادا وەكو سوعبەتێك وەرمگرت، بەڵام دوای ماوەیەك بۆم دەركەوت كە مامۆستا زۆر ڕاست بابەتەكەی گرتووەو چەند كارێكی سەرەتایشی بۆ ئەنجامداوە، لەڕاستیدا زۆرم بەلاوە سەیر بوو مامۆستایەكی ئاوها نیازێكی لەم شێوەیەی هەبێت و بیەوێت ژنی دووەم بهێنێت، پێویستە ئەوەش بڵێم مامۆستا یەكێكە لەو مامۆستا ئاینیانەی زۆر كراوەو ڕۆشنبیر و خاوەن بیری نوێیە و هەمیشە وەكو گەنجێك بیردەكاتەوەو لەگەڵ هەموو شتێكی باش و نوێخوازدایە. بۆیە زۆر پەرۆشی ئەوە بووم هۆكاری ئەو بڕیارەی مامۆستا بزانم، دوای چەند جارێك یەكتر بینین و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر زاری مامۆستا خۆیەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی كەمامۆستاو هاوسەرەكەی خزمی خۆیەتی و بە دڵی خۆی و جۆرێك لە خۆشەویستی هێناویەتی و هیچ كێشەیەكی خێزانیان نیە و بگرە یەكێكن لەو خێزانانەی زۆر سەركەوتوو ئاسوودەو خۆشگوزەرانن، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و قسە لەسەر كردنە مامۆستا لەلوتكەی

[٢] مەبەست كاتی بڵاوكردنەوەی بابەتەكەیە لەرۆژنامەدا

خۆشەویستیدا ژنی دووەم بەسەر خۆشەویستەکەیدا دەهێنێت بەبێ ئەوەی بیری لەماددەی (٥٨) کردبێتەوە کەڕێگرە لەهێنانی ژنی دووەم بەبێ هۆکار، لەلایەکی ترەوە مامۆستا خۆشی باش دەزانێت لە ڕوانگەی ئاینەوە بوونی دوو هاوسەر بەر پرسیارێتیەکی گەورەیەو دادپەروەری لەنێوانیانیاندا کارێکی زەحمەت و گرانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەیش لەڕووی دەروونیەوە ئازارێکی زۆری هاوسەرەکەی دەدات و هاوسەرەکەی وابیر دەکاتەوە کەکەسێکی ناتەواو و پڕ لەکەموو کوڕی بێت، لە هەمووشی ناڕەحەت تر ئەوەیە کەخێزانی مامۆستا (مەلاژن) لەژێر کاریگەری قسەکانی مامۆستادا ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە بۆ ئەوەی ژنی دووەم بهێنێت، بەڕاستی جێگای نیگەرانییە لەلایەن ژنانەوە ڕێگە بدرێت پیاوان بێ هیچ هۆکار و بیانویەك ژنی دووەم بهێنێت، بۆیە بیرکردنەوەیەکی لەو شێوەیەی مەلاژن زەنگێکی ترسناکە لەسەر ڕەوش و ژیانی ژنان بەگشتیی، دەبو مەلاژنی بەڕێز بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی بەمامۆستا نەدایە بە بەوەها کارێك هەڵبسێت، بۆیە لێرەوە رووی قسەکانم دەکەمە مەلاژن و ژنانی هاوشێوەی ئەو، کە ڕێگە بەهێنانی ژنی دووەم دەدەن پێویستە چیتر لەسەر ئەو بیرکردنەوەیان بەردەوام نەبن و بریاری کۆتایی نەدەنە دەست هاوسەرەکانیان، چونکە بەدڵنیایەوە ئەو خۆشەویستی و خۆشگوزەرانییەی ئێستا هەیانە بەم شێوەیە نامێنێت، بۆ ئەمەش دەیان بەڵگە و نمونەی زیندومان هەن لەناو خێزانی کوردەواریدا کەلەدوای هێنانی ژنی دووەمیان شیرازەی بەچ ئاقارێکی خراپدا ڕۆیشتووە، بۆیە لەڕێگای ئەم نووسینەمەوە هیوادارم مامۆستای دۆستم لە بڕیارەکەی



خۆی پاشگەز بێتەوەو لە خۆشەویستی خۆی بەردەوام بێت بۆ هاوسەرو سێ منداڵەکەی، بەئاواتیشم لەداهاتوودا ئێمەیش نەتوانین پێی بڵێین "مەلای دوو ژنە ... دڵ و جەرگی کون کونە".

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٤٨٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢٧ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# ئەو پیاوەی ژنەکەی لێی نەترسێت پیاونییە ! ؟

زۆر شت یان زۆر دیاردەو کلتوور هەن لەم وڵاتەی ئێمەدا چەق بەستوون و کرانەوەو گۆرانیان چەندین ساڵ، یان ڕاستر بڵێین چەند سەدەیەك دەخایەنێت و زۆر بەگرانی دەتوانین بیگۆڕدرێن، یاخود گۆڕانیان بەسەردا بێت، زۆر جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەو دانشیتنە ئاساییەکاندا گوێمان لە چەند کەسێك دەبێت باس لەوە دەکەن کە پیاوان توندوتیژن بەرامبەر بەژنان و هیچ بوونێکیان بۆ دانێن و حیسابیان بۆ ناکەن و هەمیشە بەزمانی چەقۆو شمشێر ڕووبەڕوویان دەبنەوەو تەواوی مافەکانیان لێ زەوت دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەرکاتێك کردەوەو وتەکانی ژنەکە بەدڵی پیاوەکەی ( یان باوك و براکەی) نەبێت، ئەوا بەشەق و بۆکس بەردەبنە وێزەی ژنەکە تاکو دەمکوتی دەکەن، کورد وتەنی ( تاکو جارێکی تر جورئەت نەکات ناماقوڵی وابکات)، ڕۆژانە لەزاری خەڵکیەوە زۆر دەبیستین و لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا زۆر شت دەخوێنینەوە کەچەندین ژن لەلایەن پیاو و باوك و براکانیانەوە هێرشیان کراوەتە سەر و سوکایەتیان پێکراوەو لێیان دراوە لە دەرئەنجامیشدا چەندین کارەسات و ڕووداوی ناخۆش و تراژیدی و دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئاخۆ تەنیا پیاوان بەرپرسن لە توندوتیژیی نواندن و تاوانکاریدا؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئەمیش کۆمەڵێك هۆکار و فاکتەری لە پشتەوەیە، یەکێك لەو فاکتەرانە ژنان خۆیانن، چونکە تاکو ئێستا هەندێك لە ژنانی کۆمەڵگەی



ئێمە لە ژێر کاریگەری عەقڵ و بیرو دابونەریتی خێڵ و عەشیرەتدان و بەهەمان شێوەی پیاوانی بیر تەسك و کۆنەپەرستی خێڵ بیردەکەنەوە، یەکێك لەو وتانەی ڕۆژانە لەزاری ژنان خۆیانەوە گوێ بیستی دەبین ئەو دێڕەیە (ئەو پیاوەی ژنەکەی لێی نەترسێت پیاو نییە) خۆی لەخۆیدا ئەم ڕستەیە بۆنی خوێن و توندوتیژی لێدێت و هەڵگری بیرو بۆچون و عەقڵی کۆن و دەسەڵاتی پیاو سالارییە، بەڵام بۆ دەبێت ژنانیش وەکو پیاوانی دۆگما و بیر تەسك بیر بکەنەوە و هەمان ئایدیاو بۆچونیان هەبێت، سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ژن و پیاویش، ئاخۆ چی وایکردوە بەشێك لە ژنان وا بیربکەنەوە و تاکەی ژنان هەست بەمافە ڕەواو سادەکانی خۆیان نەکەن؟ لێرەدا ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە بەگشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی کەوابکەن ئەم کلتووره ترسناك و قێزەون و ناشارستانییە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا نەهێڵن و هەوڵ و کاریان بخەنە گەڕ بۆ کاڵکردنەوەی ئەم کلتووره ترسناك و قێزەون و ناشارستانیە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بێگومان ئەمەش هەروا سادەو ساکار نییە و پێویستی بەبەرنامەی داڕێژراو و تۆکمە هەیە لەلایەن سەنتەر و ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە حزبی و مەدەنی و سەربەخۆکانەوە، تاکو بە هەموو لایەك بتوانن گۆڕانێك لە کلتوورو بیرو بۆچوون و عەقلیەتی ژنان بەتایبەتی و سەرجەم کۆمەڵگە بەگشتی بکەن.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٠٩٦ )ی رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١١ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# پوره نوخته، ڕەمزێك بۆ قوربانیدان

لاپەڕەكانی مێژووی كورد پڕە لەناوی دەیان و سەدان كەس كەبوونەتە ڕەمزی قوربانیدان و فیداكاری و گیان بەختكردن لە پێناو یەكێك لە بەها مرۆڤایەتیەكاندا، ئەویش بەهۆی ئەو زوڵم و زۆر و تاوانكارییانەی لە بەرامبەریاندا ئەنجام دراوە، وایكردوە زۆرێك لە ڕۆڵەكانی ئەم گەلە لەپێناو مانەوەی بەها جوانەكانی مرۆڤایەتی و سروشتدا گیانی خۆیان بەخت بكەن بۆهەتا هەتایە ببنە ئەستێرەیەكی درەوشاوەی ئاسمانی فیداكاری و قوربانیدان. لەناو ئەو كەسانەی ئەو ڕێگە جوان و پاك و بێگەردەیان هەڵبژاردووەو بوونەتە چرایەك بۆ ڕۆشنكردنەوەی ریگەی تاریكی ئەوانی تر ژنان بوون، بەو واتایەی ژنانیش وەكو پیاوان توانیویانە لەزۆر بواری ژیاندا و لە زۆرێك لەو تەنگ و چەڵەمانەی هاتوونەتە ڕێگەیان قوربانی بدەن و بێ ترس و سلەمینەوە گیانی خۆیان بەخت بكەن (پووره نوختە)ش یەكێكە لەو شێرە ژنانەی هەمیشە لە ئاسمانی قورباندانـدا ئەستێرەیەكی گەشەو فێری ئەوەمان دەكات كە سروشت زۆر شتی جوانی تێدایە، بەڵام لە هەموویان جوانتر ئەوەیە گیانی خۆت لە پێناوی ئارامی و خۆشبەختی مرۆڤەكانی تردا بەخت بكەیت.

پووره نوختە خەڵكی گوندی گۆپتەپە–یەو دایكی پێنج منداڵ بوو، چونكە برا و مام و ئامۆزاو تەواوی كەسوكارەكەی لەناو شۆرشدا بوون، بەردەوام لەخەمی پێشمەرگەو  سەركەوتنی شۆرشی گەلەكیدا بوو، كاتێكیش ڕژێمی



بەعس بۆ لەناوبردنی كورد هەڵمەتی ئەنفالی دەستپێكرد و ناوچەی قەڵاسێوكەو تەواوی گوندەكانی بەر ئەو هەڵمەتە دڕندانەیە كەوتن و پورە نوختەش لەگەڵ زیاتر لە (٤٠٠)خەڵكی گوندنشیندا كەوتە بەر ئەو هەڵمەتە دڕندانەیەو ڕەوانەی گرتووخانەی (تۆپزاوا) كرا، لەبەر ئەوەی ئەو دوو گیان بوو لەگرتووخانەكەوە گواستویانەتەوە بۆ نەخۆشخانەی سەدام _ ی ئەو كاتە كە ئێستا ناوی نەخۆشخانەی ئازادییە لە شاری كەركوك، كاتێكیش منداڵەكەی دەبێت دكتۆرەكانی نەخۆشخانەكە پێیدەڵێن (دەتوانین ڕزگارت بكەین ئەگەر خۆت مەبەستت بێت)، بەڵام ئەو شێرە ژنەو ورە بەرز و چاونەترسە لە پێناو بینینەوەی (پێنج) منداڵەكەی، كەلە تۆپزاوا بەندكرابوون، ڕێگەی مەرگ هەڵدەبژێرێت و ئەو ژیانەی دوور لە منداڵەكانی هەیەتی بەسەرشۆڕی و مردن دەزانێت، مەرگی لەلای منداڵەكانی زۆر لەژیان لەدووری ئەوان پێ باشترە، بۆیە ڕازی نابێت و لەگەڵ ساواكەیدا دەبرێتەوە بۆ گرتووخانەكە و لەگەڵ هەموو ئەوانەی تردا بەر ئەو شاڵاوە دڕندانەیە كەوت و لەگەڵ شەش منداڵەكەیدا زیندەبەچاڵی ژێر خاك و خۆڵی بیابان كران، بەمشێوەیە پووره نوختە_ی فیداكار و چاونەترس بەهەڵبژاردنی مەرگی خۆی، نەمری و جوانی بەخشییەوە بەژیان و فێریكردین كە (راستە ژیان جوانە و بەخششێكی گەورەی یەزدانە، بەڵام ئەو كاتانەی پیس دەبێت و ماناو پیرۆزیەكەی لەدەست دەدات، ئەوا مردن زۆر جوانتر و نەمرترە لەو ژیانەی دوور لە ئازیزانت بگوزەرێت).

تێبینی/ پورە نوختە یەکێکە لەخوشکەکانی دایکم و (کچی سەید مەلا نوری)ە و خەڵکی گوندی بێدەر بوو. لەدوای ئەوەی ئەنفالکراو بۆهەتا هەتا کەس نەیبینییەوە، تەنانەت وێنەیەکیشی لەدوای خۆی بەجێنەماوە تاکو سیماو روخساری لەیاد نەچێتەوە، لەئێستادا وێنەی ئەو تەنها لەبیرو مێشکماندا ماوەتەوەو هیچی تر (نوسەر).

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٨٥٢ )ی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٣ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بڵاوبوەتەوە.**



# کامیان هەڵدەبژێری پیرۆزت بێت

پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئەو ناونیشانەی سەرەوە وتەی ئەو باوکەیە لەکاتی بەشودانی هەر کچێکیدا بەو کوڕە دەڵێت کەدەیەوێت ببێتە زاوای. بەڕاستی شوورەیی و ستەمێکی گەورەیە لەهەزارەی سێیەم و لەسەردەمی بەجیهانبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو لەم سەردەمەدا باوکێی خاوەن پلەو پایەی بەرزی لێپرسراویەتی و کورد وتەنی (دنیا دیدە) لەکاتی بەشوودانی کچەکانیدا وەکو کاڵاو ئامێرو شتومەك یان وەکو پەلەوەرو گیاندار مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئاخر چۆن دەبێ تۆی باوك بەبێ ڕەزامەندی و پرس و ڕای کچەکانت کوڕێکی نەدیو و نەناس بهێنیت و کچەکانتی بۆ ڕیز بکەیت تاوەکو تەنیا بەنیگای چاوە برسییە گورگانەکەی پیاوێتیەوە بەئارەزووی خۆی و لەسەر بنەمای رواڵەت و لەش و لارو جوانی و شۆخ و شەنگی یەکێك لەکچەکانت هەڵبژێرێت و بیکاتە هاوسەری ژیانی خۆی، ئاخر ئەمە بەشوودانی کچە یان شووتی فرۆشتنە؟ ئەو جۆرە باوکانەی وەها بیرکردنەوەیەکیان هەیە مەگەر نازانن ئەم جۆرە هاوسەرێتییانە پاش چەند مانگێك یان راستر بڵێین پاش چەند ڕۆژێك و تێربوونی زاواو دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووە سێکسی و دەروونیەکانی دنیایەك کێشەو گرفت لەنێوانیاندا سەر هەڵدەدات و دەگاتە ئاستی جیابوونەوە، لەوانەشە بەکارەساتێکی دڵتەزێن لەلایەن ژنەکەوە کۆتایی بەژیانی هاوسەرێتییان بهێنرێت. ئایا ئەو باوکانە نازانن لێکتێگەیشتن و

خۆشەویستی و ڕێزو وەفاو لێبووردن هۆکار گەلێك و بنەمایەکی سەرەکین بۆ پێکەوەنانی خێزان و بەردەوامبوونی هاوسەرێتییەکی سەرکەوتوو، ئەو کچانەی بەوەها ڕێگایەك شوودەکەن چۆن توشی شۆك و حاڵەتی هیستریا و شێتی نابن کە لەهەموو تەمەنیاندا ئەو مێردەی ئێستایان نەبینیوەو نامۆن بەهەموو سیفەت و خوڕەوشتێکی و تەنیا لەهەڵبژاردنێکی ڕێککەوتندا (کەهەر لەهەڵبژاردنی یانسیب دەچێت) دەکەوێتە بەر تیری چاوی زاواو دەبێتە هاوسەری، ئایا ئەو باوکە یاخود بڵێین ئەو جۆرە باوکانەی وەها بیرکردنەوەیەکیان هەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیریان لەوەکردبێتەوە کەهاوسەرێتی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندێتییەو کار یان پرۆسەیەکی هەروا ئاسان نییە پرس بەخودی کەس و کارەکتەری یەکەمی ناو پرۆسەکە نەکرێت؟ یاخود ئەو باوکانە تاچەند ڕێگەیان بەکچەکانیان داوە بۆچوون و رای خۆیان هەبێت لەو پرۆسەیەداو لەگەڵ ئەو کوڕانە قسە بکەن کەدێنە خوازبێنیان، من دڵنیام لە ئێستادا زۆر کچ هەن بەبێ ڕەزامەندی خۆیان دراون بەشوو تەنیا کەسێکیش کەپرسی پێنەکراوەو لێی بێ ئاگا بووە کچەکە خۆی بووە، بەڵام بەناچاری و لەترسی ئەوەی نەکەوێتە بەر قەهر و غەزەبی پیاوێتی باوك و براکانیەوە ئەو دۆزەخەی بۆخۆی هەڵبژاردووە کەپێی دەڵێن (ماڵی مێرد)، هەموو ئەو حاڵەتی خۆسووتاندن و لێدان و دەرکردن و توندوتیژیانەی کە بەئامار و داتا لەبنکەکانی پۆلیس و نەخۆشخانەو دەزگا و ڕێکخراوەکانی ژنان و دادگاکاندا هەن زۆربەیان سەرچاوەکەیان هاوسەرێتییەکی بەزۆر و ڕێکەوت و شانس و ناوچەوان بووەو تەنیا کەسی قوربانی دەریش هەر ژنەکە بووە،



ئەو باوکانەی دەیانەوێت کچەکانیان بەزۆر بەشوو بدەن با ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن، ئایا ئەوان رازین بەزۆر و بەزەبری فیشەك و لوولەی تفەنگ ژنێکیان بدەن بەسەردا کە هەرگیزاو هەرگیز چارەیان نەبینیوە؟ رەنگە بۆ تەنیا دەقەیەکیش ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبێت لەگەڵیاندا هەڵکەن و لە تەکیاندا بژین، بەدڵنیاییەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا راوبۆچونی هەر پیاوێك وەربگرین وەڵامەکەی بەنەرێ دەبێت و هەرگیز بەوەها هاوسەرێتیەك قایل نابێ، بۆیە پێویستە لەسەر باوك و براکان چیتر وەکو کاڵاو گیانلەبەر تەماشای کچ و خوشکەکانیان نەکەن بۆ کوڕانی بەتەماح و چاو برسی و شێتی سێکس تاوەکو لەسەر بنەمای جوانی و لەش و لارو سپی و سۆڵی جەستەییان بەئارەزووی خۆیان هەڵیان بژێرن و لەژیانی هاوسەرێتیشدا بیانکەنە کۆیلە و خزمەتکار و نۆکەری بەردەستی خۆیان و بەئارەزووی دڵی خۆیان چۆنیان بوێت ئاوها مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و هەرکاتێکیش لە (سەمعەو تاعەتیاندا) نەما بکەونە وێزەیان و چییان مەبەستبێت لە بەرامبەریاندا بیکەن، بۆیە ئەگەر ئاسوودەی و خۆشگوزەرانی کچەکانتان دەوێت و خەمخۆرو بەتەنگ ژیان و گیانیانەوەن دەبێت لە وەها پرۆسەیەکی هاوسەرێتیدا لانی کەم و هیچ نەبێت پرس و ڕەزامەندیان وەربگیرێت، بۆ ئەوەی چیتر کچەکانیان بەدەستی خۆیان بەرەو دۆزەخ و ژیانی کولەمەرگی و سەرگەردانیی و ئێش و ئازار و ناڕەحەتی ژیان نەبەن.

**- ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٣٩٧ )ی رۆژی ٢٠٠٧/١٠/١٦ ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوبوەتەوە.**

# ژن ناحاڵیە، تێناگات!

ڕۆژانە زۆرێك لە ئێمە لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین کەباس لەمافەکانی ژن و بەشداری ژن لەسیاسەت و ئیدارەو هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەکرێت، لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەو دانیشتنێکیشدا لەبەرامبەر ئەم باسەدا هەریەك لە ئێمە لێکۆڵەرێکی تایبەتین و بەئارەزووی دڵی خۆمان قسەی لەسەر دەکەین و هەریەك لەئێمە بۆ خۆمان بووینەتە پارێزەرێکی مافەکانی ژنان و لە وتار و قسەکانماندا وا خۆمان پیشاندەدەین کە دۆستێکی هەرە نزیك و خەمخۆرێکی ئێگجار گەورەی ژنان و دۆزە ڕەواکانیانین، لەسەروو هەریەکێکیش لە ئێمەوە ریکخراو گەلێکی زۆر هەن کە بەهەمان شێوەی ئێمەی ناو دیوەخان بەقسەی قەبە و زل و دروشم و بانگەشەکانیان خۆیان کردووە بە دایك و باوك و وەلی ئەمری ژنان و بەحیسابی خۆیان ئامانجیان لەپێش هەموو شتێکەوە بەرگریکردن و پاراستنی ژن و مافەکانیانە، باوایدابنێین هەموو ئەم ڕێکخراوانە کەبەناوی ژنەوە داکۆکی لە ژنان دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی ژنیش لەکارو فرمان و بەشداری سیاسی و ئابووری و ئیداری و...هتد، بەشداربن و مافەکانیان پێشێل نەکرێت، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چەند توانیویانە ئاستی رۆشنبیری ژنان بەرزبکەنەوە و بیرو بۆچوونی ژنان بگۆڕن؟ یاخود تا چەند توانیویانە والە ژن بکەن وەکو ژن بیربکاتەوە و شانازی بەژنبوونی خۆیەوە بکات.



بێگومان هێشتا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چەندین ژن هەیە خۆی زۆر بەلاواز دەزانێت و(ژنبوون) بەعەیبە و شوورەیی دادەنێت و هێشتا پێیوایە (ژن) لەڕووی عەقڵ و هۆشەوە کەسێکی ناتەواوە، لەڕاستیدا ئەرکی ریکخراوەکانی ژنانە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە دید و بیر و هزری ئەو جۆرە ژنانەدا دروستبکات، بێگومان ڕێکخراوەکان لە ڕابردوودا توانیویانە تاڕادەیەك کاریگەرییان هەبێت لەسەر عەقڵیەت و بیر و هزری ژناندا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئیدی کاری ئەو ڕێکخراوانە تەواو بووە، هێشتا ڕێکخراوەکانی ژنان ئەرکی قورس و گرنگیان لە ئەستۆدایە تاکو بتوانن لانی کەم وا لەژن بکەن خۆی خاوەنی خۆی بێت و شانازی بەژنبوونی خۆیەوە بکات، چونکە هێشتا دەیان و سەدان ژن هەن کەپێیانوایە ژن ناحاڵیە، تێناگات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکی گەورەو ترسناکە تاکو ئێستاش ژنی کورد خاوەنی وەها بیرکردنەوەیەك بێت.

**—ئەم بابەتە لە ژمارەی (٥٢/٤٣ )ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢١ ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوبوەتەوە.**

# کوڕ و شوانی کچان

زۆر بیرو بۆچوونی سەیر و نابەجێ بەسەر بیرو هزری تاکی کوردیدا زاڵ بووەو خۆی چەسپاندووە، ئەو بیرو بۆچوونانە کاریگەری تەواویان هەبووە لەسەر ژیان و رەفتار و ئاکارەکانی هەر یەکێك لە تاکانە کەم تا زۆر، ئەم بیرو بۆچوونانە تەنیا لەگۆمەڵگەی کوردەواریدا بوونیان نییە یان مەرجنییە لەبنەڕەتەوە ئاکار و بۆچوونی کورد بن، یەکێك لەوشتانەی وەکو دیاردەیەك بەسەر کوردا سەپاوە جیاوازیکردنە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ئەم جیاوازیکردنە تەنیا لەپیناو کوڕدا نەبووە، بەڵکو لای میللەت و نەتەوەی تریش بوونی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی خێڵە عەرەبەکانی کەنداو پێشهاتنی ئاینی ئیسلام کەبە (سەردەمی جاهلی)ناسراوە، دەبینین زیندەبەچاڵکردنی کچان زۆر باوبووەو بەبوونی کچ ڕووبەڕووی عەیبەو سەرزەنشتکردن بوونەتەوە، زۆر جار دایکان و باوکان حەزیان نەکردووە منداڵە کچەکانیان لەناوبەرن و زیندەبەچاڵیان بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی لەلایەن خێزان و کەسانی خێڵەوە ڕووبەڕووی لۆمەو سەرزەنشت نەبنەوە بەناچاری کچەکانیان لەتەمەنێکی کەمی منداڵیدا زیندەبەچاڵ کردووە، بڵاوترین نمونەش زیندەبەچاڵکردنی کچەکەی عومەری کوڕی خەتابە لەسەردەمی جاهیلیدا، دەگێڕنەوە کاتێك عومەری کوڕی خەتاب کچەکەی دەبات بۆ چۆڵەوانیەك بەمەبەستی زیندەبەچاڵکردنی، لەو کاتەی عومەر خەریکی هەڵکەندنی چاڵەکە دەبێت تاکچەکەی تێدا زیندەبەچاڵ بکات، عومەر



سەروو ڕیشی تۆزاوی و خۆڵاوی دەبێت، کچەکەشی وەکو سۆزو خۆشەویستی بۆ باوکی دەست دەبات بۆ ڕیشی تا تۆزەکەی بتەکێنێت و بۆی پاك دەکاتەوە بەبێ ئەوەی هەست بە ئەوە بکات کە باوکی بەنیازی زیندەبەچاڵکردنێتی، دیارە ئەم نمونەیە بۆ ئەوە بوو کەنیشانی بدەین جیاوازیکردن لەنێوان ڕەگەزدا مێژوویەکی درێژی هەیە و لەناو میللەتانی تریشدا هەبووە، هەر ئەم هەستی جیاوازیکردنە گوێزراوەتەوە بۆناو بیر و مێشکی تاکی کوردی لەسەردەمە جیاوازەکاندا و وایکردووە لەناو کوردیشدا ڕەگەزی نێر بالاتر و خاوەن ڕێزو جێی دڵخۆشی بێت بۆ بنەماڵەکەی، بەپێچەوانەوە ڕەگەزی مێ یان بوونی کچ بووە بەعەیبەو نەنگیەك کە زۆرجار و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هۆکارێکە بۆهێنانی ژنی دووەم و سێیەم و زیاتریش، ئیتر بوونی کچ زۆر لەناو خێزانی کورددا بووە بەسەرچاوەی زۆر کێشەو گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی، ئەم هەستە ئەوەندە زاڵبووە تەنانەت هەندێك لەخێزانەکان کاتێك کوڕیان نەبووەو ژمارەی کچەکانیان لە شەش و حەوت زیاتربووە، ویستویانە لەڕێگەی ناوی کچەکانیانەوە گوزارشت لەهەستی خۆیان بکەن، بۆنمونە کچێکیان ناو ناوە (شوکری) یان (شوکریه) ئەمەش بۆئەوەی واپیشانی بدەن ئەوان شوکرن بەبوونی ئەو کچە، بەڵام لەسایکۆلۆژیەتیاندا ئەم هەستە پێچەوانەیە، دواتر کچێکی تریان دەبێ ناوی دەنێن (سەبری)، گوایە دەڵێن سەبرمان کردووە لەبەردەم قەدەری خودا و هەر بەتەمای کوڕین، کاتێك کچێکی تریان دەبێت ناوی دەنێن (کافیە)، دیارە ناوەکان زۆربەی عەرەبین، کافیەش بەمانای (بەس) یان (بەسە) دێت، واتە بەسەو باچیتر

کچمان نەبێت، بۆجاری چوارەمیش کاتێك کچێکی تریان دەبێت دیسانەوە ناوی دەنێن (بەسێ) ئەمەیان ناوێکی کوردیەو ماناکەی ڕوونە کە داوا دەکەن کچ بەسە، بەڵام لەجاری پێنجەمدا کاتێك منداڵیان دەبێت تەماشا دەکەن دیسانەوە کچە، ئەمجارەیان ناوی دەنێن (هەربێ) واتە کچ باهەربێت، ئەمەش وەکو بێمنەتییەك بەرامبەر ئەوەی کچی زۆریان بووە، ڕەنگە لەوە بەدواوە ئەگەر خوا کوڕێکیان پێ ببەخشێت، ئیتر خێزان هەیە لەدوای شەش حەوت کچ کوڕێکیان بووەو ناویان ناوە (هیوا) بەو مانایەی هەموو هیوایەکیان لە ژیاندا ئەم کوڕەیە و هەموو کچەکانی تر هیچ هیوایەکیان پێ نەبووە بۆ ژیانیان، یان ڕێکدەکەوێ کوڕەکە ناو بنێن (شوانە) ئەمیش وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەوەی ئەم کوڕە دەبێتە شوان و پارێزەرو چاودێریکاری کچەکانی ئەم ماڵە.

هەموو ئەو بۆچوونانە لە خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا تاهەنوکەش ماون، کەلەڕاستیدا ئەم بیرو بۆچوونانە هەڵەن و دەکرێت لەڕوانگەی مرۆڤبوون و ژیری و لێهاتوویەوە وەکو یەك تەماشای کوڕ و کچ بکرێت و چیتر ئەو بیرۆکە ناتەندروستانە زاڵ نەبن بەسەرماندا.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٧٤٩ )ی ڕۆژی ١٨/١٢/٢٠٠٨ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بڵاوبوەتەوە.**



# با لەخۆمانەوە دەستپێبکەین

هەموومان باس لە ژن و مافەکانیان دەکەین، بەڵام کاتێك دێینە بواری جێبەجێکردن و ئەرزی واقیع هەموومان کەمتەرخەم و تاوانبارین بەپێشێلکردنی مافەکانیان، ئەوەتا لە کۆڕ و کۆبوونەوەو سیمینار و فیستیڤاڵەکاندا خوشك و هاوسەرەکانمان بێبەش دەکەین و تەنیا مەگەر لە ڕادیۆ و شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە وەکو هەواڵ ببینن و ببیستن. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا ئەوانی (ژن) وەکو ئێمەی (پیاو) پێویستیان یان ئارەزوویان نییەبۆ ئامادەبوون و بەشداریکردنیان لە کۆڕ و فیستیڤاڵەکاندا؟ ئایا ئەوانیش هەمان حەز و ئارەزووی ئێمەیان نییە بۆ ئامادەبوونیان لە مەراسیم و بۆنە و کۆڕەکاندا؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە بە (بەڵێ) بێت و ئەوە بێت ژنانیش حەزو پێویستیەکی حاشاهەڵنەگریان هەبێت بۆ بەشداریکردنیان لەو جۆرە کۆبونەوانەدا، بەڵام ئەی بۆچی کاتێك دەچینە کۆڕێك بەتەنیا دەچین و خوشك و هاوسەرەکانمان لەژووری ماڵەکانماندا بەند دەکەین؟ تەنانەت بۆیان نییە بەدەنگی بەرزیش باسی ئەو بابەتانە بکەن بەبیانووی ئابڕووەوە، یان ئەمەش هەمان ئەو هەستەی پیاوێتی و بیری پیاو سالارییە کەوادەکات بۆ ئەم بەشداریکردنانە دیسانەوە ژنان بێبەش بکات و هیچ مافێکیان پێنەدرێت کەمافی فێربوون و سوودوەرگرتنە لەو بارە ڕۆشنبیرییەی هەیە. ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆرێك لەو کەسانە (کوڕانە)ی ئەندامن لە کۆمەڵەو

گرووپ و رێکخراوە ڕۆشنبیریەکان کاتێك بەشداری دەکەن لەچالاکییەکدا یان ئامادەدەبن بەتەنیا خۆیان دەچن و ڕێگە بەخوشکەکانیان نادەن ئامادەبن لەو شوێنەدا، کاتێکیش دێتە سەر گفتوگۆو موناقەشەکردن دنیایەك قسەی زەرد و سووری لەبەرکراو هەڵدەبژێرن و کۆڵێ ڕستەو وتەی فەیلەسوف و زانایان و ڕۆشنبیران دەڵێنەوە و خۆیانت لێدەکەن بە (کەوا سووری بەر لەشکر) ئەگەر خوشەکانیشیان بیانەوێت بەشداری بکەن هیچ بەدوور نازانرێت سووکترین مامەڵە بەرامبەریان ئاراستەکردنی مشتەکۆڵەیەکی توند بێت بۆ ناو دەمیان، دەبێ ئەمە چ هەست و بیرکردنەوەیەك بێت وایکردووە پیاوان ڕێگە بگرن لە دەرچوونی ژنان و بەشداریکردن لە بۆنەو یاد و ڤیستیڤاڵەکاندا، چی دەبێت ئەگەر برایەك خوشکەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ یەکێك لەو شوێنانەدا؟ تۆ بڵێ ی تەنیا بەو بەشداریکردنە ئەو کچە توشی لادان و رووبەرووی خراپەو ئابڕووچوون بێتەوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئەگەر ئەو شوێنانە بۆ کچان مایەی ئابڕووچوون و شەرمەزاری بێت، ئەوا بۆ پیاوانیش بەهەمان شێوەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە چوونی کچان وژنان بۆ ئەو شوێنانەو بەشداریکردنیان لە کۆڕ و وۆرك و شۆپ و خولی فێربوون و رۆشنبیری وادەکات زیاتر هۆشیابن و کورد وتەنی:(چاویان بکرێتەوە بەڕووی دنیادا) کاتێکیش ژنان هۆشیاربوون گومانی تێدانییە کەمتر ڕووبەڕووی گرفت و کێشەو لادان و کاری خراپە دەبنەوە، چونکە هەر کاتێك کچ و ژنە هۆشیارەکان ڕووبەڕووی خراپەو مەترسیەك دەبنەوە زیاتر دەتوانن بیر بکەنەوە بۆ چارەسەری گونجاو و دروست بەپێچەوانەی ژنانی ناهۆشیار



کە مەودای بیرکردنەوەیان سنووردارەو رەنگە نەتوانن وەکو پێویست بەدوای چارەسەرێکی دروستدا بگەڕێن. بۆیە هەق وایە (برا ، مێرد، باوك) بۆ ئەوەی (خوشك و هاوسەر و کچەکانیان) کەمتر ڕووبەڕووی ئاریشەو گرفت ببنەوە و بۆ هەر گرفتێك کە دێتە ڕێگایان لە ژیاندا چارەسەری گونجاو و دروستیان پێ بێت و حەکیمانەو دانایانە بیربکەنەوە، هەروەها پێویستە ڕێگەیان پێبدەن و هانیان بدەن تاوەکو بەشداری بکەن لەسەرجەم کارە ڕۆشنبیری و هونەری و فێرخوازیەکاندا، ئەمە جگە لەوەی خودی ژنەکە سوودێکی گەورەی پێدەگات دواترو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەسوکار و بنەماڵەو تەنانەت دەوڵەتیش سوودی پێدەگات، چونکە دروستبوونی تاکێکی هۆشیار و سوود گەیاندنە بە هەموو کایە و خانەکانی کۆمەڵگە هەر لەتاکێکەوە بگرە تادەگاتە خێزان و بنەماڵەو پاشانیش کۆمەڵگە، بۆیە ئیدی با لەکاتی ئامادەبوونمان لە هەر کۆڕ و وۆرك و شۆپ و ڤیستیڤاڵێکدا شانبەشانی هاوڕێ و دۆستەکانمان لەکورسییەکەی تەنیشتمانەوە خوشك و هاوسەرەکانمان لەگەڵدا بێت.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٦٩٦)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٢ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# کچەکەی تریشی لە خوێندن دەرکرد

لە ڕۆژی (٢٠٠٧/١٢/٤) لە ژمارە (٤٤٣٩) ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و لە لاپەڕەی ژناندا و لە گۆشەی (بەسەرهاتی من)دا نامەی کچێکم بڵاوکردەوە کە زۆر بەبێزاری و ترس و دڵە ڕاوکێوە باسی لە نەهامەتی و ژیانی تاڵ و مەرگەساتی خۆی کردبوو و داوای یارمەتی دەکرد بۆ ئەوەی لەو ژیانەی تێیدا دەژی ڕزگاری بکەن، ئەویش لەلایەن نزیکترین کەسەوە ڕووبەڕووی ببوەوە کە باوکی بوو، هەر دوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەسەرهاتە لەلایەن بەر پرسی لاپەڕەی ژنانەوە ئاگادار کرامەوە کە لایەنێك پەیوەندیان پێوەکردوون بە مەبەستی یارمەتی دانی ئەو کچە، بۆیە هەر دوای ئەوە لە وەزارەتەوە پەیوەندیم پێوەکرا تاوەکو زانیاری زیاتریان پێبدەم دەربارەی ئەو کچە بتوانن بەشێوەیەکی دروست یارمەتی بدەن و هەر لەو پەیوەندیەشدا پێیان ڕاگەیاندم کەڕەنگە خودی وەزیر پەیوەندیم پێوە بکات، چونکە دەیەوێت بەجددی چارەسەری کێشەی ئەو کچە بکات کە باوکی بەزۆر لە خوێندن دەریهێناوە، هەر چەندە ئەو ڕۆژەی ئەو پەیوەندیانەم پێوە کرا بەهۆی نەخۆشیەوە لە جێگادا کەوتبووم، بەڵام کاتێك ئەو پەیوەندیانەم پێوەکرا نەخۆشی خۆمم بیرچۆوەو ئەگەر زیادە ڕۆیی نەبێت ئەو ڕۆژە یەکێك بوو لە هەرە ڕۆژە ناخۆشەکانی ژیانم، چونکە هەستم دەکرد لە ڕێگەی منەوە مرۆڤێك ئازارو ناڕەحەتیەکانی دەڕەوێندرێتەوە هەستیشم دەکرد کە لەم وڵاتەدا هێشتا کەسانی باش و



دڵسۆز ماون لەپێناوی خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان کاردەکان و تێدەکۆشن، بۆیە ئەو ڕۆژە هیوایەکی زۆر گەشم لادروست بوو لە ڕاستیدا ئەو جۆرە هەڵوێستانە جێی دەستخۆشیە، بەڵام بەداخەوە لەو ڕۆژەوە من هەر چاوەڕێی تەلەفۆن و پەیوەندی ئەو بەڕێزانەم تاکو کێشەی ئەو کچە زوڵملێکراوە چارەسەربکەن، بەڵام ئەوان دەنگیان نەماو منیش هەر چاوەڕێم و هەر چاوەڕوانم..

بۆیە لەلای خۆمەوە کەوتمە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر جێگەو شوێن و ماڵی ئەو کچە و چۆنیەتی بارو گوزەرانی ئەویش لەرێگەی کچێکی هاوڕێمەوە، بەڵام دوای بەدواداچوون و هەواڵ پرسین بۆم دەرکەوت کەباوکی بەم زووانە کچێکی تریشی لە خوێندن دەرهێناوە و کردوویەتی بەدیل و خزمەتکاری ماڵەوە، بیستنی ئەم هەواڵەش هێندەی تر ئازارو خەمەکانمی زیاد کرد و تاڕادەیەك بێ ئومێدیەکی پێبەخشیم، بۆیە لێرەدا لەبری ئەو کچە دابڕاوانە لە خوێندن داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کە بەفریای ئەم کچانەو دەیەهای تری وەکو ئەمان بکەون و چیتر لەوەها کارێك بێدەنگ نەبن کەپیاوان یان باوکان و براکان بە ئارەزووی خۆیان چییان بوێت ئەنجامی بدەن و بەکەیف و هەوەسی خۆیان کچ و خوشکەکانیان لە خوێندن دەر بهێنن و بیانکەنە خزمەتکار و کەیبانوی ماڵە ساردو تاریکەکانیان، بۆیە چاوەڕوانی هەوڵ و هیممەتی خەمخۆران و دڵسۆزانی بواری پەروەردەو ژنپارێزی دەکەین تا بەهانای ئەم کچانەو چەندەهای تری وەکو ئەمانەوە بێن.

**- ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٤٦٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٦ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# لەنەخۆشخانەکاندا ناهەقی بەرامبەر بەڕەگەزی مێینە دەکرێت

دیاریکردنی ڕەگەز، یاخود مێبوون و نێربوون لەدەرەوەی توانا و خواستی مرۆڤەکاندایە، بەڵام ئەوە مرۆڤەکان خۆیانن دروستکەری چەندین جیاوازیین لەنێوان ڕەگەزەکاندا، ئەم جیاوازییەش ڕەگی داکوتاوە لەناخ و دەروونی زۆرێك لەتاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەداو بۆتە هۆی مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ژیانی ڕەگەزی مێ و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە.

لێرەدا دەمەوێت تیشك بخەمە سەر ناهەقیەکی تر کە لەم کۆمەڵگایەدا بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ دەکرێت، ئەو ناهەقیەش ئەوە نەبێ لەشوێنێکی نازانستی و دوورە دەست لەیاسا و حکومەت بکرێت، بەڵکو لەناو دامەزراوەیەکی زۆر هەستیار و پڕ لەجموجۆڵ و خزمەتگوزاریدا ئەنجامدەدرێت کە ئەویش نەخۆشخانەیە، گومانی تێدا نییە لەزۆربەی نەخۆشخانەکانی ئەم وڵاتەدا ئەم ناهەقیە دەکرێت و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و هەموومانیش لێی بێدەنگین، ئەم بێدەنگیەش خۆی لەخۆیدا بەشداریکردنە لەو تاوانەی کە دەرهەق بەڕەگەزی مێینە دەکرێت، ئەو دیاردەیەش ئەوەیە کاتێك ژنێك لەیەکێك لەنەخۆشخانەکاندا منداڵی دەبێت، کارمەندانی تەندروستی تایبەت بەمنداڵبوون یان پەرستیارەکان



داوای بڕێك پارە لەکەسوکاری منداڵە تازە لەدایکبووەکە دەکەن، ئەمەش وێڕای لەبەر چاو گرتنی ئەرك و ماندوبوون و کاری پیرۆزی ئەو کارمەندانە، خۆی لەخۆیدا کارێکی ناشایستەو ناشارستانی و پێچەوانەی یاسایە، چونکە ئاشکرایە هەموو ئەو کەسانەی لە نەخۆشخانەو فەرمانگەکاندا دەوام دەکەن مووچەی تایبەتی خۆیان هەیەو لەلایەن حکومەتەوە بۆیان دابینکراوە، ئیتر پارە وەرگرتن بە هەر بیانوویەك بێت کارێکی نایاساییە، بەڵام لەهەمووی کارەساتبارتر ئەوەیە ئەگەر منداڵە لە دایکبووەکە نێر بێت، واتە کوڕ بێت، ئەوا بڕێکی زۆر پارە لەکەسوکارەکەی وەردەگیرێت و داوای شیرینی و شتی تریشیان لێدەکرێت، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە منداڵەکە مێ واتە کچ بێت، ئەوا کارمەندانی تەندروستی داوای بڕێکی کەمتری پارە دەکەن، ئەمەش بێ هەڵگرتنی هیچ پاساوێك ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەگەزی نێر پیرۆزترو خۆشی هێنەرترو مژدەبەخشترە وەك لە ڕەگەزی مێ کە جێی خەم و ناڕەحەتی دەروونییە.

سەیرەکە لەوەدایە ئەم جیاوازیە لەلایەن ڕەگەزی مێ خۆیانەوە دەرهەق بە خۆیان دەکرێت کەپەرستیار و مامان و کارمەندی تەندروستین، لەلایەکی تریشەوە ئەو کەسانەی ئەم جیاوازییە دەکەن و ئەم ناهەقیە ئەنجام دەدەن کەسانی خوێندوارو خاوەن بڕوانامەن کە هەرگیز چاوەڕێی کاری لەو شێوەیەیان لێناکرێت، بەڵام ڕۆژانە بەبەرچاوی هەموومانەوە ئەنجام دەدرێت.

ژنێك بۆی گێڕامەوەو وتی: کاتێك کەمنداڵم بوو لەبەر ئەوەی منداڵەکەم کچ بوو پارەیەکی کەمیان لێسەندم، بەڵام لەسکی دواترم کاتێك کەمنداڵەکەم

کوڕ بوو، کارمەندەکان پێیان وتم: جاری پێشوو چونکە منداڵەکەت کچ بووە زۆرخاترمان گرتوویت و کەممان لێسەندووی، بەڵام ئەمجارەیان هیچ مەجالێکی تێدا نییە و خاترت ناگرین پارەیەکی باشمان دەوێت، چونکە لەخوا بەزیاد بێت منداڵەکەت کوڕە ! ؟ لێرەدا ئەوە بۆ وەزیری تەندروستی و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەداکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان و کچان بەجێدەهێڵم، ئایا تا چەند ئاگاداری ئەم بازرگانیکردن و جیاوازیکردنەن بە ڕەگەزی نێر و مێ و تا چەندیش کار بۆ ئەوە کراوە ئەم دیاردە ناشارستانی و نایاسایییە بنەبڕ بکرێت، هیوادارم وەزارەتی تەندروستی ڕێگەو شوێنی گونجاو و پێویست بگرێتەبەر بۆ بنەبڕکردن و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و ڕووبەڕووکردنەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە بەرامبەر بەیاسا، تاوەکو ئەگەر خوا کوڕێکی پێداین بە گیرفانی خاڵی و ئەگەر کچیش بوو بەدڵێکی تەنگ و غەمگین لە نەخۆشخانەکان نەیەینە دەرەوە.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٦١٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٩ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# ژنی کورد کاری ڕێکخستنی پێناکرێت !

ئەم نووسینە دەکرێت بڵێم قسەکردنە یاخود تێبینی و ڕوونکردنەوەیەکە بۆ بابەتی (ژن و کاری ڕێکخستن) ی (ئەدیبە عەبدولکەریم) کە لە ژمارە (٤٣٦٤) ی ڕۆژی ٩/٤ی هەمان لاپەڕەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوبۆوە، لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆی، بەڵام حەزمکرد ئەم چەند دێڕە وەکو ڕوونکردنەوەیەك بنووسم.

سەرەتا بۆ ئەوەی توشی بەد حاڵیبوون نەبین من وەکو خۆم بڕوای تەواوم بە ماف و دۆزی ژنان هەیە و لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی نووسەری ئەو بابەتەم، بەڵام لە ئێستا و لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بڕوام نییە ژن کاری ڕێکخستنی پێ بکرێت، ئەویش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە ئەمانەن:

کاتێك دەڵێم لەو بڕوایەدام ژن کاری ڕێکخستنی پێ نەکرێت لە ئەنجامی ئەوە نییە کە بەلاوازو بێدەسەڵاتیان بزانم یان لە ئەنجامی ئەوە بێت بڕوام بەکارو خەبات و ماندوبوونیان نەبێت نەخێر، بەڵکو ئەوەندەی بڕوام بە کارو خەبات و ئیشوکاری ژنان هەیە نیو هێندەو بگرە کەمتر و کەمتریش بڕوام بە کاری پیاوان نییە، دیارە ئەو قەناعەت و بڕوایەشم هەروا لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی سەرنج و تێبینیکردنم لە ئیشوکارەکانی ژنانەوە ئەم قەناعەتەم بۆ دروست بووە بەتایبەتی ئەو ژنانەی لە ڕێکخستنەکانی حزب و ڕێکخراوەکانی ژناندا بوێرانەو ماندونەناسانە ئەرکێکی قورسیان داوە بەشانیانداو کاری خۆیان ئەنجام دەدەن ئەویش لە پێناو بەدەستهێنانی سەرجەم مافە سروشتی و

ئاساییەکانی خۆیان، ئەگەر بەوردی و بەگشتی سەرنج بدەین، لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە ئەوەندەی ژن کارو بەر پرسیارێتی گەورەو گرنگیی لە ئەستۆدایە، کەچی لە هەمان کاتدا پیاوان وانین و ئەگەر بەرپرسیارێتییەکیشیان لە ئەستۆدا بێت، ئەوا رەنگە کەم و سادە و سووك بێت و سەرتاپای ژیانیان پڕ بکەنەوە. ئەگەر بێت بەراوردێك بکەین لەنێوان ژنی کورد و ژنی جیهان ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ژنی کورد بە ئازاترین و بەتواناترین و بەخشندەترین و بەتەحەمولترین ژن دەژمێردرێن لەچاو ژنانی جیهاندا، لەهەموو وڵاتە پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتووەکاندا بگرە لە هەندێ وڵاتی رۆژهەڵاتیشدا کاتێك ژنێك سەرقاڵ دەبێت بەکاری سیاسیەوە یاخود هەر کارێکی تایبەتی ترەوە بەهەموو شێوەیەك لە چەندین لاوە کار ئاسانی بۆ دەکرێت. بگرە هەر لە خزمەتکاری ماڵەوە تادەگاتە سووککردن و کەمکردنەوەی ئیشە لاوەکیی و تەگەرەکانی بەردەمی، رەنگە لە هەموو وڵاتانی پێشکەتوودا ژنێ نەبێ وەکو ژنی کورد لەیەککاتدا دایك بێت و یەکەم کەس بێت لەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ئەستۆیەتی لە پەروەردەکردنی منداڵ و لەهەمانکاتیشدا کابانێکی باش و کارامە بێت و ڕۆژانە چەندین میوان بەڕێ بکات و خزمەتکارو ئیشکەری ناوماڵ و لەگەڵ ئەوەشدا خزم و دۆستێکی باش و هاوسێیەکی بەئەمەك و هاوسەرێکی میهرەبان بێت بۆ مێردە تورەو بێزارەکەی، مەگەر نازانین ژنانی ئێمە جیاواز لە هەموو ژنانی جیهان خاوەن چەندین کارن و هەر لە نوێژی بەیانیەوە و بەدرێژای ڕۆژ تادەگاتە نیوەی شەویش هەر خەریکی کاری ناوماڵ و خزمەتکردنی مێرد و منداڵ، بەڕێکردنی میوان و



بەجێهێنانی دەوامی ئاسایی خۆی و شۆردنی قاپ و قاچاخ و جل شتن و زۆر کاری تری ماڵەکەی کەهەمووان دەزانین چین و چۆنن. ئاخر ژنێك ئەو هەموو کارو بەپرسیارێتییە سەخت و گرنگەی لە ئەستۆدابێت چۆن دەرفەتی ئەوەی دەبێت و دەتوانێت هاوشانی پیاوان سەرقاڵی کاری ڕێکخستن بێت؟ پیاوان جا لەهەر بوارێکدا بن، ئەوا بێگومان ژنەکانیان هاوکاریانن و یارمەتیان دەدەن و کارئاسانیان بۆدەکەن، بۆیە کەم و کورتی لە کارەکانیاندا دەرناکەوێ، بێگومان ئەوەی بۆ پیاو دەکرێت بۆ ژنیش بکرێت رەنگە زۆر باشتر بتوانێت کارەکانی رای بکات.

بۆیە من لە کۆتاییدا دەڵێم بۆ ئەوەی ژنی کورد بێ بەربەست و کۆسپ لە ڕێکخستن و دامودوزگا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژناندا ئازادانەو سەرکەوتووانە کاری خۆیان ئەنجام بدەن، دەبێت کۆمەڵێك ئاسانکارییان بۆ بکرێت و ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانیانە سووك بکرێت تاوەکو ئەوانیش بتوانن وەکو هەموو ژنانی جیهان لە بواری سیاسەت و زانستی و فکری و رووناکبیریی و کۆمەڵایەتی و سەرجەم بوارەکانی تر خزمەتی خۆیان پێشکەش بکەن و جێدەستیان دیار بێت و کۆمەڵگەکەشمان بێ بەش نەبێت لەبەهرەو تواناکانیان، چونکە ئەگەر پیاوانیش ئەو هەموو ئەرکە زۆرەیان بدرێت بەسەردا بە دڵنیایەوە ناتوانن نیوەی کارەکان بەجێ بگەیەنن، بۆیە ئەگەر هەر بەمشێوەیەی ئێستا بێت بە دڵنیایەوە ژنان دەرفەتیان نابێت و کاری ڕێکخستنیشیان پێ ناکرێت.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٣٧٠ )ی رۆژی ٢٠٠٧/٩/١١ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# کێ بەرپرسە لە ڕێگریکردن لەم شێوە توندوتیژیانەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت؟

ژنان ئەوەندەی لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە ڕووبەڕووی توندوتیژی و نایەکسانی دەبنەوە، ڕەنگە لە هیچ کۆمەڵگەیەکی تری دەورو پشتمان بەو شێوەیە نەبێت، توندوتیژیەکانی ئێمە تەنیا بە چەند شێوەیەك نین، بەدەیان شێوەو لەدەیان ڕێگەی جیاجیاوە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، ئەوەتا ڕۆژانە بەبەرچاوی حکومەت و دامودەزگا ئەمنیەکان و ڕێکخراوەکانی ژنانەوە بەئاشکراو بە نوێژی نیوەڕۆ ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، بەبێ ئەوەی تاکو ئێستا هیچ کەسێکیش تەنیا هەوڵێکی بچوکی دابێت بۆ نەهێشتنی ئەو توندوتیژیە، ئەم توندوتیژیانە یەکێکە لە ترسناکترین و جەرگبڕترین ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت، تاوانەکەش کەسانێك پێی هەڵدەستن ناوی خۆیان ناوە (شێخ........) لەناو خەڵکیشدا بە فاڵچی و جادووگەرو نوشتەچی ناسراون، ئەوەی بیری لێ نەکەیتەوەو نەتبیستبێت لەماڵەکانی ئەم فاڵچی و جادووگەرانە دەیبیستیت، لەلایەن هەندێك لە فاڵچیەکانەوە تاوانی زۆر گەورە بەرامبەر ژنان ئەنجام دراوە، لەدیارترینیان سێکس کردنە لەگەڵ ئەو ژنانەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە خێزانی و



کۆمەڵایەتیەکانیان ڕوویان تێدەکەن، ئیختیاری ئەوەیان دەخرێتە بەردەم کە کێشەکەیان بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، یان خۆیان تەسلیمی فاڵچیە ناشیەکان بکەن و بەئارەزووی خۆیان لەگەڵیان ڕابوێرێت، چەند نمونەیەکم لە بەر دەستدان کە ژنان بەخواستی خۆیان پێشنیازی فاڵچیەکان و بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەیان لاشەی پاك و بێگەردیان کردووەتە بەردەم نەوس و هەستی گڵاوو پیسی فاڵچیەکانەوە، مومارەسەی سێکسیان لەگەڵ کردوون. لە ڕاستیدا پرسیار گەلێکی زۆر دێتە ئاراوە، ئاخۆ کێشەیەکی خێزانی وەك دەمەقاڵێ و دڵپیسی و وردە شەڕی نێوان ژن و مێردەکان، یان شەڕی نێوان بوك و خەسوو، یا نەگونجانی هەوێ لەگەڵ هەوێدا و بوك لەگەڵ دشەکەیدا، چ پەیوەندیەکی بەوەوە هەیە بە سێکس کردنێك لەگەڵ فاڵچەکاندا چارەسەر بکرێت؟ ئایا چی وایکردووە هەندێك ژنان پەنا بەرنە بەر ئەو کارە دزێو و نایاسایی و ناکۆمەڵایەتی و ناشەرعیە؟ ئایا ئەو ژنانە بیر لەوە ناکەنەوە کە خۆیان کەسی یەکەمی ناو کێشەکانن و پێویستە سروشتیان وا لێبکەن لەگەڵ بەرانبەرەکەیاندا بگونجێن، نەوەك هەستن بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە ناکۆمەڵایەتی و ناشەرعیە، کە بێگومان ئەگەر کێشەی زیاترو گەورەتر بۆ ئەنجامدەری ئەو کارە دروست نەکات بە دڵنیاییەوە چارەسەری ناکات.

بۆ دڵنیابوون لە بوونی ئەم دیاردەیە چەند نمونەیەك بە کورتی دەگێڕمەوە کە ئەنجامدەرانی ئەو کارە(فاڵچیەکەو ژنە نێچیرەکانیش) ناو و شوێنیان لامان پارێزراون.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بەهۆی چەند کارێکەوە ڕێمان کەوتە یەکێك لە کۆمیتەکانی ژنانی پارێزگای سلێمانی، دوای دانیشتنێکی زۆرو باسکردن لەو تاوانانەی بەرامبەر ژنان ئەنجام ئەدرێت، لێپرسراوی ئەو کۆمیتەیە بۆی گێڕاینەوەو وتی:"لەگەڵ ژنێکی مامۆستادا سەردانی فاڵچیەکمان کرد بەهۆی ئەوەی مامۆستاکە کێشەی لەگەڵ مێردەکەیدا هەبوو، دوای ئەوەی مامۆستا ژنەکە کێشەکەی بۆ فاڵچیەکە باسکرد، فاڵچیەکە بێگوێدانە هەموو بەها ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان ڕاستەوخۆ ئەوەی بە مامۆستا ژنەکە وت کەچارەسەری کێشەکەی ئاسانە، بەڵام ئەگەر خۆی مەبەستی بێت، ئەویش ئەوەیە دەبێت لەگەڵیدا ڕابوێرێت، ئەگەرنا کێشەکەیان لەگەڵ مێردەکەیدا هەر بەردەوام دەبێت".

هەر هەمان کات هاوڕێیەکی ترم نمونەیەکی تری بۆگێڕامەوە و وتی:" ژنێکی ناسیاومان خوشکەکەی کێشەی هەبوو، ماوەیەك پێوەی گیرۆدە ببوو، بۆیە ئەو ژنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوشکەکەی چووە لای فاڵچیەك و دوای ئەوە فاڵچیەکە پێشنیاری ئەوەی بۆ دەخاتەڕوو کەدەبێت لەگەڵیدا ڕابوێرێت، بۆیە ژنەکەش بەمەرجەکەی کاکەی فاڵچی ڕازی دەبێت و دەچێتە ژێر داخوازی فاڵچیەوە."

هەر ئەو هاوڕێیەم وتی" ژنی یەکێك لە فاڵچیەکان بەهۆی ئەو کارە قێزەونەی مێردەکەیەوە، چەندین جار بەجێی هێشتووەو ویستوویەتی ڕێگری لێبکات، بەڵام کە زانیوێتی چارەسەری نییە گەڕاوەتەوە ماڵەوە.



کەسێکی تریش بۆی گێڕامەو وتی:" ژنێك لەگەڵ هەوێکەیدا کێشەی دەبێت و بەیەکەوە هەڵناکەن بۆیە دەچێتە لای فاڵچیەك تاکو نوشتەی بۆ بکات، بەڵام بەهەمان شێوەی ژنەکانی تر بووەتە نێچیری فاڵچیەکەو لەگەڵیدا ڕایبواردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی پیاوەکەی دڵی ژنەکەی تری برەنجێنێت و لێی جیابێتەوە".

ئەوەی ماوە بوترێت ئەوەیە: جگە لەوەی ئەو فاڵچیانە بێگوێدانە یاسا و دابونەریتی کۆمەڵگاو لایەنی ئەخلاقی، بەربوونەتە گیانی ژنانی داماو و سەرلێشێواو خاوەن کێشەو ناحاڵی و تێنەگەیشتوو، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك: پۆلیس و ئاسایش و لەسەروو هەمووشیانەوە بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، پاشانیش ڕێکخراوەکانی ژنان لەئاست ئەم دیاردە ترسناکەدا بێدەنگبوونەو تاکو ئێستا هیچ کارێکی ئەوتۆیان لەو ڕووەوە نەکردووە، بە تایبەتی لێپێچینەوە لەگەڵ فاڵچی و جادووگەراندا، ڕێگەیان داون بە ئارەزووی دڵی خۆیان ئەو تاوانە ئەنجام بدەن، ئەمەش جگە لەوەی دەستدرێژی و تاوانە بۆ سەر ژنان، تێکدان و شێواندنی سیمای جوان و ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردیە، بۆیە پێویستە چیتر لێی بێدەنگ نەبین و ڕێگە بەو جۆرە کەسانە نەدرێت بەناوی جیاجیاو فرت و فێڵەوە، گەورەترین تاوان بەرامبەر ژنان ئەنجام بدەن.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٠ )ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٧ ی ڕۆژنامەی (چەمچەماڵ)دا بڵاوبوەتەوە.**

# پیاوانیش پێویستیان به هۆشیار کردنەوەیە

لە ئێستادا زۆر رێکخراو و سەنتەرو کۆمەڵە دروستبوون کەتایبەتن بەژنانو لە پێناو بەدیهێنانی مافە سروشتی و مەدەنیەکان و کەمکردنەوەی توندوتیژی و ئازاری ژنان تێدەکۆشن و کارو پرۆژە و چالاکیەکانیان بۆ هۆشیارکردنەوەو بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ژنانە، دیارە دروستبوون و کاری ئەو سەنتەر و رێکخراوانە جێی هیواو ئومێدە تا ئەو کاتەی بتوانن رێرەوی کاریان بە ئاراستەی بە دەنگەوە هاتن و کەمکردنەوەی توندوتیژی بێت بەرامبەر بە ژنان، لە ڕابردووشدا لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە توانراوە زۆر کاری باش بۆ ژنان بکرێت هەر لەدابینکردنی سادەترین شتەوە تادەگاتە دالدەدان و رزگارکردنیان لەمەرگ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە قسەکردنە لەسەر تایبەتمەندێتی ئەو دامەزراوانە و لەبەرامبەردا نەبوونی رێکخراو گەلێکی لەو چەشنە بۆ رەگەزی بەرامبەر، سەرجەم ئەو رێکخراو و کۆمەڵانە بەشێکی سەرەکی کاریان تەرخان کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کچان و ژنان، وەکو پێشتر ئاماژەمپێدا دیارە ئەمە کارێکی بەجێ و سوودبەخشە بەو مانایەی ئیشکردنە لەسەر هۆشیارکردنەوەی پێکهاتەیەك کە لانی کەم نیوەی کۆمەڵەو رۆڵێکی بەرچاو و سەرەکیان هەیە لەسەر تەواوی بەشەکەی تر کە رەگەزی نێرە، بەڵام هۆشیارکردنەوەی ژنان بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی رێبگرن لە



ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەریان، چونکە رەگەزێکی سەرەکی و خاوەن بڕیار و دەسەڵات هێشتا بەناهۆشیاری و عەقڵێکی دۆگماوە ماونەتەوە، رەگەزی نێر هێشتا خاوەنی دەسەڵات و بڕیارن لە چوارچێوەی خێزاندا، بۆیە ئەگەر بەشێکی کەمیشیان بەناهۆشیاری مابێتنەوە، ئەوا لەتوانادا هەیە پرۆژەو کاری جوانی زۆرێك لە ژنانی هوشیار لەباربەرن و رێگربن لە بەردەمیاندا، بۆ ئەمەش چەندین نمونەی زیندوومان لەبەر دەستدایە، ئەوەتا لە ئەم ساڵ و ساڵانی رابردووی خوێندندا باوك و برا ناهۆشیارەکان کچ و خوشکەکانیان لە خوێندن دەر هێناوە، بەبێ ئەوەی حەز و ئارەزووەکانیان لە بەرچاو بگرن، ڕاپێچی نێو چوار دیوارەکەی ماڵەکانیان کردوون و لە پرۆسەیەکی وەکو هەراجدا بە شوویان دەدەن و حەزو ئارەزوو و توانا و ویستەکانیان دەکوژن و بۆ هەتا هەتایە بێبەشیان دەکەن لەو مافە سەرەتایی و سروشتییەی کە خوێندنە، ئەمە سادەترین نمونەیە کە پیاوانی نا هۆشیار بەرامبەر کچان و ژنانی هۆشیار ئەنجامیدەدەن، بۆیە وەکو چۆن بۆ هۆشیار کردنەوەی کچان و ژنان دەیان سەنتەر و رێکخراو گرووپی جۆراو جۆر دروستبوون بە هەمانشێوەش پێویستە بۆ هۆشیارکردنەوەی پیاوان چەند سەنتەرو رێکخراوێك هەبن تاوەکو بتوانن زیاتر خزمەت بەڕەگەزی ژنان بکەن و چیتر پیاوانیش نەبنە رێگرو لەمپەر لەبەردەم ژیانی تایبەتییاندا.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٥٠٤)ی رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٤ ی رۆژنامەی (کوردستانی نویێ) دا بڵاوبوەتەوە.**

# ئەو جیاوازییانەی لەنێوان کچ و کوڕدا دەکرێت

زۆرجار لەمیانی نوسین و وتارەکاندا، ئاماژە بەبوونی جیاوازیکردن لەنێوان رەگەزی مێینەو نێرینە لەناو خێزانەکاندا کراوە. هەڵبەت بوونی جیاوازیکردن یان هەبوونی ئەو هەستە لەلای دایك و باوك یاخود دایەگەورەو بابەگەورە کاریگەری خراپ و نەخوازراو لەسەر ژیان و دەروونی نەوەکان بەجێ هێشتووە. راستتریش وایە بڵێم ئەو کاریگەرییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر رەگەزی مێیینە بەدەردەکەوێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم هەبوونی ئەو جیاوازیکردنەیە لەناو خێزانی کوردیدا. ئەمە سەرەرای ئەوەی ژیان گۆرانکاری و پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیووەو بیرو هزری تاکەکانی کۆمەڵگە تارادەیەك گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام وەك دەبینین هێشتا بوونی ئەو هەستی جیاوازیکردنە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبینرێت و لەناو خێزانەکانیش پەیرەو دەکرێت و رۆژانە سەدان کچی ئەم کۆمەڵگەیە دڵ و دەروونیان داخ دەکرێت بەوتە ئاگرین و سوتێنەرەکانی دایك و باوکیان.

رۆژانە دەبینین دایکان و باوکان لە مامەڵەو قسەی رۆژانەیان جیاوازی دەکەن لەنێوان کچ و کورەکانیان. تەنانەت زۆرینەی ئەو دایك و باوکانە هەست بەوە ناکەن یاخود ئەو بروایەیان نیە ئەو جیاوازیکردنە کارێکی ترسناك و مەترسیدارەو رۆژانەو بە بەردەوامی دڵ و دەروونی کچەکانیان



دەسوتێنن و تۆوی نەبوونی متمانە بەخۆیان و هەستکردن بەلاوازی و بەکەمزانی لە دەروونیاندا دەچێنن.

گومانی تێدا نیە ئەم جیاوازیکردنە لەنێوان رەگەزی نێرو مێ دا مێژووییەکی دێرینی هەیە. بەڵام ناکرێت لەئێستاو لەم سەردەمەدا قسە لەسەر ئەو بابەتە نەکرێت و لێبگەرێین داب و نەریت و کلتوری دواکەوتوو و خراپ چۆن هاتووە هەروا بروات و درێژەی هەبێت. بەڵکو لەگەڵ ئەوەی ئەرکی رێکخراو و ناوەندو گروپە رۆشنبیری و ئەو لایەنانەیە کە کاردەکەن لەپێناو یەکسانی رەگەزی و پاراستنی مافدا، ئەوا ئەرکی سەرشانی تاك بەتاکی کۆمەڵگەشە ئەوە لەئەستۆ بگرێت و هەرکەسەو لای خۆیەوە کاربکات بۆ نەهێشتنی کلتورو نەریتی خراپ.

هێشتا ئەرکی زۆرماوە بیانکەین و زۆر نەریت و کلتوری خراپ و دواکەوتوو لەناو خێزانەکاندا هەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ توندوتیژییە بەرامبەر بەرەگەزی مێینەو رەنگە هەمووانیش لێی بیدەنگە بووبێتین. تائێستاش دایکان و باوکان هەر لە منالییەوە بەگرنگییەوە دەروانن ە منالە کورەکانیان، لەبەرامبەریشدا کچەکانیان پشتگوێ دەخەن. هێشتا زۆر خێزان هەن جیاوازی دەکەن لەپێدانی خواردنی باش و بەتام لەنێوان کچ و کورەکانیاندا، هێشتا جیاوازی دەکرێ لە کرینی جل و بەرگ و پێداویستییەکانیان، لە سەردانیکردن و چوونە دەرەوەیان لە یاریکردن و بەرجەستەکردنی حەزو خواست و هیواکانیان. لەهەڵسوکەوت و مامەڵەو قسەکردن لەگەڵیان. جیاوازییەکان وایکردووە چاو لەهەڵەکانی نێرینەکان بپۆشرێت و مێینەکانیش باجی خۆیان بدەن. تائێستاش لەهەندێك لە

خێزانەکاندا کاتێك کچێك مامەڵەیەکی ناجۆرو نەگونجاو بەرامبەر بە برایەکی بکات تەنانەت ئەگەر ساڵانێکیش لەبراکەی گەورە تربێت، دەست بەجێ لەلایەن دایك و باوکییەوە سەرزەنشت دەکرێت و پێی دەوترێت "ئەتکەم بەقوربانی هەناسەیەکی ئەو کورە". ئەمە ئەو مانایە لەخۆدەگرێت کە ژیان و بوونی ئەو کچە بەرامبەرو یەکسانە بە هەناسەیەکی کورەکە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەکەم تەماشاکردنی مێینەیە. رەنگە هەموومان چەندین چیرۆك و بەسەرهاتی وامان لەلابێت کە بەڵگەبن بۆ بوونی ئەم جیاوازیکردنە لەنێوان کچ و کور، یان خوشك و براکان لە ناو خێزانەکاندا.

ئەم جیاوازیکردنە کلتورێکی خراپەو سەدان ساڵە لەناو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. بەڵام دەکرێت کار بۆئەوە بکرێت لایەنی کەم بوونی ئەو جیاوازیکردن و هەبوونی جۆرە بیروبۆچوون و سروشتێکی لەم چەشنە لەناو خێزانەکاندا کەم بکرێنەوە. ئەمەش دواجار هەنگاوێکە بەئاراستەی دروستکردنی کۆمەڵگەو خێزان و تاکێکی تەندروست و ژیانێکی وەك یەکی و بێ گرفت و ئاریشە. هاوکات هەنگاوێکیشە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر رەگەزی مێینە.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٥٥٠٩ )ی رۆژی ٢٠١١/٦/١٩ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# پیاو بۆ وای لێ هاتووە!

زۆرجار هەندێك چیرۆك و بەسەرهات دەبینین یاخود دەبیستین، رەنگە مایەی برواکردن نەبێت. یاخود رەنگە ببێتە مایەی سەرسامی بەرامبەر بەکارو کردەوەکانی پیاوان.ئەو بەسەرهاتانە وات لێدەکەن متمانەت بە پیاو و نێرینەکان نەمێنێت.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە چەند نموونەیەك بکەم کە دڵرەقی و ناحاڵی بوون و هەستی شەرخوازانەی پیاو نیشان دەدات و ئەوە رووندەکاتەوە کە پیاو ئەگەر تێنەگەیشتوو ناحاڵی بێت چ بوونەوەرێکی ترسناك و زەرەرمەندە.

لەم چەند رۆژەی پێشوودا دۆستێکم بۆی گێرامەوە کە لە شارۆچکەیەکی ئەم هەرێمە پیاوێك لەماڵەکەی خۆیدا دەستڕێژی گوولە لە ژنەکەی خۆی دەکات و بەو هۆیەوە سێ پەنجەی پێیەکانی دەپەرێت. هۆکاری ئەم تووڕەبوون و دەستدانە چەکی ئەو پیاوە وەك دەگێڕنەوە تەنها ئەوە بووە، ژنەکە چای بایەعی لێناوە، بەڵام مێردی بەڕێزی تام و بۆنی چاییەکەی بەدڵ نەبووەو پرسیاری کردووە کە ئایا چای تام و بۆنخۆشی بازاریان نیە؟ ژنەکەی بەڵێ چای بازار هەیە. بەڵام پیاوەکەی بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێ و لەبەرئەوەی ژنەکەی چای بایەعی لێ ناوەو چای بۆنخۆش و تامخۆشی بازاری نەداوەتێ. دەمودەست دەیداتە بەر دەستڕێژی گوولەو وەکو باسمکرد بەوهۆیەوە سێ پەنجەی پێیەکانی بریوەتەوە.

یەکێکی تر لەو نموونانەی کە ئاماژە بە هەستی شەرخوازی هەندێك لە پیاوان دەکەن بەسەرهاتێکی ترە. ئەویش بەهەمان شێوە لەیەکێك لەشارۆچکەکانی کوردستاندا بووە، بەهەمان شێوەی نموونەکەی پێشتر پەیوەندی بە "چا"وە هەیە و پێدەچێتی ژنان لەگەڵ چادا بەختیان نەبێت. هاورێیەکم بۆی گێرامەوەو وتی، ناسیاوێکم لەماڵی خۆیان داوای لەهاوسەرەکەی کردووە "چا"ی بۆ ئامادە بکات. بەڵام هاوسەرەکەی بەهەر هۆیەکەوە بووبێت نەیتوانیووە لەو کاتەدا چاییەکە ئامادە بکات و پێی بگەیەنێت کە مێردەکەی ویستوویەتی. هەر بۆیە دەمودەست مێردەکەی سێ بەسێ تەڵاق دەخوات و هەر لەوجێیەدا هاوسەرەکەی تەڵاق دەدات و ژمارەیەك منداڵ سەرگەردان دەکات.ئەو کەسەی ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێرامەوە باسی لەوەشکرد، هەر ئەم پیاوە چیکڵدانە تەنگە دوای ئەوەی بەهۆی ئامادەنەکردنی چاوە لەکاتی خۆیدا لەو ژنەی جیادەبێتەوە. پاش ماوەیەك ژنێکی تر دەخوازێت و دوای تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر هاوسەرگیریان لەئۆتۆمبێلدا دەبن لەگەڵ هاوسەرە تازەکەیدا، بەڵاًم دیارە ئەو پیاوە لەکاری خراپی خۆی نەکەوتووەو ئەم ژنەشی بەختی لە ژنی پێش خۆی باشتر نەبووە. ئیتر پیاوەکە لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا لەگەڵ ژنەکەیدا دەبێتە شەریان و بێ ئەوەی بیر لەئەنجامی کارو کردەوەکانی بکاتەوە، پێلەقەیەك دەکێشێ بە هاوسەرەکەیداو لە ئۆتۆمبێلەکەی فڕێی دەداتە خوارەوەو وەك دەڵێن بەموعجیزە لەمەرگ رزگاری دەبێت. ئەمە چیرۆکی پیاوانی تورەو دەروون نەخۆش و رەفتار ترسناکن. کە هەندێکجار وا گومان دەبەیت کە پیاوان



دابراون لە هەست و سۆزو بەزەیی. جێگەی سەرسورمانە چۆن پیاو ئەو کەسەی هاوبەشی ژیانی ژنانە، باوك و سەرپەرشتیارو خەمخۆری منداڵەکانێتی. بەو شێوەیە مامەڵە بکات و کارو کردەوەی لەو شێوەیەی لێ بوەشێتەوە. ئەمە چ هەست و ویژدان و تێگەیشتن و تێروانینێکە بۆ ژنان بەمشێوەیە مامەڵەیان لەبەرامبەردا بکرێت؟ دیسانەوە چەند پرسیارێك سەرهەڵدەدەن بەرامبەر بە بیرو بۆچوونو ئاستی تێگەیشتنی پیاوان. لەبارەی رۆڵ و کاریگەری رێکخراوەکان، لەسەر ئەرك و کاری راگەیاندنەکان، پرسیار لەسەر رۆڵی دادگاکان و یاساو رێساکان بۆ پاراستنی ژنان و پارێزگاری لێکردنیان. هەموو ئەمانە پرسیاریان لەسەرەو دەکرێت و هەموو ئەو لایەنانە بەرۆڵ و کاری خۆیان هەستن و بۆئەوە کاربکەن توندووتیژی بەرامبەر بە ژنان کەمبکرێنەوەو کارێکی وابکەن ژێتر ژنان نەبنە نێچیری دەستی بیروباوەری نارێك و تورەبوونی پیاوان.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٥٥٢٧ )ی رۆژی ٢٠١١/٧/١٠ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بڵاوبوەتەوە.**

# خەسووسالاریی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێزانی کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەك هەڵکەوتووە کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ پێکەوە گرێی داوە کە زۆر جیاوازە لە پێکهاتەی خێزانێکی رۆژئاوایی یان ئەوروپی بە تایبەتی لەرووی بەهێزی یان لاوازی پەوەندی تاکەکانی ئەو خێزانەوە. بەشێوەیەکی گشتی خێزانی کوردی پێکهاتووە لە دایك و باو ك و منداڵەکانیان، لە زۆربەی خێزانەکانیشدا داپیرەو باپیرە دەبنە ئەندامێکی سەرەکی خێزان و هەندێکجار بەهۆی داب و نەریتەوە بێت یان هۆکاری ئاینی، داپیرەو باپیرە تاکو لە ژیاندا بن خاوەن دەسەڵات و بریاردەری خێزان دەبن و بەشدار دەبن لەسەرجەم ئەو گۆرانکاری و بریارانەی کە لە چوار چێوەی ئەو خێزانەدا روویدات .

**خۆی هەڵدەقورتێنێ**

تەنانەت لە زۆرێك لە خێزانەکاندا "داپیرەو باپیرە" کە دەکاتە "خەزوور و خەسوو" بەلای بوکی خێزانەکەوە، بەشدار دەبن یان راستتر وایە بڵێین دەست دەخەنە یان خۆهەڵدەقورتێنن لە کاروبارە شەخسی و تایبەتیەکانی کور و بوکەکانیان، زۆر نموونە هەن ئەگەر باسیان لێوە بکەین ئەوەمان پیشان ئەدەن چۆن خەسووەکان بوونەتە دێوەزمەیەك لەبەردەم حەزو ئامانجەکانی بوکەکانیان، زۆر خەسوو هەن بەشێوەیەك خۆیان هەڵقورتاندووەتە ناو کاروباری بوکەکانیانەوە هیچ ئازادیەکیان بۆ



نەهێشتوونەتەوە بەرادەیەك بریاری منداڵبوون و جیابوونەوە لەماڵە خەزووران و سەردانی ماڵە خزمان و بگرە چۆنێتی پۆشینی جلوبەرگ و زۆر شتی تریش کە رەنگە زۆر سادەبن و بوکەخان مافی خۆی بێت خۆی بریاریان لەسەر بدات، بەڵام خەسووەکان دەست دەخەنە ئەو کاروبارانەوەو خۆیان بە بریاردەر دەزانن لەسەریان . رەنگە هەر ئەم دەستخستنە نابەجێیە بێت لە ئیشوکارەکانیاندا وایکردبێت ناکۆکی و دڕدۆنگی و جۆرێك لە ناتەبایی و دوژمنایەتیەکی سووکی لەنێوان ئەم دوو ژنە دروست کردبێت کە پێیان دەوترێت بووك و خەسوو.

**رەنگە لەدڵسۆزی و خەمخۆرییەوە بێت**

خەسوو دەیەوێت بوکەکەی وەکو کچەکەی باشتربێت و وەکو کچی خۆی بەردەستی بکات و هەرکاتێکیش بیەوێت تێر قسەی ساردو سوکی ئاراستە بکات. خەسوو دەیەوێت کورەکەی هەمان کوری جاران و هەر کورەکەی دایە بێت، خەسوو دەیەوێت دەسەڵاتی خێزان و بڕیارو گۆرانکاریەکان هەمووی بەدەستی ئەوبێت"کە رەنگە لەدڵسۆزی و خەمخۆریەوەی بێت" .

**دەیەوێت خاوەنی دەسەڵات بێت**

بەکورتیەکەی خەسوو دەیەوێت خۆی خاوەنی دەسەڵات بێت و بەبێ پرسکردن بەو هیچ کارێك ئەنجام نەدرێت. خەسوو دەیەوێت چاودێرو ئامۆژگاریکارو ئاراستەکار بێت. ئەوەی خەسوو دەیەوێت دەکرێت ناوی لێ بنرێت "دەسەڵاتی خەسوو سالاری".

بەڵام ئەوەی گرفتەکەی زیاتر قوڵ کردووەتەوە ئەوەیە، نە خەسوو بوکەکەی وەکو کچی خۆی تەماشا دەکات و مامەڵەی لەتەکدا دەکات، نە

بوكيش وەكو دايكى خۆى تەماشاى خەسووى دەكات و "ئەمرو نەهى"ەكانى بە گوێ دەكات.

ژيانى ئەم دوو بوونەوەرە هاورەگەزە واتە "بووك و خەسوو" لە فەرهەنگى كۆمەلآيەتى و ئەدەبيدا پڕاوپڕە لە بەسەرهاتى خۆش و ناخۆش و رووداوى سەيرو سەمەرەو بگرە زۆرجاريش گۆرانى وپياهەڵدان و شيعرو پەندو نوكتەو گێرانەوەى گاڵتەئاميز و خەندەهێنيان، لەسەر دروست كراوە .

بەلآم ئەوەى تاكو ئێستا ناديارە مێژووى سەرەتاى ئەو ناكۆكى و دووبەرەكيەيە كە لەنێوان بووك و خەسوودا دروست بووە، بەلآم پێدەچێت لەگەڵ دروستبونى يەكەمين پێكهاتەى كۆمەلآيەتى بەناوى "خێزان" و بوونى دوو ژن لەو خێزانەدا بەناوى "بووك و خەسوو" ئەم بارگرژيانە دروست بووبێتن، رەنگە يەكەمين و تەنيا ناكۆكى و ناتەباييەك بێت كە هەر لەسەرەتاى دروستبوونى ژيانەوە تاكو ئەمڕۆ درێژەى هەيەو بەهيچ دەسەلآت و حەكيم و دكتۆرێك چارەسەر نەكراوە. هەروەك وتەيەكى بلآويش هەيە كە دەوترێت "رەنگە دايكە حەوا بەختەوەرترين ژنى جيهان بووبێت، چونكە تەنيا بوكێكە لە كەوندا خەسووى نەبووبێت، ئەگەر بەناويش بێت".

**زۆر هۆكارى لەپشتەوەيە**

رەنگە زۆر هۆكار لەپشتى كێشەكانى خەسوو و بوكەوە بێت هەر لە نزمى ئاستى رۆشنبيرى و پەروەردەى كۆمەلآيەتى و لايەنى ئابوورى و پێكهاتەى دروستبوونى خێزان و لايەنى ئاينى و زۆر شتى تر. بەلآم راستيەك هەيە



ناكرێت لێرەدا ئاماژەى پێنەدەين ئەويش ئەوەيە، بەردەوامبونى ژيانيش بەم ئەداو بيركردنەوەيە هێندەى تر گرفت و ناكۆكيەكان درێژە پێدەدات. هەر لە ئەنجامى ئەمەشەوەيە ئەو پەندە داهێنراوە كە دەڵێت "كەر بە پەيژەدا سەركەوێ ، بووك و خەسوو رێناكەوێ". بەو هيوايەى بووك و خەسووەكان هەر لەئێستاوە دۆستايەتيەك لەنێوان خۆيان دا دروست بكەن و چاوەرێ نەكەن ئەو گياندارە بە پەيژەدا سەركەوێ .

**ـــ ئەم بابەتە لە ژمارەى ( ٥٠٦٦)ى رۆژى ٢٠١٠/١/٥ ى رۆژنامەى (كوردستانى نوێ)دا بلآوبوەتەوە.**

# خۆزگە کچ نەبوومایە

هەمیشە کچ بوون یاخود مێبوون مایەی نارەحەتی و ئازارو دەردەسەری و نەگبەتی بووە بۆ خودی رەگەزی مێینە. لە ژیانی واقعی و راستەقینەدا مێبوون واتا نەگبەتی بوون و نامۆبوون. هەر ئەم نامۆبوونە راستەقینەیەشە وا لە کچان دەکات بڵێن "خۆزگە کچ نەبووینایە".

ئەمە وتەی کچێکی راگەیاندکارەو چوار ساڵ زانکۆی خوێندووەو تارادەیەکی باش تێکەڵی کۆمەڵگەش دەبێت و ئازادیشی پێدراوە. بەڵام هێشتا وەك تەواوی مێینەکانی کۆمەڵگە بەدوور نیە لە کۆت و بەندی داب و نەریتە خراپەکانی کۆمەڵگەو خۆزگە دەخوازێت کچ نەبوایە. چونکە لەو ژیانەیدا کە بەرێی کردووە لەوە تێگەیشتووە مێبوون لەم کۆمەڵگەیەو هاوشێوەی ئەم کۆمەڵگەیە خۆی لەخۆیدا بەند بوون و بەکۆیلەبوونە.

ئەم خۆزگەو هیواخواستنەی کە هەرگیز بەرهەمەکەی نایەتەدی، گومانی تێدا نیە هۆکارگەلێکی زۆری هەیە. تەواوی هۆکارەکانیش لەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە هەمیشە رەگەزی مێینە لەلایەن هەندێك لە کۆنەپەرستان و پارێزەرانی داب و نەریتی دواکەوتووەوە، لەرووی مرۆڤایەتییەوە بە مرۆڤی پلە دوو تەماشادەکرێن.

ئەگەر بەوردی گوزەرێك بەناو ژیانی راستەقینەی کۆمەڵایەتیماندا بکەین ئەوا بەروونی و ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت، بەردەوام مێینەکان"کچان و ژنان"ی ئەم کۆمەڵگەیە هەمیشە لەژێر پرسیارو چاودێری و کۆنترۆڵدان.



زۆر کەم دەبینین کچان و ژنانێك هەبن تەواو ئازادبن و لە ژێر چاودێری وردی خێزانەکانیاندا نەبن.

هەمیشە لەلای هەڵگرانی بیری دواکەوتووخوازانەوە ، لەلایەن پیاوانی خاوەن خێزانو سەرۆك خێزانەوە حەزو ئارەزووەکانی ژنان و کچان لە گۆر دەنرێت و زیندە بەچاڵ دەکرێت. تا هەنوکەش دەیان و سەدان کچ و ژنی ئەم کۆمەڵگەیە دیل و بەندکراوی بریارو راسپاردەکانی پیاوانن. تائێستاش لەزۆربەی بوارە گرنگەکانی ژیانی تایبەتییاندا مێینەکان خاوەنی بۆچوون و بریاری خۆیان نین و پرس و رایان پێناکرێت. کارەساتە لەئێستادا پیاوانێك هەبن بە "قۆناغی تفەنگ" بەربینە وێزەی گیانی ژنەکانیان و خەڵتانی خوێنی بکات. بە هێزو توانای پیاوێتی خۆیەوە دەست بکات بەدارکاری و کورد وتەنی "مار کوژی بکات" کەچی لەبەر درێژەدان بە ژیان و هەڵنەگیرساندنی ئاژاوەو ناکۆکی نێوان بنەماڵە هێشتا ئەم ژیانە نامرۆڤانەیە قەبوڵ بکات. ئەوەتا پیاوێکی خاوەن بنەماڵەو دەسترۆشتوو و خاوەن چەك لە یەکێك لەئاواییەکانی دەوروبەری بازیان ، رۆژانە بە قۆناغی تفەنگەکەی بەردەبێتە گیانی ژنی سێیەمی و وەك دەڵێن هەموو جارێك خوا رەحمی پێدەکات و لەمەرگ دەگەڕێتەوە.

گومانی تێدانیە، ژنانێك هەن لەدوای دەرچوونی مێردەکانیان لەماڵ، دەرگاکانیان لەسەر دادەخرێت و بەند دەکرێن و جگە لەو ئامێرانەی کە لەماڵەکانیاندان هیچ کەسێکی تر هاورێیان نابێت. ئەمە بۆ بەندیخانە نییە؟. ئەم کارانەی پیاوان چۆن ژنان و کچان نیگەران و دەروون روخاو ناکات؟ کوشتنی حەزو هیواو خەونەکانی مێینە، دارکاری و تێهەڵدان و

فەلاقەو ئێسك شكاندنی ژنان و چاودێری و كۆنترۆڵكردنی جوڵە و هەڵسوكەوت و وتەو قسەیان، چۆن وا لە كچان و ژنان ناكات لە ژیان و تەنانەت لە بوونی خۆشیان بێزارو وەرس نەبن.

بۆیە ئەگەر پێمان وابێت لەگەڵ پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆژیاو شارستانی، بیركردنەوەو ئەقڵییەتی كەسانی دواكەوتوو گۆڕانكاری تەواویان بەسەردا هاتووە ئەوا تێگەیشتنێكی هەڵەمان هەبووە. چونكە ڕۆژانە چەندین چیرۆك و بەسەرهاتنی دڵتەزێن و كارەساتبارو جەرگبڕ دەبیستین كە پیاوان چۆن و بە چ شێوەیەك ڕووبەڕووی ژن و كچەكانیان دەبنەوە. بۆیە لێرەوە دیسانەوە ئەركی ڕێكخراوەكانی ژنان و كۆمەڵگەی مەدەنی و لەهەموانیش لەپێشتر بەڕێوەبەرایەتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان قورسترو گرانتر دەبێت، ئەویش بەوەی لەپێش هەموانەوە ئەركی ئەوانە ڕێگری بكەن لەو جۆرە كارانەو كەمكردنەوەی ڕێژەی قوربانیەكانی دەستی پیاوانی دەروون نەخۆش.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٥٤٧٣ )ی ڕۆژی ٢٠١١/٥/٨ ی ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# دەستپێكردنی قۆناغێكی نوێی كاركردنی ژنان بەڵام سەخت و دژوار! !

ژنان خاوەنی دۆزێكن كە تاهەنوكە نەگەیشتوەتە ئەنجام و ڕەنگە دەیان ساڵی تری خەبات و شەونخونی و كاری قورسی پێویست بێت بۆئەوەی بەرهەمی ئەو ڕەنج و ماندوبون و خەبات و قوربانیدانەی سەدان ساڵەی ڕابردوو و ئێستایان بەدەستبهێنن.

دیارە ژنانی كوردیش لەئێستادا وەك هەزاران و ملیۆنان ژنی تری ئەم جیهانە ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەرگ و توندوتیژی و پێشێلكردنی مافەكانیان دەبنەوە، بۆیە ئەركێكی قورس و گران لەهەمان كاتیشدا پیرۆز و مێژووییان كەوتووەتە سەرشانیان و پێویست دەكات بە بەرنامەو بیرو ئەندێشەو ئەقڵێكی مۆدێرن و كامڵ و پتەو كاری بۆ بكەن و تەواوكەری ئەو زنجیرە خەبات و قوربانیدانەی ژنانی پێش خۆیان بن .. وەك ئاشكرایە لەم بەشەی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم دا بە بەراورد بەناوچەكانی تری عێراق و تەنانەت بەشێك لەوڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی تری دەوروبەر دۆزی ڕەواو بابەتی كێشەی ژنان بەرەو پێشچونێكی بەخۆوە بینیووە، ئەویش لەسایەی دەسەڵاتی دیموكراتی و ئازادی حكومەتی هەرێمدا، بەڵام دەستكەوتەكانی ژنان هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی كە ژنان بتوانن ئیدی بێخەمو ئاریشە پاڵی لێبدەنەوەو پێیان وابێت سەرجەم یاساو ڕێساكانی ئەم هەرێمو وڵاتە لەبەرژەوەندی ژناندایە.

بەڵكو بەپێچەوانەوە هێشتا زۆر یاساو ڕێسای واهەن كە هێشتا ڕێگرن لەگەیشتنی ژنان بەمافەكانیانو هەمیشە وەك دێوەزمەیەك لەبەرامبەر

کاروانی خەباتو گەیشتن بەمافەکانیان وەستاوەو ڕێگرە لەبەدیهێنانی زۆرێك لەمافە سروشتی و سادەو ساکارەکانیان.

بۆیە لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ەوە دیسانەوە ژنان لەپێناو زیاتر دەستەبەرکردنی مافەکانیان ئەرکێکی قورسی مێژووییان دەکەوێتە ئەستۆ کە دەبێت شان بەشانی تەواوی بابەت و قەزیەکانی تری گەلی کورد هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانو کەمکردنەوەی مەینەتیەکانی ژنان بدرێت ئەویش لەڕێگەی ئەو پۆلە ژنانەوە کە لەڕێگەی لیست و کیانە سیاسیە جیاجیاکانی کوردستانەوە پاڵێوراون و بۆ لەمەودوا دەبنە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان .. بۆئەوەی ئاسۆی بەدیهێنانی ئامانجەکان ڕونترو خۆری ئازادی ژنان گەشتر دەربکەوێت، جیاواز لەرەگەزی بەرامبەرو دوور لەهەر بارگرژیو هەستی توندوتیژیو ئایدیاو تێڕوانینی کوتلەو کیانو حزبێکی جیاواز، پێویستە ژنان وەك یەك تیمو یەك گروپ بەروحیەتی یەکتر قەبوڵکردنو بەبیرکردنەوەیەکی فیمینیزمانە لەناو پەرلەماندا ئەولەویەتی کارەکانیان بەرگریکردن بێت لە ژنانو هەوڵدان بێت بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئێشو ئازارو مەینەتیەکانی سەدان ساڵەی ژنان.

ئەمەش ئەرکێکی قورسو نوێیە لەم قۆناغەدا، بەڵام یەکبونو یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی ژنانی پێویستە، بێگومان کارکردنیش بەم ئاراستەیە، سەختو دژوارە بەڵام ئەنجامێکی دڵخۆشکەرو شیرینو مێژوویەکی پرشنگداری لێ بەرهەمدێت.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٩٤٣ )ی رۆژی ٢٠٠٩/٨/٦ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# "ژمارە مۆبایلی پەنجا کچم لە لایە"

مۆبایل یەکێکە لەو ئامێرانەی لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام خزمەتێکی گەورەو بەرچاوی بەمرۆڤایەتی گەیاندووە. لەکۆمەڵگەی ئێمەشدا ساڵانێکی کەمە ئەم ئامێرە بوونی هەیەو ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنەرانی ئەم ئامێرە لە زیادبوندایە. بەڵام ئەم ئامێرەش وەك زۆرێك لە بەرهەمەکانی تری تەکنۆلۆژیا لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە.

**بۆ چ مەبەستێکە؟**

واتە هەم دەکرێت وەك ئامێرێکی بەکەڵك و گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاربهێنرێت یان بەشێوەیەك بەکاربهێنرێت زیانی هەبێت. ئەمەش دەکەوێتە سەر کەسی بەکارهێنەر، چونکە کەسی بەکارهێنەرە مامەڵە بەو ئامێرەوە دەکات و چۆن و بە چ مەبەستێك بەکاری دەهێنێت. هەڵبەت ئەوەش ئاشکرایە لەم کۆمەڵگەیەدا خەڵکانێك هەن تەندروستانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامێرەدا ناکەن و ڕۆژانە لەرووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندنەوە هەواڵ و چیرۆك و بەسەرهاتی ئەوەمان پێدەگات کە کەسانێك **لەهەردوو** ڕەگەز بەهۆکاری خراپ مامەڵە کردن بەو ئامێرەو بەکارنەهێنانی وەکو پێویست و دروست ڕووبەرووی گرفت و کارەساتی گەورەو هەندێکجاریش مەرگ بوونەتەوە. حاڵەتی واهەبووە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلەوە زیاتر لە کەسێك بووەتە قوربانی و چەندین خێزان بەهۆیەوە سەرگەردان و دەربەدەربوون. ڕەنگە

زۆربەی حاڵەتەکان و زۆربەی قوربانیەکان لە ڕەگەزی مێینە بن ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژنان و کچانی ئەم کۆمەڵگەیە کەمتر لە نێرینەکان مافیان پێدراوە یاخود هەر نەیاندراوەتێ.

**وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن**

هەمیشە لەم کۆمەڵگایەدا ئەوەی لە گرفت و کێشەکان ڕزگاری دەبێت نێرینەکانن چونکە زۆر کارو کردەوە هەیە بۆ نێرینەکان ڕێگەپێدراوەو بۆ مێینەکان قەدەغەو نایاساییە هەڵبەت بەپێی یاسای کۆمەڵگەی دواکەوتوو و نێرسالاری. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە لەو گرفتانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی خراپی مۆبایلەوە ڕوودەدەن هەردوو لایەن واتە هەردوو ڕەگەز وەك یەك بەشدارن، بەڵام کۆمەڵگەو خێزانەکان وەك یەك و بەشێوەیەکی یەکسان تەماشایان ناکەن و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا نێرینەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕزگاریان دەبێت و قوتاردەبن و کورد وتەنی "وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن".

جیاوازیەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا زۆرن، نێرینەکان بەو شێوەیە دابەشیانکردوون کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە. لێرەدا ئاماژە بە شتێك دەکەم کە بۆمان ڕوون دەبێتەوە نێرینەکان چ بوونەوەرێکی سەیرو سەمەرەی کۆمەڵایەتین. لەمرۆژانەدا لەشوێنێکی قەرەباڵغدا گوێم لە پیاوێکی خاوەنی چەند منداڵێك بوو بە شانازیەوەو بەدەنگێکی بەرز دەیگوت : (ژمارە مۆبایلی پەنجا کچم لە لایە). دیارە لابوونی ژمارە مۆبایلی کەسانی تر بەمەبەستێکی دروست و بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی شیاو و یاسایی شتێکی ئاساییەو هیچ گرفت نیە. بەڵام گرفتەکە لێرەدایە



ئایا ئەو شانازی و هاوارکردنە بە دەنگێکی نێرانەو لەخۆباییی بوون بەوەی ڕێژەیەکی زۆر ژمارە مۆبایلی کچانی لایە چ لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت؟ جگە لە تێکچوون و گرفتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی نەبێت؟!

**کاردانەوەی خراپ**

لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دێتە پێشەوە، ئایا ئەو پیاوانەی وەها بیرکردنەوەیەکیان هەیە چۆن دەڕواننە کچان و مێینەکانی کۆمەڵگە؟ ئایا بە چ مەبەست و مەرامێك ژمارە مۆبایلی پەنجا کچیان لە لایە بەبێ ڕەزامەندی خۆیان؟ ئایا ئەو پیاوانە بەهەمان شێوەی خۆیان ڕێگە بە هاوسەرەکانیان دەدەن لە مۆبایلەکانیاندا ژمارە مۆبایلی پەنجا کوری نەناسی تێدابێت؟ بێگومان نەخێر. نەك هەر ڕێگە نادەن ژمارەی نەناسراو لە مۆبایلی هاوسەرەکانیاندا هەبێت، بەڵکو زۆرجار ڕێگەیان پێنادەن تەنانەت مۆبایلیشیان هەبێت، خۆ ئەگەر ڕێگەشمان پێدان مۆبایلیان هەبێت زۆر جار ڕێکەوتووە کورتە نامەیەك یان پەیوەندیەکی هەڵەی بۆ هاتووە، ئەوا کاردانەوەیەکی زۆر خراپیان هەبووە لەبەرامبەریان و دەست بەجێ مۆبایلەکانیان لە دەست دەسێندرێت و بەتوڕەیی و جۆرێکی نزیك لە شێتییەوە پەیوەندی بەو ژمارە نەناسەوە دەکەن و وێرای داشۆرینێکی زۆر هەرەشەی وەستاندنی هێڵی مۆبایلەکەشیان دەکەن. لەهەمان کاتدا تاماوەیەکی زۆر مۆبایلی هاوسەرەکانیان دەخەنە ژێر چاودێریەکی وردەوەو ڕۆژانە دەیپشکنن تاکو بزانن کورتە نامەو ژمارەی نەناسراوی بۆ نەهاتووە. خۆ ئەگەر حاڵەتێکی لەمشێوەیە ڕوویدات هیچ دوور نیە هاوسەرەکانیان ڕووبەڕووی توندترین سزاو قسەو

وتەی ناشرین بکەنەوەو (تەمبێی) بکەن، لەکاتێکدا هیچ تاوانێکی ژنەکەی تێدا نیە.

**ژمارە نەناسراوەکان بسرنەوە**

ئەمەیە جیاوازیەکە، دەبینین پیاوان بۆخۆیان چۆنن و بۆ هاوسەرەکانیان چۆنن و چۆن مامەڵەیەکیان لەگەڵدا دەکەن. بۆیە هەقوایە پیاوان وابیربکەنەوە چۆن بۆ هاوسەرەکانیان ڕێگەنادەن بەو شێوەیە مامەڵە بکەن. ئەوا بەهەمان شێوەش ویژدانی خۆیان بکەنە چاودێر بەسەر خۆیانەوەو ڕێگەنەدەن مۆبایلەکانی خۆیان نامەو پەیوەندی ئاراستەی ژمارە مۆبایلی کەسانی تری نەناسراو و کچانی ترەوە بکات، یاخود ئەگەر پەیوەندیەکیشی پێوەکرا بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی لەبەرامبەردا بکات. بۆیە ئەو پیاوانەی پەنجا ژمارە مۆبایلی کچیان لەلایە هەرئێستا با دەست بدەنە مۆبایلەکانیان و تەواوی ژمارە بێ سوود و نەناسراوەکان بکوژێننەوەو ویژانیان ئاسوودە بکەن، هەموو ئەمانەش لەپێناو جیاوازی نەکردن لەنێوان ڕەگەزەکانداو دروست نەبوونی گرفتی کۆمەڵایەتی و ڕانەکێشانی ڕەگەزی مێینە بۆ ناو گرفتەکان و بوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٥١٣٨ )ی ڕۆژی ٢٠١٠/٤/١ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# نابێ بەتەنیا بچنەدەرەوە؟!

کەلتوری نێرسالاری زەمەنێکی هێندە دوورو درێژی تێپەڕاندووە خۆی خزاندووەتە تەواوی کوچەو قوژبنەکانی ژیانی ڕۆژانەوەو دەسەڵاتی تەواوی بەخشیووە بەسەر ژیانی ژناندا.

بەواتایەکی تر ژنانی ئێمە تەواوی جوڵەو هەڵسوکەوت و ئاکارو ڕەفتارو هەڵسان و دانیشتنیان لەژێر چاودیری وردی پیاوانەدایە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە کۆیلەکردن و زینداینکردن و کۆت و بەندکردنی ژنان و لێسەندنەوەو بێ بەشکردنیانە لەو ژیانە سروشتی و ئاساییەی کە خودا پێی بەخشیون.

ڕۆژانە دەیان و سەدان بەسەرهات و چیرۆکمان بەر گوێ دەکەوێت یان ڕوودەدەن کە ژنان بوونەتە کۆیلەو بەندکراو لەماڵەکانی خۆیاندا، تا هەنوکەش زۆرێك لە ژنان بەجیاو بەبێ هاوەڵیکردنی پیاوان ڕێگەیان نادرێت لە ماڵە لە دۆزەخچووەکانیان دەربچن تەنانەت ئەگەر بۆ کارێکی زۆر پێویستیش بێت وەك نەخۆشی و کرینی کەلوپەلی تایبەتی خۆیان.

لەمرۆژانەدا دوو ژنی خزم داوایان لێکردم بە ئۆتۆمبێلەکەم بانگەیەنمە نەخۆشخانە. بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەکراوبوو خەزووری یەکێك لە ژنەکان بە پرتاو خۆی خزاندە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە. کاتێك پێم ڕاگەیاند پێویست ناکات ئەو لەگەڵیاندا بێت بۆ نەخۆشخانە چونکە ئەوان دوو کەسن بەمەبەستی شیکاری نەخۆشی خۆیان دەچنە نەخۆشخانە.

بەڵام لەلایەن ئەو کابرا پیرەوە گوێبیستی وەڵامێك بووم کە تەزوویەکی بە لەشمدا هێناو سەرسامی کردم، هەرگیز بەبیرمدا نەهاتبوو کەپیاوانێکی واهەبن خاوەنی بیرکردنەوەو ئەقڵیەتێکی لەو شێوەیە بن. کابرای خەزووری ژنە وتی" کاکە چۆن دەبێ ژن بە تەنیا بچێت بۆ (خەستەخانە) ئەی نابێ پیاوێکیان لەگەڵدا بێت؟!".

بەهەرحاڵ مەبەستی سەرەکی لەم باسە ئەوەیە دڵنیابین لەوەی هێشتا دەیان و سەدان ژن هەن لەلایەن پیاوانەوە رێگەیان نادرێت تەنانەت مەترێکیش لە دەرگای ماڵەکانیان دوور بکەونەوە. ئاخۆ هەستی ئەو پیاوانە چی بێت و چۆن بێت و چ شتێك پاڵیان پێوە بنێت رێگە نەدەن ژن و کچ و بوکەکانیان بەتەنیا بچنە بازار و نەخۆشخانەو ماڵە خزمان؟ بێگومان هیچ شتێك روو نادات چونکە لەبەرامبەردا چەندین ژنی تر دەبینین بە تەنیا لەماڵەکانیان دەردەچن بۆ سەر کار و بازار و زۆر شوێنی تر. بەڵام هیچ یەکێکیان بەهۆی بە تەنیا بوون و هاوەڵی نەکردنی پیاوانەوە رووبەرووی گرفت و کێشەیەك نەبوونەتەوە یان نابنەوە.

بیرکردنەوەو رەفتاری ئەو جۆرە پیاوانە لە ئێستادا جێی قەبوڵ نیەو پێویستە گۆرانکاریان بەسەردا بێت و چیتر نەبنە دێوەزمەیەك بۆ لەناوبردنی ئازادی و ژیانە سروشتی و سادەکەی ژنان و پێویستە وەك هاوبەشێکی ژیان و مرۆڤ مافی تایبەتی خۆیان پێ بدرێت و بەدوور بن لە چاودێری و فشار.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٩٧٥ )ی رۆژی ٢٠٠٩/٩/١٣ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبووەتەوە.**



# ژن لەچی کەمە؟ هەر ئەوەی ماوە شەو نەیەتەوە!

لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەلتوری نێرسالاری هێندە زەمەنێکی دوورو درێژی تێپەراندووە کە بەتەواوی ئەو کەلتورە رەگ و ریشەی داکوتاوە لە هزر و بیری تاکەکانی کۆمەڵگەداو تانانەت وایکردووە بەشێکی زۆر لە رەگەزی (مێ)ش بەهەمان شێوەی پیاوانی سمێڵ بابری خەنجەر بەیەخەو خاوەن بریاری خێزان و بنەماڵە بیر بکەنەوە. هەرچەندە دۆگمایی ئەقڵی پیاوانی کۆمەڵگە مەترسیەکی گەورەیەو ناکرێت قسەی لەبارەوە نەکرێت، بەڵام لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە ژنانی چەوساوەو ژێر دەستەو رەنجدەرو ئازار چەشتوو بەهەمان شێوەی باوك و براو پیاوانی بنەماڵە بیربکەنەوە.

تا ئێستاش زۆرێك لەپیاوان لەوە نەگەیشتوون کە ژنان بەگشتی خاوەنی کێشەیەکن کە پێویستە باسی لێوە بکرێت و بەهاوکاری هەموو لایەك بەرەو چارەسەر ببرێت و بەمافە رەواو سادەو سەرەتاییەکانی خۆیان بگەن. کاتێك باس دێتە سەر مافی ژن و خەم و ئازارەکانیان زۆربەی پیاوان ئەم بابەتە بەشتێکی سەیرو نامۆ بەم کۆمەڵگەیەی دەزانن و بەگاڵتەجاریەوە باسی لێوە دەکەن. تەنانەت بەشێوەیەك وەڵامت دەدەنەوە کە دەیانەوێت شەرمەزارت بکەن و دەڵێن (جا کاکە ژن لەچی کەمە؟ هەر ئەوە ماوە شەو نەیەتەوە ماڵ) یان (هەر ئەوە ماوە

مێردەکانیان لەماڵ دەرکەن). لەراستیدا وتنی ئەم دەستەواژانە بەتەواوی بێئاگایی و تێنەگەیشتنی ئەو پیاو و ژنانەمان بۆ دەردەخات کە لەئێستادا پێیان وایە ژن لەهیچی کەم نیەو ئەوەی داواشی دەکەن بریتیە لەئازادییەکی رەها کە بەهیچ شێوەیەك ئەم کۆمەڵگەیە پێی قەبوڵ ناکرێت.

ئەو جۆرە کەسانە تاوەکو ئێستا لەوە نەگەیشتوون کە دۆزی ژنان دۆزێکی رەواو مافێکی سروشتی و ئاساییەو دوور و نزیك پەیوەندی بەو جۆرە بیرکردنەوانەی پیاوانەوە نیە.

بۆیە دەبێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی ژنان و وەزارەتی مافی مرۆڤ بەجدی کار بۆئەوە بکەن گۆرانکاری لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی ئەو پیاو و ژنانەدا بکەن کە تاکو ئێستا لە ئازارەکانی ژنان نەگەیشتوون یان نەیان ویستووە تێی بگەن و پێیان وایە ژنان لەهیچیان کەم نیەو ئەوەی داوای دەکەن شتێکی زیادەیەو بەشێکە لە(بەرەڵایی) و پەرتەوازەبوون و لێکهەڵوەشاندنەوەی خێزانی کوردی و تێکچوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

لەراستیدا داواکانی ژنان کە خۆی لەمافی یەکسانی لەهەموو بوارەکاندا دەبینێتەوە وەك: مافی خوێندن و تەندروستی و چالاکی سیاسی و ئیداری و ئابوری و وەرزشی و تەواوی مافەکانی تر، هەموو ئەمانە تەنیا ئەو مافە سەرەتاییانەن کە پیاوان لەمێژە بەدەستیان هێناون و دەستەبەرکردنی بۆ ژنانیش هیچ کێشەو گرفتێکیش لەسەر خێزان و کۆمەڵگەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دروست ناکات، بەڵام ئەوە خودی پیاوانی دۆگماو خاوەن



دەسەڵاتن کەوا بۆ ژنان بە نەنگی و شورەیی دەزانن و بۆ خۆشیان بەرەواو مافێکی سروشتی دادەنێن.

بۆیە پێویستە لەسەر ئەو رێکخراوانەی کە تایبەتن بە ژنانو کار بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی ژنان دەکەن لەپاڵ ئەوەی ئەرکیانە ژنان هۆشیار بکەنەوە، هاوکات دەبێت بەجدی کار لەسەر گۆرینی ئەقڵو بیرکردنەوەی پیاوان بکەن، چونکە ئەگەر تەواوی ژنانی ئەم کۆمەڵگایە هۆشیاربن، بەڵام هێشتا نیوەی پێکهاتەی رەگەزی کۆمەڵگا بە ناهۆشیاری دەمێننەوە کە ئەوانیش پیاوانن، واتە تەنها بەرۆشنبیرکردنی تەواوی ژنان کێشەی ژنان کۆتایی نایات، بەڵکو پێویستە هاوکاتو لەیەك کاتدا هەردوو رەگەز یەك ئاراستە وەربگرن بەرەو کرانەوەو رۆشنبیریو هەستکردن بە ئازارەکانی یەکدیو یەکتر خوێندنەوەو قەبوڵکردنی ئەویدی، ئەوکات دەتوانرێت بەهاوکاریو هەماهەنگی هەردوو رەگەز گۆرانێکی ریشەییو بەرچاو ئەنجام بدرێتو ئاسۆی دەرکەوتنی ئامانجەکانو مافەکانی ژنان فراوانتر بکرێت.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ١٢٣)ی رۆژی ٢٠٠٩/٨/٨ ی رۆژنامەی (بەدرخان)دا بڵاوبوەتەوە.**

# سەرژنانی

دەستەواژەی "سەرژنانی" لەرێزمانی کوردیدا (گرێی ناوی) یان (دەستەواژەی واتایی) پێدەوترێت و تەواوی دەستەواژەکەش لە دوو ناوی سادەو سەربەخۆ لەگەڵ پاشگرێکدا پێکدێت کە بریتین لە ( سەر + ژن + انی).

**دەمەوێت باسی بکەم**

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی لێوەبکەم لایەنە رێزمانیەکەی ئەم دەستەواژەیە نیە، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە لێی بدوێم ئەو مانا مەعنەوییەیە کە کراوە بە بەری ئەم دەستەواژەیەداو رۆژانە لێرەو لەوێ لەسەر زاری هەندێك ژن و پیاوەوە گوێبیستی ئەوە دەبین کە بەرامبەر هەندێك لە پیاوان بەکاریدەهێنن. گومانی تیادا نیە بەکارهێنانی دەستەواژەی "سەرژنانی" لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە بەمەبەستی شکاندنی کەسێتی و ناوزراندن و کەمکردنەوەی ئاستی کەسێتی بەکاردەهێندرێت.

**سەرژنانی کێیە؟**

ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە، ئاخۆ کێن ئەو کەسانەی ئەم دەستەواژەیەیان لەبەرامبەردا دەگوترێت و بە بەریاندا دەدوردرێت؟ یاخود چی وایکردووە ئەم دەستەواژەیەیان ئاراستە بکرێت؟ بێگومان لە ئەنجامی تێبینی و وردبوونەوە ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرادەبێت ئەم دەستەواژەیە



بەرامبەر بە پیاوێك(نێرینەیەك) دەوترێت کاتێك زیاد لەو سروشت و کلتورەی  کە لە کۆمەڵگادا هەیە ئەو پیاوە یارمەتی و هاوکاری هاوسەرو خوشك و دایکی خۆی بکات و لە ئیشوکارو مامەڵەی رۆژانەدا یارمەتییان بدات و هاوکات لەرووی مەعنەویشەوە پاڵپشت و پشت و پەناگەو خەمخۆریان بێت. ئەوا سەرەنجام لەلایەن کۆمەڵێکی زۆر لە ژنان و پیاوانەوە رووبەرووی تانەو ناو و ناتۆرو وتەی زبرو هەست روشێن دەبنەوە کە سادەترین ئەو شتانەی دەدرێتە پاڵیان ، خستنەپاڵ و بەسەرداسەپاندنی سیفەتەتی (سەرژنانی)یە.

**تێروانینێکی کۆنەخوازانەیە**

لەناو خێزانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە ئەو پیاوانەی نەرم و نیان و هاوسۆزن لەگەڵ ژناندا بەکەم تەماشا دەکرێن و بگرە لەپاشملەو رووبەرووش دەیان نوکتەو قسەی گاڵتەئامێزیان ئاراستە دەکرێت و دەبنە نیشانی تیری نوکتەو توانجە هەست بریندارکەرەکان.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین ئەو بیرکردنەوەو هەستەی ئەم ناتۆرهەڵبەستنەی سەرچاوەی لێوەگرتووە، بیرکردنەوەو تێروانینێکی پیاوسالارییانەی کۆنخوازی خێڵەکییە. بۆیە پێویستە کاربکرێت بۆ نەهێشتنی ئەو هەست و بیرکردنەوەیە لای تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی لای ژنان، چونکە ژنان خۆیان قوربانی پلە یەك و راستەوخۆی ئەم جۆرە کلتورە ناشارستانی و بیرکردنەوە چەوت و ناراستانەن.

**هەقوایە**هەقوایە لەبری تانەو ناتۆر دروستکردن و شکاندنی کەسایەتی ئەو پیاوانەی بە مامەڵەو گوفتار و کرداریان هاوکاری و یارمەتی ژنان دەدەن، زیاتر هانبدرێن بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو کارو کردەوەو بۆچوونەیان و هاوکات کۆمەڵێك سیفەت و دەستەواژەی جوان بدرێتە پاڵیان، کە ئەمەش دیسانەوە خزمەتکردنە بە ژنان و کەمکردنەوەی فشارە لەسەریان و هاوکاری و ئاوردانەوەیەکە لێیان.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٥٠٨٥)ی رۆژی ٢٠١٠/١/٢٨ ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوبوەتەوە.**



# پەندەکان و ژنی کورد

زۆر جار لە میانەی گفتوگۆو مشتومڕەکانی ناو ماڵ و دیوەخانەکانی کوردیدا گوێمان لە دەستەواژەیەك یان پەندێکی کوردی دەبێت کە هەمووان بەو پەندە ئاشناین و رەنگە زۆرێکمان لە هەر تەمەن و قۆناغێکی رۆشنبیریش بین بە ئاگایی یاخود بێئاگایی ئەو پەندە بڵێین بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی بیرمان لێ کردبێتەوە کە ئاخۆ ئەو دەستەواژەیەی ناوی پەندی کوردیان لێ ناوە تا چەند لەگەڵ سیفەت و ئاداب و ئاکارەکانی ئێمەی کۆمەڵگەی کوردیدا دەگونجێت؟ یان تاچەند بیرمان لەوە کردووەتەوە ئاخۆ ئەو پەندە پەیوەندی بە بیرو باوەر و تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردیەوە هەیە؟ ئایا هیچ کەسێك بیری لەوە کردووەتەوە ئەو پەندە چەندێك ترسناك و قێزەونە و لەکاتی وتنیدا مافی گرنگترین و جوانترین و بە سۆزترین بوونەوەر پێشێل دەکرێت و هەستیان بریندار دەکرێت کە ئەوانیش رەگەزی مێینەن .

**هەر لەمنداڵییەوە وا فێرکراوین**

ئێمە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە وا فێرکراوین ئەوەی پێی وترا "پەند" و لە زاری باوك و باپیرو کەسانی لە خۆمان بە تەمەنتر پێمان وترا بە جوانی وەربگرین و بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی گفتوگۆکانمان و بە تینکردنی وتەکانمان هەوڵبدەین لە ژیانی رۆژانەماندا لە میانی گفتوگۆکانماندا بەکاریان بهێنین. ئیدی بیرمان لەوە نەکردووەتەوە ئایا ئەو

دەستەواژەیەی پێی دەوترێت "پەند" تا چەند باشە ، تەنانەت ئەم هەڵەیە زۆرێك لە باوكان و باپیرانی ئێمەشی گرتووەتەوەو وەکو هەڵەیەکی گەورە بەسەریاندا تێپەڕیووە.

**داهێنراوی عەقڵی پیاوانە**

ئەو پەندەی مەبەستمەو دەمەوێت لێرەدا باسی لێوە بکەم ئەو پەندەیە کە دەڵێت "سەگ بە ژن ناوەڕێت". بێگومان هەمووان زۆر چاك بەم پەندە ئاشنایین، ئەم پەندە داهێنراوی ئەقڵی پیاوانەو لە لایەن نێرینەکانەوە ئەم دەستەواژەیە داتاشراوەو پڕاو پڕە لە هەستی توندی نێرسالارانەو بۆنی غەدرو بە سوك تەماشاکردنی مێیینەی لێدێت. پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە بزانین چ کاتێك ئەم پەندە بەکاردێت یان بۆ چ مەبەستێك دەوترێت ؟

ئەوەی ئێمە گوێبیستی دەبین ئەوەیە کاتێك کێشەو گرفتێك لەناو خێزانەکان یان لەنێوان دوو بنەماڵە یا دوو دراوسێ روو بدات و لایەنێك لە خاوەن کێشەکان ئەگەر ژن بێت ئەوا بۆ هێورکردنەوەی پیاوان و بۆئەوەی کێشەکە کۆتایی پێ بێت و تەشەنە نەکات ناوبژیوانانی نێوان ئەو کێشەیە دەڵێن " درێژەی مەدەنێ و لە دڵی مەگرن و سەلاواتی لەسەر بدەن ، سەگیش بە ژن ناوەڕێت" ، بەراستی جێی سەر سورمانە کاتێك دەستەواژەی " سەگ بە ژن ناوەڕێت" دەوترێت ئیدی پیاوان وەکو ئەوەی "کوندە ئاویان بەسەردا بکرێت" هێور دەبنەوەو واز لە شەڕ و کێشەو گرفت دەهێنن.



**مافی ژنی تێدا پێشێل دەکرێت**

خۆی لەخۆیدا دامرکاندنەوەی شەرو ناکۆکی کارێکی باش و پیرۆزە، بەڵام بۆ دەبێت لێرەدا دیسانەوە مافی ژنان پێشێل بکرێت و ئەوەندە بە سوك تەماشایان بکرێت و بکرێتە ئاستێکەوە کە تەنانەت گیاندارێکی وەك سەگیش بزانێت ئەوە مێیە و پێی نەوەرێت (هەرچەندە ئەم پەندە لە واقیعدا تەواو راست نیەو زۆرجار بینراوەو بیستراوە ژنان لەلایەن گیاندارێکی وەکو سەگەوە پەلاماردراون و بریندار کراون یان تەنگیان پێ هەڵچنراوە". بەهەر حاڵ ئەمەیان بابەتی باسەکەی ئێمە نیە. هەرچەندە بۆچونێك هەیە کە تارادەیەك جێی باوەڕپێکردنە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت "ئەگەر گیاندارێکی وەکو سەگ بە ژنان نەوەرێت لە ئەنجامی ئەوەوەیە هیچ کاتێك ئەو گیاندارە لەلایەن ژنانەوە ئازار نەدراوە بەجۆرێك چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلەکانی ئازاردان بە ژنان نەبینراوەو هەمیشە ئەو گیاندارە (سەگ) ئەگەر ئازار درابێت لەلایەن پیاوانەوە بووە، بۆیە هەمیشە ئەو گیاندارە متمانەی هەبووە بە ژنان و لەوە دڵنیابووە لە لایەن ژنانەوە ئازار نەدراون و ئازاریش نادرێن بۆیە جۆرێك لە دۆستایەتییەکی لە مێژینەی لەگەڵ رەگەزی مێ دا دروست کردووە.

**هەوڵی بنبڕکردنیان بدەین**

ئەوەی لێرەدا پێویستە نکۆڵی لێ نەکرێت ئەوەیە دەستەواژەیەکی لەم چەشنە و زۆر دەستەواژەی تر کە رەنگە رۆژانە لە وتووێژەکانماندا بەکاریان بهێنین، دەستەواژەگەلێکن پڕاو پڕن لە توندوتیژی و سرینەوەی رەگەزی بەرامبەر و کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤانەی رەگەزی مێ، چونکە

مەبەستی بەکارهێنانی پەندەکە مەبەستێکی روون و ئاشکرایەو لە پیرۆزی و جوانی و بەهای مرۆڤانەی بەرزی ژنان کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر هەر تاکێك لە ئێمە ئەو جۆرە پەندو دەستەواژە نادروست و نابەجێیانە دووبارە نەکەینەوەو چیتر لەسەر زاری ئێمەوە درێژەیان پێ نەدرێت و بنەبربکرێت .

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٩٩٩)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٥ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# کچ، خەمە گەورەکەی خێزان

هەمیشە(مێ) بوون یان کچ بوون نیشانەی پرسیاری لەبەرامبەردا دانراوەو بەردەوام بە وریایەوە تەماشاکراوە وەك ئەوەی "کچبوون"یاخود ئەو مرۆڤانەی کە کچن خاوەنو هەڵگری ئەمانەتێکی زۆر گەورەی خێزانو بنەماڵەبنو هەمیشە ترسێك لەبەرامبەریاندا هەیە لەهەمبەر ئەوەی نەبادا ئەو کچە نەتوانێت پارێزەرو هەڵگری راستەقینەی ئەو ئەمانەتە پیرۆز و گەورەیە بێت.

لەراستیدا کچانیش وەکو هەر تاکێکی تر مرۆڤێکی ئاساییو پیویست بەوە ناکات بەو شێوە ترسناك و گوماناویەوە تەماشایان بکرێت و بخرێنە ژێر وردبین و مایکرۆسکۆب و چاودێریی وردی خێزانەوە.

کچ هێشتا لەخێزانی کوردیدا خەمێکی گەورەو نەبراوەیە، بۆیە ئەندامانی خێزان و بنەماڵە هەمیشە لەپلانو بیرکردنەوەی ئەوەدان بە "بەشوودانی" کچەکانیان ئەو خەمە گەورەیە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوەو بەوتەی خۆیان "شەوێك بێ خەم سەر بکەنە سەر سەرین"، زۆرجار لەسەر زاری پیاوان و ژنانی بەتەمەن و خەمخۆری خێزانەوە گوێمان لەوەها وتەیەك دەبێت کە دەڵێن"تا ئەو کاتەی کچەکەمان شووی دەکرد نەمردمایە، دواتر کە شووی کردو چووە ماڵ و حاڵی خۆیەوە ئەوسا بشمردمایە قەینا"

لەمرۆژانەدا لە ئاهەنگێکی شەکراوخواردنەوەبووم، یەکێك لەپیاوە خەمخۆرو دەمراستەکانی ئەو خێزانەی دەعوەتیان بووین ئاهێکی

هەڵکیشاو وتی"ئێستا تەنیا یەك خەمی گەورەمان ماوە، ئەو خەمەشمان نەمایە ئیسراحەتمانەکرد"، منیش بێئاگا لەمەبەستی ئەو کابرایە بیرم بەلای کیشەو گیروگرفتی هەمەجۆردا دەچوو، بەڵام پاش کەمێكو لەدرێژەی گفتوگۆکانیاندا بۆم رونبووەوە ئەو خەمە گەورەیە ئەو تەنها کچەیە کە لەماڵەوە ماوەتەوەو هێشتا ژیانی هاوسەری پێکەوە نەناوە.

ئەمەی سەرەوە یەکێکە لەو نمونانەی کە لەتەواوی خێزانە سادەو ساکارەکانی ئێمەدا هەن و رۆژانە دایکان و باوکانمان خۆیان کردووەتە مامەخەمە و خۆیان خەفەتخانو جەرگبراو کردووە لەترسی ئەوەی کچەکانیان شووناکەنو داخوازییان نیەو خۆیان وتەنی"بەختیان بەستراوە".

جێی خۆیەتی چیتر بەچاوی هەڵگری ئەمانەتو ئەمانەتپارێزەوە تەماشای کچانمان نەکەینو نیشانەی پرسیار لەبەرامبەریاندا دابنێین بەوەی ئایا توانای هەڵگری ناسنامەو شەرەفی کچێنیان هەیە یان نا؟ ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وەك مرۆڤو وەك"خوشك و کچ" ی راستەقینەو تاکێکی ئاسایی ناوخێزان لێیان بروانین و هەژماریان بکەینو ئەو لیباسە گومانـاویو نامرۆڤانەیە لەبیرکردنەوەمان داماڵینو چیتر بەزارماندا هەڵنەیات بڵێین " کچ...خەمە گەورەکەی خێزانە".

**ــ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤٨٤٠ )ی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٩ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# کچ خوێندنی بۆچیە؟!

"براکانم دنیا ئەوەندە خراپبووە بەڵا وەك باران دەبارێت و دەرژێتە ماڵەکانمانەوە، بۆیە ئاگاتان لە کچەکانتان بێ، ئەوەتا من کچەکەم لەخوێندن دەرکردووەو ناهێڵم چیتر بخوێنێت "

بەلاتانەوە سەیرنەبێت ئەم پەرەگرافەی سەرەوە وتەی مەلایەك بێت، ئەو مەلایە ئەم وتانەی لە دانیشتنێکی قەرەباڵغی مەراسیمی شیرینی خواردنەوەیەکدا کرد. بەوپێیەی کۆمەڵگەی ئێمە تارادەیەکی زۆر پابەندی ئاینن بۆیە زۆر زوو ئامۆژگاری و وتەی مەلاکان دەچنە دڵەوە، هەر هیچ نەبێت کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر ئەو باوکانەی کە تەواوی ژیانیان لەچوارچێوەی تەلبەندی دابونەریتدا بردووەتەسەر .

بەهەرحاڵ ئەوەی باسە سەرەکییەکەی منە قسەکردن و هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو وتانەی ئەو مەلایە کە جێی خۆیەتی بەوردی شیبکرێتەوە . ئایا بەراست خوێندنی کچان بۆتە بەڵاو وەك باران دادەبارێتە نێو خێزانەکان ؟ ئایا خوێندنی کچان و هۆشیاربوونەوەو تێگەیشتنیان لەژیان بەڵایە؟ یان ئەوە بەڵایە کچان نەخوێندەوارین و دابراوبن لەکۆمەڵگەو کورد وتەنی "رەش و سپی لێکنەکەنەوە" ؟ ئاخۆ ئەو بەڵایانە چیبن بەهۆی خوێندنی کچانەوە روو لەم کۆمەڵگەیە دەکەن؟ من دەپرسم ئایا ئەو مەلایەو هاوبیرەکانی ئاگادارن لەوەی خوێندن و بەدەستهێنانی بروانامە یەکێکە لە مافە سروشتیەکانی کچەکانیان؟ ئایا ئاگادارن بێبەشکردنی کچەکانیان

لەخوێندن و دابرینیان لەهاوڕێ و هاوتەمەنەکانیان و بەندکردنیان لە ژوورەکانی ماڵەوەدا تاوانێکی گەورەیەو تەنانەت ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش لەگەڵ ئەو کارەدا نیە ؟

ئایا باشتر نیە کچەکانی ئەو مەلایەو تەواوی کچەکانی ئەم کۆمەڵگەیە کاتێك مێرد دەکەن خاوەنی بڕوانامەو ئیشوکاری خۆیان و پارەو ئابوریەکی سەربەخۆی خۆیان بن؟ یان تا لەژیاندابن چاویان لەدەستی مێردەکانیان بێت تا پێداویستیەکیانیان بۆ جێبەجێ بکەن؟ بێگومان هەمووان لەگەڵ خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودەو بێ کەموکوڕیین بۆ کچ و خوشکەکانمان، ئیتر بۆچی ڕێگەیان نەدەین درێژە بە خوێندن بدەن وببنە کەسێکی سوودبەخش بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵگەکەشمان.

ساڵانەو لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا دەیان کچی بێ تاوان زوڵمیان لەبەرامبەردا دەکرێت و بێ خواست و ئارەزووی خۆیان و بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن باوك و براکانەوە ناچاردەکرێن تا واز لەخوێندن بهێنن و دەیانکەنە دیل و خزمەتکاری خۆیان لەچوارچێوەی ماڵەکاندا حەزو هیوا بەرزو جوانەکانیان زیندەبەچاڵ دەکەن.

هەموو ئەم تاوانانەش لەژێر کاریگەری بیرو بۆچوونی دواکەوتووی کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێت. بۆیە جێی خۆیەتی چیتر بیرکردنەوەی نابەجێ و نادروست نەبنە ڕێگر لەبەردەم خوێندنی کچەکانمان و دەرگای ماڵەکانمان والا بکەین بۆ ئەوەی بەسەربەرزی بخوێنن و خوێندن تەواوبکەن و بەسەربەرزیش تەماشای ژیانی سەرکەوتوویان بکەین .



# کچانیش خەتایان هەیە

پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان یەکێکە لەو پرۆسە باوو یاساییە و کەلتوریانەی کە لەتەواوی کۆمەڵگەکانی جیهاندا بەچەندین شێواز بوونی هەیە. دیارە ڕێورەسم و بنەمای هاوسەرگیریش بەپێی شوێنی جوگرافیاو کەلتوری نەتەوەکان دەگۆڕێت و جیاوازی هەیە. لەسەر ئەم هەسارەیەی زەویدا ڕەنگە سەدان جۆری جیاواز لەڕێورەسمی هاوسەرگیری و بنەمای جیاوازی هاوسەرگیری هەبێت. لێرەدا ئەمەوێت ئاماژە بەمەرجێك و بنەمایەکی هاوسەرگیری بکەم لەکۆمەڵگەی کوردیدا کە تارادەیەك زیانی گەیاندووە بەکچان و حاڵەتێکی بەدوای خۆیدا هێناوە کە پێی دەوترێت قەیرەیی کچان.

هەڵبەت بابەتی قەیرەیی کچان لەڕووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا چەندین ڕیپۆرتاژو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆکراوەو بڵاوکراوتەوە. لێرەدا مەبەستمە ئاماژە بەیەکێك لەهۆکارەکانی قەیرەیی بکەم کە ئەویش پەیوەندی بەخودی کچانەوە هەیەو لەم ڕووەوە کچان زیانێکی گەورەیان بەخۆیان گەیاندووە. ئاشکرایە لەڕووی زانستی کۆمەڵایەتیەوە قەیرەیی حاڵەتێکی ناتەندروستو نەخوازراوی کۆمەڵگەیە ئەگەر ئەمە لای هەندێ کۆمەڵگە ئاسایی بێت،بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەیەکێك لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دائەنرێت و پێویستی بە توێژینەوەو دەستنیشانکردنی هۆکارەکان هەیە بەمەبەستی کەمکردنەوەی حاڵەتەکان.

ئەوەندەی من تێبینیم کردووەو سەرنجم داوە یەکێك لەهۆکارەکانی مانەوەی کچان و خودی خۆیانن. بۆسەلماندنی بۆچوونەکەم ئەگەر پێویست بەهێنانەوەی نموونە بکات ئەوا رەنگە دەیان نموونە هەبن و هەریەکێك لەئێمە پێدەچێت چەند نموونەیەکمان لابێت.

یەکێك لەخەتابوونەکەی کچان کە بووەتە هۆی ئەوەی ترسێکی گەورە لای گەنجان دوست بکات و لەپێکهێنانی خێزان بسڵەمنەوەو هەندێکجاریش پاشەکشەی لێ بکەن ئەو داواکارییە زۆرەی کچانە لەدیاریکردنی برێکی زۆری زێرە لەمارەییداو هەروەها ئەو داوا زۆرەیە کە لە دروستکردنی ماڵدا هەیە.

تائێستا چەندین گەنج خوازیاربوونە هاوسەرگیری بکەن و خێزانێکی بەختەوەر پێکبهێنن.بەڵام کاتێك لەسەرەتادا دەستیان داوەتە کارەکە زەندەقیان چووەو بەشێوەیەك گەراونەتەوە کە وابەئاسانی جارێکی تر نەتوانن باسی هاوسەرگیری بکەن. ئاخر لەئێستادا داواکاریەکانی هەندێك لەکچان یەکناگرنەوە لەگەڵ گیرفانی بەتاڵ و نیوەپڕی گەنجان و ئابوریە لاوازەکەیان.

هاورێیەکم بەنیازبوو بچێتە خوازبێنی کچێك کە ماوەیەکی زۆرە یەکیان خۆش دەوێت. سەرەتا بەکچەکەی راگەیاندبوو پێش ئەوەی کەسوکاری بنێرێتە داوای با لەبارەی بری مارەیی و داواکاری و مەسروفاتی هاوسەرگیریەکەیانەوە قسە بکەن. دیارە کچەکەش وتبووی "من هیچ ناڵێم هەموو ئەو شتانە بۆ دایکم جێدێڵم و ئەو هەرچەندێکی وت ئەوەندەم بۆ سسەرف بکەن". کورەکەش وەك ئەوەی پەنجەی پێی لەکارەبا بدەن



توکی سەری بەئاسماندا دەچێت و پەشیمان دەبێتەوە لەترسی ئەوەی کە رەنگە داییکی کچەکە برێك زێرو مارەیی دیاری بکات نەك خێزانەکەیان بەڵکو چەند خێزانێکی هاوشێوەی ئەوان لەتواناياندا نەبێت ئەو برە زێرە دابین بکەن.

داواکاریەکانی کچان لەئێستادا زۆرن هەر لە کرینی و برێکی زۆر لەزێرو ئاڵتون تائەوەی ماڵێکی سەربەخۆو تەواوی کەلوپەلی نێوماڵ لەسەر مۆدێل و هەندێك جاریش ورکگرتنی ئۆتۆمبێل و بەکرێگرتنی خانوو لەگەرەکی راقی و ئەنجامدانی ئاهەنگی گەورەو بێ وێنەو خەڵات و دیاری و گران بەهاو بەسەربردنی مانگی هەنگوینی لە باشترین ئوتێلی پێنج ئەستێرەیی و سەردانی چەند سەیرانگایەکی خۆش و گەرانێکی زۆر. تەنانەت لەمرۆژانەدا دادەییەك"کچێك" هاوسەرەکەی هەڵپێچابوو کە مانگی هەنگوینییان دەبێت زۆر جیاوازبێت لەخەڵکی و بەناچاری کاکەی زاوای ناچارکردبوو کە مانگی هەنگوینیان لەئەستەمبوڵ بەسەر بەرن و سەفەریان کردو بەخێر بگەرێنەوە. هەڵبەت ئەم سەفەرو بەسەربردنی مانگی هەنگویینی لەئەستەنبوڵ هیچ نەنگییەکی تیادانیە بەڵام ترسەکە لەوەدایە ئەمە ببێتە مۆدێل و تەواوی کچان ورکی وابگرن و ئەوکات قەیرانەکە هێندەی تر تەشەنە دەکات.

هەموو ئەم داواکاریانە هۆکارێکن بۆئەوەی کوران زاتی ئەوە نەکەن باسی پێکهێنانی خێزان بکەن و وەك گەنجێك وتی"سەد خۆزگە دووپشکێك بەسەری بزمانمیەوە بدایەو باسی ژن هێنانم نەکردایە" . ئەم داواکاریە قورس و گرانانەیە دەبنە هۆی ئەوەی گیرفانی کوران خاڵی بن و

رووبەرووی قەرزاریەکی زۆرببنەوەو لەبری ئەوەی بیر لەدوارۆژی خۆییان و نەخشەی ئایندەیان بکەنەوە. بەردەوام لەبیری ئەوەدا دەبن چۆن و بەچ شێوازێك دەتوانن ئەو قەرزە زۆرەی لەسەریانە بیدەنەوە. لەولاشەوە خانمی تازەبووك تەواوی مەچەکی خرەی دێ لە بازنگی ئاڵتون و لەلای خەڵکی شانازی دەکات و بەردەوام باس لەوە دەکات کە چەندی ئاڵتون هەیە. بەڵام نازانێت ئەو بازنگانەی دەستی تەوقێکی خەم و ئازارە لەگەردنی مێردەکەیداو مێردەکەی لەتاوی قەرزاری رووی نیە بەئاسوودەیی تاوێك بچێتە دەرەوەی ماڵەکەی نەکا خاوەن قەرزەکان بیبینن و توشی گرفت بێت. بۆیە پێویستە لەم رووەوە کچان بەخۆیاندا بچنەوەو بیرێك لەژیانیان بکەنەوەو لەکاتی پێکهێنانی هاوسەرگیریدا لانی کەم ئەگەر بەبرێکی کەمیش بێ هاوکاری مێردەکانیان بکەن و رێگەنەدەن خۆیان سەرتاپای لاشەییان ئاڵتوون بێت و مێردەکانیشیان لەبەر خەم و ئازارو مەینەتیەکانی ژیان و ئابوریەکی خراپ خەو نەچێتە چاوانیان و ژیانیان لێ تاڵ بێت.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٥٤٣٠)ی رۆژی ٢٠١١/٣/١٥ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# ١٠٠ کلکە خاکەناس

رەنگە هەندێکجار هەواڵی سەرنج راکێشمان بەرگوێ بکەوێ سەبارەت بە ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ژنان. لەوانە، پیاوێك بتڵە غازێکی بەسەری ژنەکەیدا کێشا، پیاوێکیش بەنزینی کردووە بەسەر ژنەکەیداو ئاگری تێبەرداوەو سوتاوە، یاخود تەرمی ژنێك لەماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە. بەڵام ئەمجارەیان هەواڵێکی سەرنج راکێش دەبیستین ئەویش لێدانی جەڵدە لە ژنێك لەماڵەکەی خۆیداو لەلایەن مێردەکەیەوە ئەویش بەلێدانی "سەد" کلکە خاکەناس؟!

**جێی تێرامان و وردبوونەوەیە**

ئەم رووداوە وەکو تەواوی رووداووە ترسناکەکانی تر کە بەرامبەر بە ژنان دەکرێت جێگەی تێرامان و وردبوونەوەو قسە لەسەرکردنە. ئەوەی باسیدەکەین

لەیەکێك لەشارەکانی کوردستان روویداوەو ئەوانەی نزیکی ئەو رووداوە بوون بەم شێوەیە باسی لێوەدەکەن ( ژن و پیاوێك کە هاوسەری یەکترن کێشە دەکەوێت نێوانیانەوەو پیاوەکە ژنەکە دەبەستێتەوەو بێ رەحمانەو دوور لەهیچ رێگرییەك دەست دەکات بەلێدانی ژنەکەی و بەهەموو هێزو توانای خۆی (١٠٠) کلکە خاکەناسی لێدەدات).

**لەمەرگ رزگاری بوو**

دوای ئەم رووداوە ژنەکە لەمەرگ رزگاری دەبێت، بەڵام بەمەبەستی چاکبوونەوەی برینەکانی ماوەیەك لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکدا

دەمێنێتەوە.دوای چاکبوونەوەی ژنەکە، هێشتا پیاوەکە دڵی ئاوی نەخواردۆتەوەو بە چەکەوە هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵی خەزووری و هەرەشی لێ کردوون. لەئەنجامی ئارام نەگرتنی هەردوولا شەرەکە تەشەی سەندو لەئەنجامدا مێردی ژنەکە کوژراوە.

رەنگە ئەمەی دواییان کە کوشتنی پیاوەکەیە بابەتێکی تربێت و پەیوەندی بەم بابەتەوە نەبێت کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین. مەبەستی منە بابەتی لێدان و جەڵدکردنی ژنەکەیە لەلایەن مێردەکەیەوە. لەوانە، دەبێ چ بیرو بۆچوون و پاڵنەرێك لەپشت ئەوەوە بێت پیاوێك لەسەر گرفتێکی خێزانی هاوسەرەکەی خۆی دارکاری بکات و بەبۆچوونی خۆی تەمبێی بکات؟ ئەی چ یاساو رێسایەك ئەو مافەی بەخشیوەتە پیاوان ژووری ماڵەکانیان بۆ ژنەکانیان بکەنە بەندینخانەو ژنەکانیانی تێدا فەلاقە بکەن؟ گومانی تیادانیە بەشێك لەهۆکارەکەی ئەو باکگراوندە نێرسالاریەیە کە سەردەمانێکی زۆرە بەرۆکی کۆمەڵگەکەمانی گرتووەو بەوهۆیەشەوە سەدان مێینە بوونەتە قوربانی و کوشتەی دەستی ئەو ئەقڵیەتەن.

**کێ تۆمەتبارە؟**

رەنگە هەر سروشتی ئەو ئەقڵییەتەش بێت والە پیاوێکی کورد بکات کە لەماڵەکەی خۆیدا دادگایەکی نایاسایی دروست بکات و خۆی تەنیا دادوەری ئەو دادگایە بێت و هەر خۆیشی بریار دەربکات و خۆیشی جێبەجێی بکات. بەڵام کێ تۆمەتبارەو بریارەکە دەرهەقی کێ دەردەکرێت؟



هەڵبەتە ئەو کەسە ژنە. ئەو ژنە بێ دەسەڵات و بێ پشت و پەنایەی لەئەنجامی هەڵچوون و بیربۆچونێکی هەڵەو نادروستەوە، سەرەرای ئەوەی ماڵ و منالّی لێتێکچوو مێردەکەیشی گیانی لەدەستداو خۆشی (سەد) کلکە خاکەناس بەشی بوو.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٥٢٩٩)ی رۆژی ٢٠١٠/١٠/٧ ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بەناونیشانی (کێ ئەو مافەی پێداوە؟) بڵاوبوەتەوە.**

# ماڵەوەمان نەخۆشە !

ڕۆژانە لەلایەن پیاوانەوە گوێبیستی چەندین ڕستەو دەستەواژە دەبین وەك (ماڵەوەمان نەخۆشە، ماڵەوەمان لەماڵ نین، دكتۆرگیان پارچەیەك حەبم بدەرێ بۆ ماڵەوەمان، دەبێت برۆم ماڵەوەمان هەر خۆی لەماڵە، ماڵەوەتان چۆنن؟ماڵەوەمان...ماڵەوەمان ....هتد)

**بۆچی ناویان نابەین؟**

بێگومان ئەم ڕستەو دەستەواژە هاوشێوانەمان ئەوەندە بیستووە هەر كە گوێمان لێی دەبێت دەست بەجێ تێدەگەین كەسی بەرامبەر مەبەستی لە وشەی (ماڵەوە) كێیە؟ دیارە لەتەواوی ئەو گفتوگۆیانەدا وشەی (ماڵەوە) لەبری (هاوسەر) یان (ژنی ماڵەوە) بەكاردێت، ڕاسترین وشە ئەوەیە بڵێین لەبری (هاوسەر)ی هەر یەكێكمان ئەم وشەیە بەكاردێنین. ئاخۆ تائێستا هەر یەكێك لەئێمەی پیاو ئەو پرسیارەمان لەخۆمان كردووە كە بۆچی ناتوانین ناوی هاوسەرەكانمان وەكو خۆیان ببەین و ڕۆژانە بە (ماڵەوە) ناویان دەبەین، ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر ناویان بێنین هیچ عەیب و شورەییەك نیەو لەسەری سەرزەنشت ناكرێین.

**لەڕووی زمانەوانی و ڕێزمانییەوە، هەڵەیەكی گەورەیە**

هەرچەندە لەڕووی زمانەوانی و ڕێزمانیەوە هەڵەیەكی گەورەیە پیاو بە (هاوسەر)ەكەی بڵێت (ماڵەوە) بەڵام ئاخۆ چی وایكردووە ئەم گۆرانكاریە لەناو ئێمەدا بەمشێوەیە ڕوویدابێت؟ دەبێت چی وایكردبێت پیاو لەڕوی نەیات لەبری ئەوەی بڵێت هاوسەرەكەم یان ناوی هاوسەرەكەی بێنێت



بڵێت ماڵەوە. ئاخر ماڵەوە هەموو ئەو بیناو كەل و پەل و حەشاماتە دەگرێتەوە كە لەودیو دەرگای حەوشەدان و ناوی لێنراوە ماڵ. لەهەمان كاتیشدا بە ژنی ماڵەكەش دەوترێت ماڵ؟

**بۆچوونی جیاواز هەیە**

ڕەنگە بۆچوونی زۆرو جیاواز هەبێت لەسەر ئەم شێوازە ناوهێنانە، بەبۆچونی من چەند هۆكارێك وایكردووە بەو ژنەكانمان بڵێین ماڵەوە كە هاوسەرمانن و ئەگەر ڕۆژێك لەو ماڵەدا نەبن دنیامان لێ دێتەوە یەك و ڕەنگە چەند ساتێكی كەمیش بەبێ بوونی ئەوان نەتوانین هەڵكەین و ژیان بگوزەرێنین.

**پێیان شەرم و نەنگییە**

ئەوەندەی تێبینی كراوە لەم كۆمەڵگەیەدا هەستێك هەبووە لەلایەن پیاوانەوە كە خۆیان بەجیاواز بینیووە لە ژنان و پێیان شەرم و نەنگی بووە كە ناوی هاوسەرەكانیشیان وەكو خۆیان ببەن. لەلایەكی تریشەوە شەرمێكی زۆر پیاوانی داگیركردووە ئەمەش وایكردووە پیاوان نەتوانن لەناو خەڵكیدا ناوی هاوسەرەكانیشیان بێنن، ڕەنگە زۆرجاریش ئەو پیاوانەی ناوی هاوسەرەكانیان وەكو خۆی دەبەن لەلایەن پیاوانی ترەوە بە (ماستاوچی و موو نەرم و هۆمەر و مامەحەمە) ناویان برابێت. كە هەموو ئەمانەش لەكۆمەڵگەی ئێمەدا ئاماژەیەكن بۆ ئەو كەسانەی لەهاوسەرەكانیان دەترسن و مەراییان لەتەكدا دەكەن.

## ژن وەکو پێکهاتەی ماڵ

ئەگەرێکی تر بۆ ئەو شێوازی دەربرینە ڕەنگە ئەوەبێت هەر لە سەردەمانی زووەوە ژن خزێنراوەتە ژوورەکانی ماڵ و وەکو پێویست ڕێگەی نەدراوە بێتە دەرەوەو هەمیشە لەلایەن پیاوەوە وەکو کەلوپەل و ئامێرێکی ماڵەکە تەماشایان کراوە، بگرە زۆرجاریش ڕوویداوە ژن کراوە بە قوربانی کەلوپەلێکی ماڵەکە. تاکو بەتێپەربوونی کات وایلێهاتووە لەلایەن پیاوانەوە هیچ گومانێك نەماوە کە ژن بەشێکە لە پێکهاتەی ئەو ماڵەو وەکو کەلوپەلێك تەماشای کراوە. بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین ژن تەنیا لەلایەن هاوسەریەوە بەو شێوازە ناوی دەبرێت، ئەویش لەبەرئەوەی پیاو وای هەست کردووە ئەو ژنەی بووەتە هاوسەری ئیدی موڵکی ئەوە، بۆیە وەکو بەشێك لەپێکهاتەی ماڵەکەی زانیووە.

## ئەو پرسیارەی پێویستە پیاو لەخۆی بکات

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوەو ڕووبەڕووی هەموو ئێمەی پیاو دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، بۆچی تاکو ئێستا تەواوی پیاوان بە خوێندەوارو نەخوێندەوار و گەنج و بەتەمەن و تەنانەت خاوەن بڕوانامە بەرزەکانیشەوە، بگرە ئەو پیاوانەی داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنن کاتێك باسی هاوسەرەکانیان دەکەن بەبێ ئەوەی بیریان لێکردبێتەوە دەڵێن (ماڵەوە)؟! ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت هەریەکێك لەئێمەی پیاوان ئاراستەی خۆمانی بکەین و هەر خۆشمان دەبێت وەڵامی بدەینەوە.



منیش لێرەدا کۆتایی پێدەهێنم و درێژەی نادەمێ نەوەك (ماڵەوەمان) ببورن (جوان)ەی هاوسەرم گلەییم لێبکات و بڵێت :بۆچی ئەوەندە بەدیار کۆمپیوتەرەکەوە مایتەوە.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٩٩٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٨ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبووەتەوە.**

# منیش پارەم ئەوێ

لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەندێ داب و نەریت هەن جێگەی تێرامان و لێ وردبوونەوەو قسەلەسەرکردنن. رەنگە هەندێك نەریت بوونیان هەبێت لەکەم وڵاتی تردا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە ئەم نەریتانە یاخود هاوشێوەیان لەهەندێك وڵاتدا بوونیان هەیە بەتایبەتی لەوڵاتانی دواکەوتوو و ئەو وڵاتانەی کە هێشتا کۆت و بەندی بیری نێرسالاری و ئەقڵیەتی خێڵگەرایی لەگەردنیان ئاڵاوەو لێیان نەبووەتەوە. یەکێك لەو نەریتە نادروستەی هێشتا لەکۆمەڵگەی کوردیدا ماوە. ئەقڵیەت و بیری خۆبەخاوەنزانین و میراتگری مێینەکانی خێزان و خێڵ و عەشیرەتە لەلایەن نێرینەکانەوە.

دیارە خۆبەخاوەنزانینی مێینەکان لەکەم تەماشاکردن و بەکاڵازانینی مێینەوە هاتووەو خاوەن ئەو جۆرە ئەقڵیەتانە هیچ کات وایان هەست نەکردووە کەمێینەکان وەك نێرینەکان مرۆڤن و بەهەمان شێوەی ئەوان جیاوازییان نیە لەماف و ئازادی و ژیانکردندا.

هاوکات نەریتی خۆبەخاوەن زانینی مێینە لەکۆمەڵگەی کوردیدا چیرۆك و بەسەرهاتی سەرنج راکێش و نامۆی لێ کەوتووەتەوە کە رەنگە لەگەڵ هیچ یەکێك لەئاداب و رەوشتی مرۆڤایەتیدا یەك نەگرێتەوە. یەکێك لەو چیرۆکە سەرنج راکێشانەی لەئەنجامی نەریتی خۆبەخاوەنزانینی مێینەوە دروستبووە ئەوەیە هەندێ جارو لەهەندێ ناوچەدا کاتێك کچێك دەدرێت بەشوو لەلایەن کورە مامەکانی کچەکەوە داوای برێك پارە دەکرێت



لەبەرامبەر شووکردنی کچە ئامۆزاکەیان بەکەسێکی تر. پێویستە ئاماژە بەوەشبکرێت بەزۆری ئەو کچانە رووبەرووی ئەم گرفتە دەبنەوە لەلایەن ئامۆزاکوڕەکانیانەوە کە برا یان باوك یان هیچکامێکیان لەژیاندا نەماون. بۆیە وەك لەیاسای خێڵەکی و نێرسالاریدا باوە لەدوای نەمانی باوك و برا سەرپەرشتیکردنی کچ یان خێزانەکە دەکەوێتە دەست مام و کورەکانی.

دۆستێك بۆیگێرامەوەو وتی: کچێکی بێ باوك و برا خوازبێنیکاری دێت و پرۆسەی هاوسەرگیریەکەی دێتە سەر حازری. بەڵام یەکێك لە ئامۆزا کورەکانی پێی لێ کردووە بەکەوشاو بووە بە لەمپەرو رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی هاوسەرگری کچە مامەکەیداو تەنیا یەك مەرجیشی هەبووە بۆئەوەی واز لەو رێگریەی بهێنێت ئەویش وەرگرتنی برێکی زۆر پارەیە لەبەرامبەر شووکردنی کچە ئامۆزاکەی و ئەگەرنا بەهیچ شێوەیەك قایل نابێت کچە ئامۆزاکەی هاوسەرگری بکات و ئەبێت پرچی سپی بهۆنێتەوە.

لەراستیدا داواکاری ئەو کورە ئامۆزایەو رێگریکردن لەهاوسەرگیریکردنی کچە مامەکەی تا سەرئێسقان نارەواو نادروستەو کارێکی نامرۆڤانەیە، چونکە هیچ یاساو ئاین و نەریتێکی دروست رێگە بەم کارە نادات و نابێتە رێگرو کۆسپ لەبەردەم ئەو مافە سروشتی و رەوایەی کە لەکچێك زەوت دەکرێت کە ئەویش پێکهێنانی خێزان و هاوسەرگیرییەکی دروست و یاساییە.

دیارە ئەمەش دیسانەوە یەکێکە لەو ناهەقی و غەدرانەی کە بەبیانوویەکی بێ بنەماو نادروستەوە بەرامبەر ژنان و کچانی بێ پشت و پەناو لێقەماوی کۆمەڵگەکەمان دەکرێت لەپێناو برێك دەستکەوتی مادیدا ژیانیان لێ

ئەشێوێنین و ئایندەی ڕۆشنیان لێ تاریك ئەکەین و خەون و هیوای گەورەو جوانیان زیندەبەچاڵ ئەکەین و نائومێدیان ئەکەن.

لێرەدا شتێکم بەبیرهاتەوە، لەماوەی پێشوودا یەکێك لە کچە ئامۆزاکانم ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناو فریانەکەوتم داوای بڕێك پارە بکەم بۆخۆم . بۆ نا ؟ ئەگەر ئەم شێوە ئەقڵیەتە هەروا بمێنێتەوەو نەگۆڕێت دوور نیە ئەمجارەیان لەکاتی خوازبێنی کچە ئامۆزاکانم منیش داوای بڕێك پارە بکەم و کورد وتەنی "بەلاش و حەلاش بیخەمە تەنکەی گیرفانمەوە".

**ــ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٥٣١٣)ی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٤ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# پیرو خەڕۆبن پێکەوە

پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لەسەرەتاییترین ئەو کاروکردەوانەی مرۆڤ لەسەر زەویدا ئەنجامی داوە. ئەم پرۆسەیە بەپێی جیاوازی نەتەوەو ئاین و هۆزو جیاوازی کلتورەکان دەیانو سەدان شێوازو ڕێورەسمی جیاوازو تایبەتی لێکەوتووەتەوە، بەڵام خاڵێکی هاوبەش لەنێوان هەموویاندا هەیە ئەویش ئەوەیە هەموو پرۆسە هاوسەرگیرییەکان بریتیە لە دەستپێکردنی ژیانێکی تایبەت لەنێوان دوو مرۆڤی ڕەگەز جیاوازدا .

**تێروانینێکی نادروست**

بەهەر حاڵ ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە باسکردنە لەپرۆسەی هاوسەرگیری لەم کۆمەڵگەیەدا، بێگومان هەرکەسەو بەپێی تێڕوانینو بۆچوونو تێگەیشتنی خۆی دەڕوانێتە هاوسەرگیری، بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە زۆربەی خەڵك بەتایبەتی توێژی گەنجانو لاوان تێروانینێکی نادروستیان بۆ هاوسەرگیری هەیە. هەڵبەت کە دەڵێم گەنجان و لاوان دیارە ڕاستتروایە بڵێم ئەو گەنجو لاوانەی بەو قۆناغەدا تێنەپەریونو ژیانی هاوسەرگیرییان پێکنەهێناوە. هاوسەرگیری لای ئەو کەسانەی هێشتا بەو پرۆسەیەدا نەڕۆیشتوون بەشێوازێکی ترو بەخەونو ئایدیایەتی تر تێیدەڕوانرێتو تەماشا دەکرێت. لای زۆربەی گەنجان خەوێکی پەلکەزێرینەیی هەمەرەنگو باق وبریقە. دەکرێت بڵێین هاوسەرگیری لای هەندێك لەگەنجان گەیشتنە بەسەرچاوەی تێرکردنی حەزەکانو ئارامبونەوەو ڕزگاربوونە لەخەو و خەیاڵە ڕەنگاڵەکان. بەڵام

لەراستیدا دوای گەیشتن بەو ژیانەو ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەواقیعی پرۆسەی هاوسەرگیری تێدەگەیتو هەموو ئەو برواو بیروبۆچوونە هەڵانەشت بۆ ئاشكرادەبێت كە لەپێش ئەو پرۆسەیە لەلایەن خەڵكانێكەوە بەرگوێت دەكەوتن. ئاخر زۆرجار لەم كۆمەڵگەیەدا دەیان چیرۆكی سەیرو سەمەرەو هەندێك جاریش ترسێنەرو دەگمەنت بەرگوێ دەكەوێت كە بەبیستنیان كوڕ و كچ ترسێكیان لەلا دروست ئەبێت كە زۆرجار بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری دوودڵو رارات دەكەنو واتلێدەكەن لێی بسڵەمیتەوە.

**هونەرەو پێویستی بەهونەرمەندە**

منیش وەكو گەنجێكی ئەم كۆمەڵگەیە رەنگە پێشتر هەمان بیركردنەوەو بۆچوونی گەنجانی كۆمەڵگەو شارو گەرەك و كۆڵانەكەی خۆم هەبووبێت، بەڵام لەماوەی ئەم تەنیا یەكساڵەی هاوسەرگیرییەمدا زیاتر بۆم ئاشكرابوو كە ژیانی هاوسەرگیری ئەوەنیە كە هەندێك لەگەنجانو كەسانی بێئەزموون لەدوورەوە لێی دەروانن. بەڵكو هاوسەرگیری هونەرێكی گەورەیەو ئەو ژیانەش پێویستی بە هونەرمەندێكی كارامەو لێهاتووە. هاوسەرگیری گونجاندنو سەبرو لێكتێگەیشتنو هونەری چۆنێتی مامەڵەكردنە لەگەڵ تەواوی ئەو شتانەدا كە لەو ژیانەدا رووبەرووت دەبنەوە. لەهەمان كاتدا هاوسەرگیری هاوكاریو لێبوردنو لەخۆبوردنو خۆنەویستیو وردبینیو دەرونبینیو سۆزو بەزەییو تەباییە. وتەیەكی باو هەیە دەڵێت: هیچ كارێك بێ هەڵەو كەموری نابێت.بەڵام كەسی زیرەكو هۆشمەند ئەو



كەسەیە ئەزموونو سوودو پەند لەكەموكوریو هەڵەكان وەربگرێت تاكو رۆژانی ئایندەو ژیانی داهاتوی پێ جوانترو رازاوەتر و ئاسوودەتر بكات.

**با خۆیان بریار بدەن**

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا لەم كۆمەڵگەیەدا كەشوهەواو ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی وەها فەراهەمكراوە بۆئەوەی ئەو گەنجانەی دەچنە پرۆسەیەكی وەها گرنگەوە بەهەمان بیروبۆچوونی سەرەوە ژیانی ئاسایی خۆیان بەرێبكەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین بێگومان نەخێر. چونكە رۆژانە بەچاوی خۆمان دەبینینو بەگوێیەكانمان دەبیستین چەندین خێزان بەهۆی دەستخستنە ناو ژیانی تایبەتییانەوە لەلایەن كەسانی تری نزیكی وەك دایكو باوكو خوشكو براكانو هەندێكجاریش مامو خاڵو نەوەكانی ئەمانو تەنانەت هاوسێكانی كۆڵانەوە بەهۆی مقۆ مقۆو بۆ وابێ و بۆ وانەبێ و ئەمە واو ئەمە وانا، توشی گرفتو كێشەو نارەحەتی بوونەتەوەو وایانلێكراوە ژیانیان پربێت لەگرفتو ئاژاوەو رەنگە هەندێك جاریش ئەو خێزانەیان بەرەو هەڵدێرو دابرانو لێكهەڵوەشانەوە بردبێت. جا بۆئەوەی ژیان لەكەسانی تر تێكنەدەینو خێزانێك هەڵنەوەشێنینەوەو ژنو پیاوەكان بێوەژنو بێوەپیاو و منداڵەكانیان هەتیو نەخەینەوەو ماڵێكی ئاوەدان وێرانو كاول نەكەین، دایكانو باوكانو خەسوو و خەزوورەكان، براو خوشكانو دشو شووبراكان، مامو ئامۆژنو خاڵو خاڵۆژنو نەوەكانی ئەمان، هاوسێ ئازیزەكان، لێگەرێن با كور و بوكەكانتان ، كچو زاواكانتان، با كچانو

کورانی گەنجی هاوسێو گەرەکو شارو کۆمەڵگەکەمان بەئاسودەیی بژین‌و خۆیان بریار لەئیش‌وکارو چۆنێتی ژیان‌و چارەنوسی‌و خۆیان بدەن.
لێرەوە بەرلەوەی کۆتایی بەم نوسینە بێنم بە دەرفەتی دەزانم ستایشی ئەو دایك‌و باوکە بکەم کە ساڵانێکی زۆر لەئامێزی گەرم‌و پڕ لەسۆزی خۆیان پەروەردەیان کردم‌و لەخۆشی‌و ناخۆشی‌و ئێش‌و ئازاردا هاوخەمم بوون‌و منیان گەیاندە ئەمڕۆژەی ئێستام. جێی خۆشێتی پڕبەدڵ پرۆزبایی ساڵیادی هاوسەرگیریمان لەهاوسەرو خۆشەویستم (جوان) بکەم و هیوای تەندروستیەکی باش‌و دەرونێکی ئارام‌و ژیانێکی ئاسوودەو کامەران و بێ ئاریشە بۆ ئێمەو بۆ هەموو هاوسەرو بوك‌و زاوا تازەکان بخوازم و کورد وتەنی "خوای گەورە چاو و دڵمان بەکۆرپەیەکی جوانکیلە شادبکات و پیر و خەرۆ بین پێکەوە".

**ــ ئەم بابەتە لە ژمارەی (٥١٠٣ )ی ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٨ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بڵاوبوەتەوە.**



# ئەرێ منداڵتان نەبوو؟

لێم روون نییە ئاخۆ هەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە توشی ئەم دەردە ترسناکە بوون یان هاوڵاتیانی تری کۆمەڵگەو نەتەوەکانی تریش بەهەمان شێوە توشی ئەم دەردە کۆمەڵایەتیە ترسناکە بوون؟ هەروەك ئەوەش روون نیە ئاخۆ ئەم پەتا کۆمەڵایەتیە هەر لەسەرەتاوە سەرچاوەکەی لەناو ئەم کۆمەڵگەیەوە سەری هەڵداوە یاخود وەکو زۆر دەرد و پەتای تری کۆمەڵایەتی لە نەتەوەو کۆمەڵگەکانی ترەوە وەك دیاری بۆمان نێردراوەو بە سوود وەرگرتنیان لە سادەیی و بێ خەوشیمان داویانە بەسەرمانداو کورد وتەنی " تازە بووە بە ماڵ بەسەرمانەوە" .

**پەتاکە کامەیە؟**

ئەم پەتایە جیاواز لە پەتاو نەخۆشیە ترسناکەکانی تر، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندیەکی هەیە، زۆربەی ئەو کەسانەی توشی ئەم پەتایە بوون و گیرۆدەن بەدەستیەوە و کەسانی دەورووبەریان توش دەکەن یان نارەحەتیان دەکەن لە رەگەزی مێیەنەن. ئەمەش تاکە ڤایرۆسە کە تائێستا دۆزرابێتەوەو زۆرینەی توشبوانی لە رەگەزی مێ بێت. ئاکتیڤی و توانای بەهێزی تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە وایکردووە لەئێستادا رێژەیەکی زۆری پیاوانیش توشی بن و بەم دواییەش رێژەیەکی زۆری چینی خوێندەوارو خاوەن بروانامە بەرزەکانیشی گرتووەتەوە.
دوای ئەم پێشەکیە دوور و درێژە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم ڤایرۆسەتان پێ بناسێنین کە ئەویش ڤایرۆسی "فچولی"یە، کە بە

کوردیەکـــــەی کەســـــی توشـــــبوو خۆتێهەڵقورتێنــــە و پرســـــیار زۆر لەبەرامبەرەکەی دەکات و تەنانەت توشبووبە ڤایرۆسەکە دەیەوێت تەواوی کارو چالاکیە تایبەتەکانی کەسی بەرامبەری بزانێت چی و چین.

بێزارم لە پرسیاری خەڵك

لەمرۆژانەدا هاورێیەکم کە چەند مانگێکی کەمە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە بۆیگێرامـەوەو وتـی (زۆر بێـزارم بەدەسـت پرسـیاری خەڵکیـەوە). کـاتێ پرسیاری ئەو بێزاریەی خۆیم لێکرد وتی ( ئاخر بۆچی بێزار نەبم)؟ مەگەر لە ماڵەکانمان نەچینە دەرەوە دەرگا لـەخۆمان هەڵبچنین. خـەڵکی دەیانەوێت لە چرکە بە چرکەی ژیانت ئاگاداربن، تا ژیـانی هاوسـەریم پێـك نەهێنابوو هەراسانیان کردبووم دەیانوت بۆچی ژن ناهێنیت؟ ئێستاش یەك دوو مانگێکە ژیـانی هاوسـەریم پێکهێنـاوە دەڵێن منـداڵتان نـەبوو؟ ئـەوە بۆچـی منـداڵتان نـابێ؟ ئـاخر پیـاو چـۆن بێـزار نـابێ بەراسـتی ئەمــە نەخۆشیە" .

بەدڵنیاییـــەوە زۆربـــەمان رۆژانــە لەلایــەن خــزم و هــاورێ و کەســوکاری خۆمانـەوە بەشـێوەی ئـەم هاورێیــەم بێـزار دەکـرێین و گـیرۆدە دەبـین بەدەستیانەوە، تەنانەت کار وابروات دەبێت هەر یەکێك لەئێمە وتەبێـژێکی رەسمی تایبەت بەخۆمان هەبێت تاکو رۆژانـە دووجـار بـەیانیان و ئێـواران جموجۆڵی رۆژانەو تەنانەت گۆرانکاریە فسیۆلۆژیەکانی لاشـەی خۆمـان بـۆ دەرو دراوسێو خزم و دۆستان بخاتەروو و باسیان بکات.

**- ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٤٩٨٧)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**



# ئەقڵی خێڵو بنەماڵەچێتیو قەیرەبوونی کچان

دیاردەی قەیرەبونی کچان یەکێکە لـەو دیـاردە دیـارو بەرچـاوانەی کـە لەئێسـتادا لـەنێو کۆمـەڵگای کوردیـدا بـوونی هەیـەو بەرچـاودەکەوێت، بێگومـان کۆمـەڵێك فاکتــەر رۆڵو کاریگـەرییان لەبەرزبوونــەوەی رێـژەی قەیرەیی کچـان هەیـە. دیـارە کوردسـتانیش بـەهۆی ئـەو بـارە (سیاسـی، کۆمەڵایەتی)ەی پێیدا گوزەری کرد وایکـرد رێژەیـەکی زۆر لـە کـوران رێـی هەندەران بگرنە بـەر، لەلایـەکی تـرەوە بـاری گرانـی ئـابوری و نـەتوانینی دابینکردنـی بـژێوی ژیـانو نەرەخسـاندنی هــەلێکی گونجـاوی کـارکردن، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ زیادبوونی رێژەی کچانو قەیرەبوونیان.

تاکو ئێرە هەموو ئەمانەی باسکران کۆمەڵـە هۆکـارێکی سـەرەکین بـۆ بـە قەیرەکردنی کچانی کۆمـەڵگا، بـەڵام ئـەتوانین بڵـێین ئەوانـەی لەسـەرەوە باسـکران تاکـە هۆکـارنین بـۆ بەقـەیرەکردنی کچـان بـەڵکو رەنگـە چـەند هۆکارێکی تریش هەبن، بۆیە لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەبدەم بـەهۆکارێکی تـر کەوایکردووە رێژەی قەیرەبوونی کچان زیـاد بکـات، ئـەویش بیرکردنـەوەو ئەقڵی بنەماڵەیە.

هەرچـەندە کۆمەڵگـەی کـوردی لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا لـەرووی بـیرو هزرەوە گـۆرانو کراوەیـی بـەخۆوە بینیـووە، بـەڵام هێشـتا دواکـەوتوییو دۆگمایی لە ئەقڵی بنەماڵەو خێڵچێتی ماوەو بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت. کە م نین ئەو چیرۆكو بەسەرهاتانەی کە لەم لاپەرەیەو زۆرێك لە رۆژنامەو

گۆڤارەکانی تر بڵاودەکرێنەوە کە باس لەوە دەکەن دەیان کچو دڵدار هەڵی شووکردنو دروستکردنی خێزانیان هاتووەتە بەردەم، بەڵام لەبەر نەبوونی هاوخێڵێتیو هاوبنەماڵەیی، باوکانو براکان رێگەیان بە کچو خوشکەکانیان نەداوە ئەو هاوسەرێتیە پێکبهێنرێتو کچەکانیان ساڵانێکی دوورو درێژ بەدیار تەباخو خزمەتی خۆیانەوە داناوەو لەچاوەروانی شاسواری خەونەکانی بنەماڵەکەیدا کورد وتەنی "وەختە پرچی سپی دەهۆننەوە"، ئەمە چ بیرکردنەوەو هەستێکە کچانی خۆمان لەژووره ساردو تاریکەکانی ماڵە لە بەندینخانە چووەکانماندا دابنێینو حەزو جوانیو ناسکیو ویستەکانیان لەگۆر بنێین لەپێناو ئەوەی رووبەرووی تانەو رەخنەی هەندێك لەپیاوانی پیری قرخنی بنەماڵە نەبینەوە، ئەوەی جێی سەرنجو هەڵوەستە لەسەرکردنە زۆربەی ئەو پیاوانەی هێشتا وەها بیرکردنەوەیەکیان هەیەو سوورن لەسەری ئەوانەن کورد وتەنی"روو لە دینو لەسەر بەرماڵ دەنوون" بەڵام بێئاگان لەوەی ئەو کارانەیان پێچەوانەی رێنماییو ئامۆژگاریەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامنو ئەو کارانە تەنانەت لەچوارچێوەی ئەو ئاینەدا جێی نابێتەوە کە خۆیان بە پەیرەویکاری دەزانن. چونکە دەیان بەڵگە لەبەر دەستدان کە پێچەوانەی ئەو کارانەن کە لەدیارترینیان ئەوەیە کە لە ئایەتێکی قورئاندا ئاماژەکراوە بۆ ئەوەی کە "مرۆڤ لەچەند نەتەوەو هۆزو خێڵێك دروستکراوە بۆ ئەوەی یەکتر بناسنو لەتەك یەکتردا هەڵبکەن"، دیارە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێویستە نەتەوەو خێڵو بنەماڵەکان تێکەڵی یەکتر ببنو یەکێك لە باشترین



ئەو شتانەی تێکەڵبونو لێکنزیکبونەوە دروستدەکات ژن خواستنو ژن پێدانە بەخێڵو بنەماڵەکانی تر.

بۆیە لێرەدا ئەرکی مامۆستایانی ئاینییە لە وتارو ئامۆژگاریەکانیاندا بەوردی زیانەکانی ئەو بیرکردنەوە چەوتە دەستنیشان بکەنو ئەوە روونبکەنەوە ئەو کارانە چ زیانێك لە کۆمەڵگاکەمان دەدەن، جگە لەمەش پێویستە بە بەشداریو ئامادەبوونی رێژەیەکی زۆر لە پیاوان چەندین کۆرو سیمینار لەلایەن رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانو مامۆستایانی ئاینیەوە سازبکرێن بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەو گۆرانکاری لەبیرکردنەوەیاندا.

**ـ ئەم بابەتە لەرۆژنامەی بەدرخان بڵاوبووەتەوە.**

# ژنی سەلار

گومانی تێدانییە هەموو ئەو داب و نەریتانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەن هەموویان خراپ و زیان بەخش نین. هەروەکو ناشتوانین بڵێین هەموویان باش و سوودبەخشن. بەڵکو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دابەشی هەردوو لایەنەکە بوونە، باش و خراپ. نەریتە باشەکان پێویستە پارێزگارییان لێبکرێت و لەسوودی کۆمەڵگە درێژەیان هەبێت. نەریت و دابە خراپەکانی کۆمەڵگەش مایەی خۆشحاڵی نیەو پێویستە کاربکرێت بۆ نەهێشتن و گۆرانکاری کردن تیایاندا.

یەکێك لەو سروشتە خراپ و زەرەرمەندەی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە. بەکەم تەماشاکردن و جیاکردنەوەی مێینەیە لە نێرینەکانی کۆمەڵگە. هەڵبەت ئەم جیاوازیکردنەش کۆمەڵێك سروشت و بۆچوونی نامۆو خراپی لەدوای خۆی بەجێهێشتووەو بیرو هزری تاکەکانی کۆمەڵگەی داگیرکردووە. یەکێك لەو سروشت و بۆچوونە خراپەی کە لەمێشك و دەروونی کەسەکاندا چەسپاوە ئەوەیە کە کەسەکان پێیان وایە "ژن پێویستە سەلار و بێدەنگ و دەم داخراو و هێمن و داماو و کزۆڵەبێت".

**کچێکی بێدەنگە**

لەرابردوو و تەنانەت لەئێستاشدا، لەلایەن ژنان و پیاوانی کۆمەڵگەوە چەند پێوەرێك دانراوە تاکو پێوەری ژنی ئاقڵ و زەنگین و سەلاری پێبکرێت. ئەگەر هەر ژن و کچێکیش لەدەرەوەی ئەو پێوەرانەی ئەو خاوەن بیرە



دواکەوتووانە دایانناوە، رەفتارو گوفتار بکات، ئەوا نەك هەر ژنێکی سەلار نیە، بەڵکو ژنێکی لاسارو لادەرو دەرچوو و بێ شەرم و بێ ئابروو و نەخوازراوە. زۆرجار لەناو خێزانەکاندا گوێمان لێ بووە کاتێك گەنجێك ویستبێتی ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنێت، لەلایەن چەندین کەسی ناو خێزانەکەی و خزمەکانیەوە ناونیشانی چەند کچێکی پێدراوەو ئاماژەیان بەوەکردووە ئەو کچەی ئەمان بۆیان دۆزیوەتەوە کچێکی سەلارو بێدەنگەو هەر ئەڵێ ی مەری خوایە. هەڵسەنگاندن و پێوەرەکان لەسەر بێدەنگ بوونی کچەکە بووە. ئیتر ئەو کچە هەتا بێدەنگترو ملکەچتر بووبێت ئەوا زیاتر بەشان و باڵیدا هەڵدراوەو زیاتر لەهاوتەمەنەکانی خۆی بەسەلارترو زەنگینتر ناسێنراوە. ئەمەیە هەڵەی گەورە، ئاخر بێدەنگی و سەرکزی و کزۆڵەیی و داماوی کەی نیشانەی باشبوون و چاکێتی کەسەکانە؟.رەنگە لەهەندێك وێستگەو ساتی ژیاندا بەپێی هەلومەرجی ژیان و گونجاوی شوێن بێدەنگبوون و قسەنەکردن کارێکی باش و گونجاو بێت. بەڵام ئەمە ناکاتەی ئەوەی ئیتر ئەم پێوەرە بەتەنها بەسەر رەگەزی مێینەدا بچەسپێت و سەرتاپای ژیانیان بگرێتەوە.

بۆیە کارێکی هەڵەو بۆچوونێکی نادروستە کە وابزانرێت باشی و چاکی و سەلاری ژنان لە بێدەنگییاندایە. بەڵکو زۆر سیفەت و کاری تر هەن کە پێویستە لە مرۆڤدا هەبێت تاکو بکرێت بەپێوەر بۆ باشی و چاکێتی.

**مەبەستێکی لەپشتەوەیە**

خۆی لەخۆیدا بوونی بۆچوونی لەو شێوەیە مەبەستێکی لەپشتەوەیە، ئەویش بۆ ئەوەیە کە هەمیشە ژنان و مێینەکان لەلایەنە پیاوانەوە جڵەو

بکرێن. ئەویش بەوەی چەند سیفەتێك بۆ ژنان بکرێتە پێوەر بۆ ئاست و ڕێژەی باشبوون ئەویش بێدەنگبوونە.

نێرینەکانی کۆمەڵگە دەیان ڕێگەیان گرتووەتەبەر تاکو مێینەکان بەباشترین شێوە جڵەو بکەن. یەکێك لەو ڕێگایانە دەستەواژەی "ژنی سەلار"ە بەپێوەری بێدەنگبوون. ئەمەش ناهەقی و غەدرێکی گەورەیە لەژنان دەکرێت کە پێویستە بێدەنگ و دەم داخراو بن تاکو پێیان بوترێت باش. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ژنێك بێدەنگ نەبێت و بەهەمان نەفەس و شێوەی پیاوان لەسەر مافەکانی خۆی بێتە وەڵام و لەهەموو ئەرك و کارو پرسەکانی ژیاندا. قسەو بۆچوونی خۆی هەبێت، ئەوا بە ژنێکی لاسارو بێ شەرم و بێ ئابرو دەناسێنرێت و هەمیشە نیشانەی پرسیاری لەبەردەمدا دادەنرێت.

بۆیە چیتر ناکرێت باشی و خراپییەکانی ژنان و کچان پابەند بکرێت بە زمانیانەوەو ژنی باش ئەو ژنەبێت کە بێدەنگ و گوێرایەڵی پیاوانەو ژنی خراپیش ئەو ژنانەن کە قسەیان هەیەو لەئاست هەق و مافی خۆیان و پەیوەندیدار بە ژیانیانەوە دێنەگۆو قسەی خۆیان دەکەن.

**ـ ئەم بابەتە لە ژمارەی ( ٥٥١٧)ی ڕۆژی ٢٠١١/٦/٢٨ ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوەتەوە.**

## پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ژن و وەفا، دووانەیەکی لەیەك دانەبڕاو | ١٩ |
| ئەو ژنانەی پشت و پەنامان بوون | ٢٢ |
| لێم ببورە خوشکە تاقانەکەم | ٢٥ |
| ژن و ژیانی گوندنشین | ٢٩ |
| جارێکی تر فرەژنیی | ٣٢ |
| ئەو پیاوەی ژنەکەی لێی نەترسێت پیاونییە | ٣٥ |
| پورە نوختە، رەمزێك بۆ قوربانیدان | ٣٧ |
| کامیان هەڵدەبژێری پیرۆزت بێت | ٤٠ |
| ژن ناحاڵیە، تێناگات | ٤٣ |
| کوڕ و شوانی کچان | ٤٥ |
| با لەخۆمانەوە دەستپێبکەین | ٤٨ |
| کچەکەی تریشی لە خوێندن دەرکرد | ٥١ |
| لەنەخۆشخانەکاندا ناهەقی بەرامبەر بەڕەگەزی مێینە دەکرێت | ٥٣ |
| ژنی کورد کاری ڕێکخستنی پێناکرێت | ٥٦ |
| کێ بەرپرسە لە ڕێگریکردن لەم شێوە توندوتیژیانەی | |
| بەرامبەر بە ژنان دەکرێت؟ | ٥٩ |
| پیاوانیش پێویستیان بە هۆشیار کردنەوەیە | ٦٣ |
| ئەو جیاوازییانەی لەنێوان کچ و کوڕدا دەکرێت | ٦٥ |
| پیاو بۆ وای لێهاتووە | ٦٨ |





| | |
|---|---|
| خەسووسالاریی | ٧١ |
| خۆزگە کچ نەبوومایە | ٧٥ |
| دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی کارکردنی ژنان بەڵام | |
| سەخت و دژوار! ! | ٧٨ |
| "ژمارە مۆبایلی پەنجا کچم لە لایە" | ٨٠ |
| نابێ بەتەنیا بچنەدەرەوە؟! | ٨٤ |
| ژن لەچی کەمە؟ هەر ئەوەی ماوە شەو نەیەتەوە ! | ٨٦ |
| سەرژنانی | ٨٩ |
| پەندەکان و ژنی کورد | ٩٢ |
| کچ، خەمە گەورەکەی خێزان | ٩٦ |
| کچ خوێندنی بۆچییە؟ | ٩٨ |
| کچانیش خەتایان هەیە | ١٠٠ |
| ١٠٠ کلکە خاکەناس | ١٠٤ |
| ماڵەوەمان نەخۆشە | ١٠٧ |
| منیش پارەم ئەوێ | ١١١ |
| پیروخەڕۆبن پێکەوە | ١١٤ |
| ئەرێ منداڵتان نەبوو؟ | ١١٨ |
| ئەقڵی خێڵ و بنەماڵەچێتیو قەیرەبوونی کچان | ١٢٠ |
| ژنی سەلار | ١٢٣ |